# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

ژماره ٦٢٥

سێشەممە

١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٢

٤ی فێوریەی ٢٠١٤

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com


■ دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا ■

### وڵامدانەوەی کانوونی نووسەرانی کوردستان بە فەرهەنگستانی زمانی فارسی

کانوونی نووسەرانی کوردستان بە ڕاگەیاندراوێک وەڵامی هەڵوێستی فەرهەنگستانی زمانی فارسی لە هەمبەر زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی دایەوە. لە بەشێک لەو بەیاننامەیەدا سەبارەت بە هەڵوێستی فەرهەنگستانی زمانی فارسی دەڵێ «ئەم هەڵوێستە هەڵقوڵاوی بیری کاربەدەستانی ئەمنییەتی ئاشکرا دەکا، نەک هەڵوێستی زمانناسان.» لە بەشێکی دیکەی ئەم بەیاننامەیەدا هاتوە : «سەیرەکە لەوە دایە پاش تێپەڕینی ٣٣ ساڵ بەسەر پەسندکردنی دەستووری بنەڕەتیی ئێراندا، دەوڵەت دەیەوێ ماددەیەکی قانوونی جێبەجێ بکا، کە تێیدا ئاماژە بە کەمترین مافی گەلانی ئێران کراوە، کەچی لە لایەن ناوەندێکی کلتووریی وەکوو فەرهەنگستانی زمانەوە دژایەتی دەکرێ. ئەم بڕیارە فەرهەنگستانی زمانی فارسی، بۆ ئەوە نابێ کە بەسەریدا تێپەڕ بین، چونکە بەڕاستی بۆنی ڕەگەزپەرەستییەکی مەترسیداری لێوە دێ.

کانوونی نووسەرانی کوردستان، کە مەکۆی پیشەیی بەشی هەرە زۆری نووسەرانی کوردستان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتە.

# سەرکوتی زمانی نەتەوە بندەستەکان، مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی ئێران نەک خویندن بەو زمانانە!




لێدوانەکانی کاربەدەستانی فەرهەنگستانی زمانی فارسی لە بارەی ویستی خوێندن بە زمانە نافارسییەکان، نارەزایەتیی کەسایەتییەکانو چالاکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی لێدەکەوێتەوە.

ویستی خوێندن بە زمانی زگماکی لە ڕەوتی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریدا، بەرەورووی حەسەن ڕووحانی کرایەوەو ناوبراو لە بەیاننامەیەکدا بەڵێنی دا ئەگەر ببێتە سەرکۆمار، ئاوڕ لەم پرسە بداتەوەو هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی هەڵ بگرێ. لە چەند مانگی رابردووشدا ئەم پرسە لە ڕۆژەڤ دابووەو دەوڵەتی ڕووحانی لە لایەن چالاکانو کۆڕوکۆمەڵە فەرهەنگییەکانی ئەو نەتەوانە بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەڵێنانە لە ژێر گوشاردا بووە. بەرپرسانو دەمڕاستەکانی فەرهەنگستانی زمانی فارسی وەک دروستکردنی کۆسپ لە سەر ڕێی ئەو بەڵێنو چاوەڕوانییانە، خویندن بە زمانە نافارسییەکانیان بە بەزاندنی هێڵی سوور و دروستکردنی مەترسی بۆ سەر ئاسایشی وڵات ناوبردو ئەم داوایەیان بە پیلانی بێگانە لە قەلەم دا. ئەم لێدوانانە لە گەڵ نارەزایەتیی کەسایەتییەفەرهەنگییەکان، نووسەرانو ڕووناکبیران، کۆمەلە کولتوورییەکان، ژمارەیەک لە نوێنەرانی مەجلیس، و سەرجەم داواکارانی خوێندن بەو زمانانە بەرەورووبن. بە وتەی زۆر لە داواکارانی خوێندن بە زمانی نەتەوە بندەستەکان، ئەوە سەرکوتی ئەو زمانانەیە کە مەترسی بۆ سەر یەکپارچەیی‌و ئاسایشی ئێران دروست دەکا نەک بەفەرمی ناسینو خویندن بەو زمانانە.

## شۆڕشێکی دزراو، شۆڕشێکی ناکام!

قادر وریا

لە ٢٢ ڕێبەندانی ئەمساڵدا، شۆڕشی ڕێبەندانی١٣٥٧ی خەلکی ئێران پێ دەنێتە ٣٥ ساڵەی سەرکەوتنی خۆی. ئەم بۆنەیە دەتوانێ دەرفەتێک بێ بۆ خوێندنەوەیەکی دووبارە بۆ ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی گرنگ لە وڵاتی ئێران کە ٣٥ ساڵ لەمەوبەر ڕووی‌دا. ئاڵوگۆڕێک کە سەرەرای گەورەییەکەی لە زۆر ڕووەوە، هەم وەک «شۆڕش» سەیرکردنەکەی، جیگای هەڵوێستە لەسەر کردنە، هەم بە سەرکەوتوو ناوبردنەکەی!

ڕاپەڕینێکی جەماوەریی گەورەو سەرانسەریی خەڵکی ئێران کە لە ٢٢ی ڕیبەندان‌دا تەختو بەختی نیزامی ٢٥٠٠ساڵەی شایەتی تێکەوە پێچاو کۆتایی بە ٥٠ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی بنەماڵەی پەهلەوی هێنا، درێژەو چلەپۆپەی شۆڕشێک بوو کە نزیکەی ساڵێک بوولە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی وەڕێ کەوتبوو. چ لە ڕووی بەشداریی زۆربەی چینو توێژەکانی کۆمەڵو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی ئێران لەم حەرەکەتەدا، چ بە سەرنجدان بە جێبەجێکردنی یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی، کە لابردنی نیزامی سیاسیی وڵات بوو، ئەوەی ساڵی ١٣٥٧لە ئێران‌دا ڕووی‌دا، شۆڕش بوو. لە ئاکامی سەرکەوتنی ئەو حەرەکەتە سەرانسەری‌و گشتگیرە دا، ڕێژیمی سیاسیی وڵات گۆڕا و لە گەڵ گۆڕانی ئەو ڕێژیمەش‌دا، جێگەو پێگەی وڵاتی ئێران لە ناوچەو جیهان‌و، پێوەندییەکانی ئێرانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە گەڵ وڵاتانی جیهانو نیزامە دوو جەمسەرییەکەی ئەو کات، گۆڕانی گەورەیان بە سەر داهات.

بەڵام ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕە مێژووییە، ئەگەر لە ڕوانگەی لابردنو گۆڕینی ڕێژیمێکی سیاسی لە ڕێگای بەسیجی بە میلیۆنان خەڵکی وڵاتەوە شۆڕشێکی سەرکەوتوو بوو، لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، شۆڕشێکی ناکامو نیوەچڵ بوو. ئەگەر چی لە هاوینو پاییزو زستانی ١٣٥٧ دا، دەنگو دروشمی خومەینی‌و لایەنگرانی بەرە بەرە ڕەسەر هەموو دەنگو دروشمەکان کەوتو شۆڕشەکە سیمای مەزهەبی‌و ئیسلامیی بە خۆوە گرت، بەڵام داوای «پێکهاتنی کۆماری ئیسلامی»و «دەسەڵاتێکی مەزهەبی»، ویستو ئامانجی زۆر لە حیزبو ڕێکخراو و کەسایەتییە کانی بەشداری ئەو شۆڕشە نەبوو. لە ڕاستی‌دا ئەوە نەمانی»دیکتاتۆری»و»بەستراوەیی بە ئەمریکا»، گەیشتن بە «دیموکراسی‌و ئازادیی سیاسی»و نەهێشتنی «ستەمو نابەرابەری‌و چەوسانەوە لە بواری جۆراوجۆردا» بوو، کە ساڵانێکی زۆر بوو خەباتکارانو تێکۆشەرانی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران بە دیموکراتو چەپو نەتەوەییەوە، خەباتیان بۆ دەکردو لە پێناویان‌دا بەرەوڕووی ئێعدامو زیندان ببوونەوە، یا لە سەریان تووشی دەربەدەری هاتبوون.

ل ٢



٦ کاریگەریی دەروونی‌و زەینی کۆمار لەسەر کۆمەڵگەو تاکی کورد


٦ خوێندن بە زمانی زگماکی‌و هەڵوێستەیەک


٧ لێکدانەوەیەک بۆ وتاری ساڵانەی ئۆباما لە گۆنگرەی ئەمریکا لەبارەی ئێران


٩ حیزبە سێکۆلارەکانی کوردستانو ئایینەکان


٩ باوکی مافی مروڤی کوردستان و ٢ی ڕێبەندان






دیاریی ٣٥ ساڵی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵکی ئێران!!!

## بەشداریی هەیئەتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنفرانسی لاوانی چوارپارچەی کوردستان

هەیئەتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنفرانسی لاوانی چوارپارچەی کوردستاندا بەشدار بوو کە بە مەبەستی پشتگیری لە ئیدارەی خۆبەڕێوەبەری ڕۆژئاوای کوردستان ڕێک خرابوو. لەو کۆنفرانسەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٩ی ڕێبەندان بە بەشداریی ٣٠ ڕێکخراوەی تایبەت بە لاوان‌و بە میوانداریی ڕێکخراوی «ئازادی لاوانی کوردستان»و، بە دروشمی « ئیدارەی سەربەخۆی ڕۆژئاوای کوردستان، سەنبولی نەتەوەییمانە، ئەیپارێزین» لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، بە قسەلانی مەلا بەختیار، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان کرایەوە. لەو کۆنفرانسەدا دوای پەیامی گەنجانی PYD ، پەیامی یەکیەتیی لاوان لەلایەن سامان فەقێ نەبی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بە ئامادەبووان کرا. لەو پەیامەدا وێڕای پیرۆزبایی بە بۆنەی ڕاگەیاندنی دامەزرانی کانتۆنەکانی جەزیرە، عەفرین و کۆبانی، داوا لە سەرجەم لایەنەکانی ڕۆژئاوا کرابوو کە بە یەکگرتوویی خۆیان ئەم هەلە زێڕینە بقۆزنەوەو مۆدێلێکی سەرکەوتوو بۆ تەواوەتی وڵاتی سووریە پێشکەش بکەن‌و بیکەن بە نەخشە ڕێگایەک بۆ کۆتایی هێنان بە تراژدیای دڵهەژێنی سوریا. لە بەشی دووهەمی کۆنفرانس‌دا، بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆنفرانس پاش چەند کاتژمێر باس‌و ڕاوێژ بە دەنگی زۆرینەی ڕێکخراوەکان پەسەند کرا.

## کۆبوونەوەی دوو شاندی کۆمەڵەو دێمۆکڕات لە سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان



دوو هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەگەڵ بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر چەند پرسێکی تایبەت بە ئێران‌و کوردستان، جەختیان لە سەر هاوکاری‌و هاوهەڵوێستیی نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٥ ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی هەیئەتێکی ڕێبەریی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی عەبدوڵلا موهتەدی، سکرتێری گشتیی کۆمەڵە سەردانی بنکەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو، لەلایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرەستی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتەوە پێشوازییان لێکرا.

لە سەرەتای ئەم دیدارەدا هەردوولا لە پێوەندی لە گەڵ چەند پرسێکی تایبەت بە ئێران، پەروەندەی ناوکیی ئێران‌و ڕێکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە گەڵ ڕۆژاوا، عەمەلکەردی دەوڵەتی رووحانی لە چەند مانگی ڕابردووداو هەروەها بارودۆخی سیاسیی کوردستان بیروڕایان گۆڕییەوە.

لە درێژەی ئەم دیدارەدا هەردوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە ئاوڕدانەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە گرژی‌و ئاڵۆزییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاسەواری نەرێنیی لێکترازانەکانی چەند ساڵی رابردووی هێزە سیاسییەکان، باسیان لە هەنگاونانی جیدی بۆ لێک نزیک بوونەوە و هاوکاریی نێوانیان کرد.

هەر لەم پێوەندییەدا هەردوو هەیئەتی ناوبراو چەند هەوڵێکیان بۆ هەنگاونان بەرەو داهاتوویەکی هیوابەخش دەسنیشان کردو ساغبوونەوە کە لە داهاتوویەکی نزیکدا لە پێناو کارو هەڵوێستی هاوبەشدا چەند هەنگاوێک باوێن.

## بەڕێوەچوونی سیمینارێک بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان لە قەڵادزێ





بۆ بەرزراگرتنی شەست‌و هەشتەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان، کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە یارمەتیی کۆمیتەی پشدەر و بتوێنی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب، دوانیوەڕۆی سێشەممە ١ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ (٢١ ژانویەی ٢٠١٤)، سیمینارێکی لە شاری قەڵادزێی باشووری کوردستان بەڕێوە برد.

ئەو سیمینارە کە بەبەشداریی نزیک بە ٤٠٠ کەس لە ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب لەو دەڤەرەو، هەروەها نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان‌و دۆستانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو، بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای رزگاریی کوردو کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان سۆران نووری بەڕێوەبەری سیمینارەکە لەلایەن کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبەوە وێڕای پیرۆزبایی جەژنی دووی ڕێبەندان، بەخێرهاتنی بەشدارانی کردو دوای کورتە ناساندێکی ئاسۆ حەسەن زادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و مامۆستای زانکۆ، دەسپێکی سمینارەکەی ڕاگەیاند.

ئاسۆی حەسەن زادە بابەتی باسەکەی لەژێر سەردێری « باسێک لەسەر کۆماری کوردستان‌و ناسیۆنالیزمی کوردی« بۆ هەڵسەنگاندنی جێگەو پێگە و کاریگەرییەکانی کۆماری کوردستان لەسەر بزاڤی نەتەوایەتیی کورد لە سەردەمی نوێدا تەرخان کردبوو.

ناوبراو سەرەتا وێڕای شیکردنەوەی چوارچێوەی باسەکەی، ئیشارەی بەوە کرد کۆماری کوردستان لەگەڵ ئەوەدا کە درێژەدەر و میراتگری بزوتنەوە نەتەوایەتییە کوردییەکانی پێش خۆی بوو، بەمانای دابڕانێکیش بوو لەگەڵ هێندێک لە ڕەهەندو تایبەتمەندییە سوننەتییەکانی بزووتنەوەکانی پێش خۆی لەپێناوی دامەزراندنی قەوارەیەکی حوکمڕانیی مۆدێرن کە بنەماکەی شوناسخوازییەکی دەربازبوو لە ئینتما بچووکترەکان بوو. بە باوەڕی دوکتور ئاسۆ حەسەن‌زادە بەڵام ئەو دابڕانە دابڕانێکی هەڵسەنگێندراو و واقعبینانە بوو، چ لەبەر ئەوە کە پێکهاتەی مۆدێرنی کۆمار لەسەر بەستێنێکی سوننەتی دامەزرابوو و چ لەبەر پێویستییەکانی پەرەپێدان و پاراستنی حاکمیەتی کۆمار، ڕێبەرانی حیزبی دێموکڕات و بەڕێوەبەرانی کۆمار ناچار بوون تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە هەمان ئەو پێوەندییە سوننەتییانەی نێو کۆمەڵگای کوردەواریی ئەو سەردەمە ببەستن بەبێ ئەوەی لە ماهیەتی و خەونی پێشکەوتنخوازانەی کۆمار کەم بکەنەوە.

ئاسۆی حەسەن زادە ئینجا وێڕای ئاماژە بە خیسڵەتە هاوچەرخەکانی ناسیۆنالیزمی کورد، هەوڵی دا ڕەگ‌و ڕیشەو سەرچاوەی تۆکمە بوونەوەو نەهادینە بوونی ئەو خیسڵەتانە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا بدۆزێتەوە. ئەو تەوەرانەی لەو پێوەندییەدا ئاماژەیان پێ کرا بریتی بوون لە، ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمەی کۆمەڵگای کوردستان‌و ڕەنگدانەوەی لە سیاسەتەکانی کۆماری کوردستان وەک حکومەتێکی پێشکەوتنخواز، بە بنەما گرتنی سیستماتیکی زمان و ناسنامەی کورد بۆ بنیاتنانی سەروەریی نەتەوەیی کورد، کاریگەریی کۆماری کوردستان لەسەر هاوپێوەندیی نەتەوەیی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان‌و جیاوازیی باری نوێی ئەم هاوپێوەندییە لەگەڵ هاوپێوەندیی یان گرژی پێوەندییەکانی میرنشینی و دەسەڵاتە کوردییەکانی پێشتر، کەرەسەکانی چەسپاندنی دەسەڵاتی کوردی بەتایبەتی دروستکردنی نوخبەی بەڕێوەبەری و هەوڵی بە موئەسەساتی کردنی حوکمڕانیی کوردی و سەرچاوەی ئابووری و پێوەندیی دەرەکی و لەشکری میللی و هێماکانی دیکەی سەروەری‌و، هتد.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەی دا ئاسۆی حەسەن زادە ئاماژەی بەو جیاوازییانە لە خوێندنەوەی ئامانجە سیاسییەکانی کۆماری کوردستان کرد کە مێژوونووسانی بیانی و ڕووناکبیرانی کوردی دابەش کردووە. ناوبراو لێرەدا ئاماژەی بە زۆربەی ئەو فاکتەرانە کرد کە چ وەک نیشانەیەکی سەربەخۆیی خوازیی کۆماری کوردستان و چ وەک نیشانەیەکی خودموختاریی خوازیی کۆماری کوردستان لێک دراونەوە. ئەو لەو پێوەندییەدا لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو نالێکییە لە خوێندنەوەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستاندا نالێکییەکی ناڕەوایە و بە وردبوونەوە لە هەموو ڕەهەند و قۆناغەکانی شکڵ گرتن و پەرەئەستاندن و لاوازبوون و ڕووخانی کۆماری کوردستان دەتوانین لەو پێوەندییەدا بە سەنتێزێک بگەین و هەق نیە خوێندنەوە جیا جیاکانمان لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بۆ شەرعیەت بەخشین بە ئامانجە سیاسییەکانی ڕۆژ بەکاربەرین و پێویستە کۆمار و خوێندنەوەمان لە کۆمار فاکتەری یەکخەرەوە و ئینسجامبەخشی ناسیۆنالیزمی پارچە پارچە بووی کورد بێ، نەک فاکتەرێک بۆ نالێکی و مەودای زیاتری نێوان ئەکتەر و لایەنەکانی ئەو مەیدانە.

لە دوایین بەشی باسەکەیدا ئاسۆی حەسەن زادە کۆمەڵێک ڕەهەند و خیسڵەتی تری کۆماری کوردستانی شی کردەوە کە بریتی بوون لە روخسار و کارکردی مەدەنییانەی کۆماری کوردستان و لاوازیی بوعدە نیزامییەکەی، ڕەفتاری کۆمار لە بەستێنی پێوەندییە دەرەکییەکانیدا چ لەگەڵ کۆماری ئازەربایجان و چ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی و زلهێزەکان، خیسڵەتی دێموکراتیک و مرۆڤدۆستانە و ئاشتیخوازانە و نائیدئۆلۆژیکی کۆمار و هەروەها هەوڵەکانی کۆمار لە بواری بووژاندنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵگادا. ناوبراو وێڕای پێداگری لەسەر ئەوە کە پێویستە کۆماری کوردستان وەک بووەو بە هەموو ئاڵۆزییەکەیەوە و نەک لە خانەی داخراوی تاقە روانگە یان فۆرموولێکدا ببینرێ، فێربوون و دەرس وەرگرتنی هەرچی زیاتر لە ماهیەت و کارکردی کۆماری کوردستانی بە یەکێک لە ڕێگاکانی پێشخستنی هۆشیاری و بزاڤی نەتەوەیی کورد لە سەردەمی ئەمڕۆدا لە قەڵەم دا.

پاش پێشکەشکرانی باسەکەی ئاسۆی حەسەن زادە، ناوی ئەو لایەنانە خوێندرانەوە کە پەیامیان بۆ ئەم یادە ناردبوو کە بریتی بوون لە :

مەڵبەندی ڕێکخستنی ٢٤ ی ڕاپەڕینی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، لقی ١١ ی پارتی دێموکڕاتی کوردستان، پارتی دێموکڕاتی کوردستان لێژنەی ناوچەی ڕاپەڕین، لقی پشدەری پارتی پارێزگارانی کوردستان، مودیرییەتی مافی مرۆڤی ڕانیەو پشدەر، کۆمەڵەی شەهیدانی ڕاپەڕین، کومیتەی ژنانی پشدەر، لقی پشدەری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان.

ئینجا نۆرە درا بە بەشداران هەتا لەپێوەندی لەگەڵ بابەتی سیمینارەکەو پرسە سیاسییەکانی ڕۆژ و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پرسیار و تێبینیەکانی خۆیان بخەنەڕوو کە لەلایەن هەر یەک لە قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و، ئاسۆی حەسەن زادە وە وڵامی پێویستیان درایەوە.

جێی ئاماژە پێکردنە کە قادر وریا لە وڵام و ڕوونکردنەوەکانی خۆیدا تیشکێکی تایبەتیی خستە سەر ڕوانگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەپێوەندی لەگەڵ یەکخستنی گوتارو هەنگاوی هێزە کوردییەکان بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و پرسی هاوپێوەندیی نێوان کوردی پارچە جۆربەجۆرەکانی کوردستان و هەروەها باری ئەمڕۆی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

درێژەی:

## شۆڕشێکی دزراو، شۆڕشێکی ناکام!

شۆڕشی ١٣٥٧ی ئێران، وەدیهاتنی ئەو ئاوات‌و ئامانجانەی لێنەکەوتەوە کە هێزو ڕێکخراو و کەسایەتییە چەپ، دیموکرات‌و پێشکەوتنخوازو نەتەوەییەکان‌و زۆر لە خەڵکی لە دیکتاتۆری‌و ستەم وەزاڵە هاتووی ئێران، دەیان ساڵ بوو خەباتیان لە پێناودا کردبوون. نەک هەر ئەو ئاواتانە وەدینەهاتن بەڵکوو هێندێک لەو ماف‌و ئازادییە تاکەکەسییانەش کە خەڵک لە سەردەمی ڕێژیمی شایەتی‌دا، بە دەستیان هێنابوون، لێیان ئەستێندرایەوە. لە ئاکامی بەلاڕێدابرانی شۆڕشەکەو دەستبەسەرداگیرانی دەسکەوتەکانی لە لایەن ئاخوندە بەدەسەڵاتگەیشتووەکانەوە، دیکتاتۆرییەکی چەند قات خراپتر لە ڕێژیمی شایەتی بە ناوەرۆکێکی مەزهەبییەوە لە ئێران هاتە سەر کار. ئەو دیکتاتۆرییەو ئەو سیستەمە دژی ئازادییە کە ناوی «کۆمار»یشی لە سەر خۆی دانا، بووە دەسپێکی یەک لە ڕەشترین‌و تاڵترین سەردەمەکانی مێژووی ئێران. سەردەمێک کە بە حەق دەکرێ بە سەردەمی گەڕانەوە بۆ یاساو ڕێوشوێنەکانی سەدەکانی نێوەڕاست، سەردەمی تاوانی بێسنوورو بێژمار دژی خەلک بە گشتی‌و بە تایبەتی بەرهەڵستکاران، جیابیران‌و ناڕازییان، ناوی بەرین. سەردەمێک کە خەڵکی ئێران سەرەڕای بەرەوڕووبوون لە گەڵ زەبر و زەنگو توندوتیژیی دەسەڵاتێکی فاشیستی‌و کۆنەپەرست، هەر لە ئاکامی سیاسەتەکانی ڕێژیمی هەڵقوڵاو لە هەناوی ئەو شۆڕشە بەلاڕێدابراوەوە، تووشی شەڕو گوشارو گەمارۆی دەرەکییش بوونەوە.

ڕوانینێک لە سیمای دڵتەزێنی ئەمڕۆی کۆمەڵ‌و وڵاتی ئێران و بارودۆخی ژیانی خەڵکەکەی، پێمان دەڵێ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەک میراتگری شۆڕشی ١٣٥٧ و دەستبەسەرداگری دەسکەوتەکانی، لە زۆربەی بوارەکان دا، وڵاتی ئێرانی نەک هەر بەرەوپێش نەبردوە بەڵکوو چەندین ساڵ بۆ دواوەی گێڕاوەتەوە. بەڵام لە گەڵ ئەو هەمووە نەهامەتی و ڕۆژرەشییەش دا کە ئەم ڕێژیمە لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و دەروونی‌دا بۆ خەڵکی ئێرانی بەرهەم هێناوەو سەرەڕای لە نێوبردن‌و سەرکوتی بێپسانەوەی ئازادیخوازان‌و خەباتگێران، خەڵکی ئێران ئامانجە ئەسڵییەکانی شۆڕشە دزراوەکەی خۆیان لە بیرنەبردوەتەوە. بوونی بزووتنەوە سیاسی‌و کۆمەلایەتییە جۆراوجۆرەکان‌و سەرهەڵدان‌و پەرەگرتنی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازی لە ئێران لەم دوو دەیەی دواییدا، ئەگەر لە لایەکەوە دەکرێ وەک پەنابردنی هێزە سیاسییەکان‌و خەڵک بۆ شێوازی نەرم‌وهێمنانەی خەبات‌و هەوڵدان بۆ ئالوگۆڕی بەرەبەرەی سیاسی لە جیاتی گۆڕینی خێراو بنەڕەتی‌و شۆرشگێرانە لێک بدرێتەوە، لە لایەکی دیکەوە، دەتوانین وەک پێداگری‌و بەردەوامی لە سەر ئەوئامانجانە بیانخوێنینەوە کە مێژووەکەیان بۆ شۆڕشی ١٣٥٧و تەنانەت چەندین دەیە پێشتریش دەگەڕێتەوە. ئەو ئامانجانە شەبەنگێکیان دروست کردوە کە ویست‌و داخوازی جۆراوجۆری لەخۆ گرتوون. لەپێویستیی سەربەخۆیی سیاسیی وڵات شانبەشانی هەبوونی پێوەندییەکی بەرین لە گەڵ دنیای ئەمڕۆ هەتا دەگاتە داوای نیزامێکی کۆماریی پشتئەستوور بە هەڵبژاردن‌و دەنگی خەڵک، لە کورتبوونەوەی دەستی دام ودەزگاو دامەزراوە مەزهەبییەکان لە دەسەڵات هەتا دەگاتە جیایی دین لە دەوڵەت، لە دابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەبندەستەکانی ئیران تا دامەزرانی سیستەمێکی فیدراڵی، لەنەهێشتنی مەودای زۆری چینایەتی و دابینکردنی ژیانێکی شیاو بۆ چین و توێژە زەحمەتکێشەکان تا جێگیرکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی لە پەسەندکراوە جیهانییەکان دا، ڕەنگیان داوەتەوە. لە یەکسانیی ژن و پیاو را بگرە تا نەمانی هەموو جۆرەکانی چەوسانەوە و هەلاواردنی رەگەزی، نەتەوەیی، دینی، زمانی و هتد. لە کۆنترینی ئەو ئاواتانەی کە لە شۆڕشی مەشرووتەوە تا ئێستا وەدینەهاتوون، هەتا دەگاتە نوێترین خواستەکانی نەوەکانی سەردەمی بە جیهانیبوون.

بەڵام، ئایا کۆماری ئیسلامی خاوەن‌و هەڵگری ناوەرۆک‌و پێکهاتەیەکی ئەوتۆیە کە تەنانەت لە گەڵ شێوازە نەرم و هێمنانەکانی خەبات و داوای ئاڵوگۆڕهەڵ بکا؟ ئەگەر ئەم شێوازانە، نەتوانن ڕێخۆشکەری بەرەبەرەی گۆڕانی سیاسی لە ئێران‌دا بن‌و ئاوات‌و ئامانجە لە مێژینەکان، هەر بە سەرکوتکراوی‌و وەدینەهاتوویی بمێننەوە، چار چییە؟ شۆڕشێکی سەرانسەریی دیکە بە دەرسوەرگرتن لە ڕابردوو و وریا بوون لە دزران و بەلاڕێدابردنی؟ یا....

با ٣٥ ساڵەی شۆڕشی ڕێبەندان بکەین بە دەرفەتێک بۆ دۆزینەوەی وڵامی شیاو بۆ ئەم جۆرە پرسیارانەمان.

کوردستان
ژمارە: ٦٢٥
١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٢
٤ی فێوریەی٢٠١٤



## سەردانی هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولێر لە مەکۆی گۆڕان

هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر سەردانی ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی بزوتنەوەی گۆڕانی لە هەولێر کردو لەگەڵ بەرپرسانی ئەو حیزبە دیداری کرد.

ڕۆژی سێ شەممە، ڕێکەوتی ٨ ی ڕێبەندان شاندێکی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی‌و حسن کاکیلی سەردانی ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕانی لە هەولێر کردو لە لایەن شاندی خانەخوێ بە سەرپەرستیی دوکتۆر محمد حاجی، ڕێکخەری ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانەوە پێشوازییان لێ‌کرا. لەودیدارو دانیشتنانەدا دوو لایەن لەسەر زۆر بابەت‌و تەوەری جۆراوجۆری پێوەندیدار بە پرسی هاوبەشیان قسەوباسیان کردو ئاڵوگۆڕەکانی هەرێمی کوردستان، ناوچەو بە تایبەت پرسی کورد بە گشتی لە هەموو پارچەکان لە ڕوانگەی دوو حیزبەوە ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا.

# بەرزڕاگرتنی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە  کوردستان و دەرەوەی وڵات

**بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**

لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا یادو بیرەوەریی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا.



پێشنیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە، ٢ی ڕێبەندان بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات‌و کۆمەڵێک میوان یادو بیرەوەریی ٢ ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیراو لەگەڵ ئامانج‌و ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد پەیمانی وەفا نوێ کرایەوە.

لەو ڕێورەسمەدا کە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب‌و ساتێ بەبێدەنگی وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بەو بۆنەیە لەلایەن کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتەوە خوێندرایەوە.

دوابەدوای قسەکانی کاک مستەفا مەلوودی، سروودی ڕێبەندان خوێندرایەوەو پەیامی ڕێکخراوە سینفییەکانی حیزبی دێموکڕات بەو بۆنەیە لەلایەن خاتوو حەلیمە ڕەسوولی، سکرتێری یەکیەتیی ژنانەوە پێشکێش کرا.

لە نێوئاخنی ڕێورەسمی شەست‌و هەشتەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان‌دا چەند سروودو گۆرانی‌و شێعری دیکەش لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزب، شاعیران محەممەد ئەفەندی‌و نیعمەت مەلاوە پێشکێش کران‌و جێژنەکە بە هەڵپەرکێی گشتیی کۆتایی پێ هات.

### تۆرۆنتۆی کانادا



لە تۆرۆنتۆی کانادا بە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمێک یادو بیرەوەریی شەست‌و هەشت ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز ڕاگیرا.

ڕۆژی یەکشەمە، ٦ی ڕێبەندان بەرا،بەرلەگەڵ ٢٦ ی ژانویەی ٢٠١٤و ڕێورەسمێک بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە تۆرۆنتۆی کانادا بە بەشداریی حیزب‌و لایەنە سیاسیە کوردستانییەکان‌و کوردانی هۆگری کۆماری کوردستان بەڕیوە چوو.

ئەو کۆڕیادە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب‌و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدان دەستی پێ کردو پاشان پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان  لەلایەن جەعفەر موقەدەم، بەرپرسی کومیتەی تۆرۆنتۆی حیزبەوە خوێندرایەوە.

لە درێژەی ئەو ڕێورەسمەدا پەیامەکانی پارتی دێمۆکڕاتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، کۆمەڵە حیزبی کومۆنیست‌و بەرەی یەکگرتووی گەلی ئەهواز بەوبۆنەیە خوێندرانەوە.

ئەو ڕێورەسمە بە گۆرانی‌و هەڵپەرکێی بەشداران بەردەوام بوو.

### سوئێد

کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕێز گرتن لە شەست‌و هەشتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمێکی بەشکۆ ئەو یادە مێژووییەی بەرز ڕاگرت.

ئەو ڕێورەسمە ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٥ی ڕێبەندان بە بەشداریی بەرچاوی کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە سوئێدی‌و کوردستانی‌یەکان، کۆمەڵێک لە کەسایەتی‌یە سیاسی‌یە کوردەکان‌و بە بەشداری چالاکانەی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب‌و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.

لە سەرەتای ئەو ڕێورەسمەدا پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن نەبەز عەلیدووست، بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی کۆمیتەی سوئێدەوە پێشکەش کراو پاشان وتارێک بە زمانی سوئێدی بەو بۆنە مێژووییە لەلایەن سیاوەش قەوی پەنجە خوێندرایەوە کە تێدا بە پوختی باسی لە هەلومەرجی کوردستان پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان، کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەد، سەردەمی زێڕینی کۆمارو ڕووداوەکانی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستانی کردبوو.



لە درێژەی پەیامەکان دا ئەو چەند پەیامە لە لایەن نوێنەرەکانیانەوە خوێندرانەوە کە نێورۆکی هەموو پەیامەکان باسیان لە ئاشتی و تەبایی و بەیەکەوە بوونی تێدا بوو و هاوکات ئاوڕدانەویەک بوو لە مێژووی کۆماری کوردستان و ئامانج و ئەرکەکانی ئەو کۆمارە پڕ دەسکەوتەی گەلەکەمان.

- عەتا بانەیی نوێنەری پارتی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد
- بەختیار عەبدولرەحمان نوێنەری یەکێتی نیشتمان کوردستان لە وڵاتی سوئێد
- پرشەنگ توانا بەرپرسی فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردی‌یەکان
- سۆزان فەتحی ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێدو هەروەها لە لایەن نوێنەری چەند حیزبی سوئێدی پەیام پێشکەش کران.

لەو  ڕێورەسمەدا داگ لاشۆن لەلایەن حیزبی سوسیال دێموکراتەوە، گوتی: خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە لەگەڵ ئێوە ٦٨ ساڵەی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەکەمەوە، من زۆر دۆستی کوردم هەن کە هەموویان زۆر شانازی بە زمان و کولتوری خۆیان دەکەن. سوئێد بە بێ کوردان وڵاتێکی ناخۆشترەو ئێمە وەک سوسیال دێموکرات ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرز دەنرخێنین‌و هیوادارم ڕۆژێک بێ کە گەلی کورد بە ئاواتەکانی خۆی بگات و کوردیش لە ئێران بە ماف و ویستەکانی خۆی بگا.

بودیل سێبا لویس، نوێنەری پارلمانی سوئێد لە سەر لیستی حیزبی ژینگەو ئەندامی کۆمیسیۆنی کاروباری دەرەوە لە پارلمانی ئەو وڵاتەش یەکێکی دیکە لە میوانەکانی بەشدار لەو جێژنە بوو کە گوتی جێگای خۆشحاڵیە کە دوای هەڵبژاردنی ڕووحانی کرانەوەیەک بەرەو دونیای دەرەوەدا کراوەتەوە، بەڵام ئێعدام ئێستاش وەک پێشوو بەرێوە دەچێ. بۆیە ئێمە دەبێ ئێران ناچار بکەین کە دەست لەم شێوە سزایە هەڵبگرێ، هەموو گەلێک مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیەو من خۆم بە ڕەگەز کاتالونیم و وابریارە لە مانگی ١١ هەڵبژاردن بۆ بریاری سەربەخۆیی بەرێوە بەرن، حکوومەتی ئیسپانیا هەوڵ دەدا ماف و ئازادی کاتالانەکان سنووردار بکاو بە هەر شێوەیەک کە بۆ بکرێ پێش بە دەنگدان بۆ سەربەخۆیی ئەو گەلە بگرێ، ئێمە دەبێ پشتیوانی لە گشت گەلانی جیهان بکەین کە مافی دیاریکردنی چارەنوس بەکار بێنن.

فردریک مالم، نوێنەری پارلەمان لە سەر لیستی حیزبی لیبرالی گەل گوتی: جێی خۆشحاڵی‌یە کە لەگەڵ ئێوە ئەم یادە نوێ دەکەمەوە، ئەورۆ بۆتان دەرکەوتووە کە وتەی قازی محەممەد وەدیهاتووە کە فەرمووی: ئەمرۆ ئێوە قازی‌یەک ئێعدام دەکەن، بەڵام سبەینێ هەزاران قازی دروووست دەبن. ئێستا دەبینن کە لێرە هەموومان قازین. ئێستا دانوستان‌و لێک نزیکبوونەوە لە چەندین لاوە لە ئارا دایە، لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین، لە نێوان شیعە و سوننی عێراق، لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا، لە نێوان پ کاکا و ئانکارا، کە لە گشت ئەم هەوڵانە دا ئێران بە شێوەی جیاواز هەوڵ دەدا ئەم هەوڵانە پووچەڵ بکاتەوە. تەنیا ڕێگا ئەوەیە کە حکوومەتی ئێران ببێتە ڕژێمێکی دێموکراتیکی کە ڕێز لە مافی گشت پێکهاتەکانی نەتەوەیی و ئایینی بگرن.

لە دوای برگەی بەشی یەکەم دا کاک محەممەد ئیسماعیلی بەرپرسی بەشی پەیوەندی‌یە کوردستانی‌یەکانی کۆمیتەی سوئێد چەند وتەیەکی پێشکەش کردوو سوپاسی بەشداری چالاکانەی هێز و ڕێکخراوە سیاسی‌و کەسایەتی‌یەکانی بەشدار لەو ڕێورەسمەی دا کردو ناوی هەموو ئەو هێزانەی کە پەیام و برووسکەی پیرۆزباییان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان ناردبوو کە بریتی بون لە:

- کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان
- ڕێکخراوی دێموکراتیکی یارسان
- کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان
- کۆمەڵە حیزبی کومونیستی ئێران
- پارتی ئازادی کوردستان
- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
- پارتی دێموکراتی کوردستان ـ باکوور
- بەشی کوردی ڕادیۆی سوئێد ( زایەڵە)
- کەمپینی ئاشتی و یەکبوون

شایانی باسە کە دوابەدوای پێشکەش کردنی پەیامەکان، لە لایەن بەرێوەبەرانی یادی ٢ی ڕێبەندانەوە چەند هۆنراوە پێشکەش کران‌و نۆرە درا بە بەشی هونەری یادی ٢ ی ڕێبەندان.

لە بەشی هونەری یادی ٢ ی ڕێبەندان دا ٥ کەس لە هونەرمەندانی لاو و دەنگخۆش شنۆ ئەحمەدی، جەماڵ فەتحیان، باوان کەریمی، شۆڕش بۆکانی و ئەسعەد ڕەزازی بە دەنگە خۆشەکانیان گەڕی ڕەشبەڵەکی کیژان‌و کوران‌و ژنان و پیاوانی بەشداریان گەرمتر کرد و ڕازاندیانەوە.

### نۆروێژ

کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هاوکاریی یەکیەتیی ژنان، لاوان‌و کۆمەڵەی کولتوری، ٦٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان کرد بە جێژن‌و بەو بۆنەیەوە شەوئاهەنگێکیان بۆ کوردانی دانیشتووی نۆروێژ پێک هێنا.

لەو ڕێورەسمەدا کە ڕۆژی هەینی، ٤ ی ڕێبەندان‌و بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» لە لایەن کۆرسی یەکیەتیی لاوان‌و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدان دەستی پێ کرد،  پەیامی کۆمیتەی حیزب لەلایەن ئەسعەد خزری، بەرپرسی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبەوە پێشکەش کرا.



لەو پەیامەدا بە ئاماژە بە بەستێنەکانی دروستبوونی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان‌و  ڕۆڵی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌و سەرۆک کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد لە سەر خستنی ئامانجەکانی کۆماری  کوردستان تیشک خرابووە سەر ئەوەی دامەزراندنی سەروەری‌و دەسەڵاتی نەتەوەیی، نەختەگۆڕانێکی گرینگە لە مێژووی کورد دا کە ئەویش لە کۆماری کوردستاندا بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی مۆدێڕن‌و سەردەمیانە هاتە دی.

ئەسعەد خزری لەو پەیامەدا بە ئاماژە بە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ئێستادا خەبات  بۆ وەدیهاتنی مافەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە ئەرکی سەرشانی هەموو لایەک  زانی و لە نێوەدا جەختی لەسەر پێکەوە هەڵکردن، هاوکاری‌و هاوخەباتی هەموو حیزب‌و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو شەویادەدا پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنان، لاوان و کۆمەڵەی کوردی لە لایەن بەرپرسی یەکیەتیی ژنان، مەحبووبە ڕەحیمی پێشکەش کراو دوای ئەوە تیپی هەڵپەڕکێی یەکیەتیی لاوان چەند تابلۆی هەڵپەڕکێی کوردییان پێشکەش کرد.

شایانی باسە ئەو شەویادە بە شایی و هەڵپەرکێی بەشداران‌و گۆرانیی هونەرمەندان تارا ڕەسووڵ‌و ئەنوەر پورمحەممەدی درێژەی پێ درا.

# چالاکیی تەبلیغی لە شار و ناوچەکانی کوردستان بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان

### مەهابادو ڕەبەت

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە مەهاباد بەبۆنەی هاتنەوەی ٢ ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چالاکیی تەبلیغییان کردوە.

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕات ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە مەهاباد بە چالاکیی بەربەرینی تەبلیغی بەرەو پێشوازیی  هاتنەوەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چوون‌و بەبڵاوکردنەوەی تراکت‌و وێنەی ڕێبەرانی شەهید، بە تایبەت پێشەوای سەرۆکۆمار لەگەڵ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان پەیمانی وەفایان نوێ کردۆتەوە.

ئەم شوێنانەی چالاکیی تەبلیغییان تێدا کراوە بریتین لە:

گەڕەکی فەجری سەرێ، گەڕەکی فەجری خوارێ، سەیداوا و مەیدانی حەیوانان

شایانی باسە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لەو شارە دوایە بە توندی وەخۆکەوتوون‌و بە هەموو هێزو توانای خۆیانەوە هەوڵی پاکردنەوەی ئاسەواری ئەو چالاکییە تەبلیغییەیان داوە.

لە شاری ڕەبەتیش بەبۆنەی هاتنەوەی ٢ ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەبڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهیدو تراکتی پێوەندیدار بە دووی ڕێبەندان لە چەند جێگەی شار وەک کەمەربەندی، پارکی شار و شەقامی لەیلانە چالاکیی تەبلیغییان کردوە.

### سەقز

ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەقز بەبۆنەی هاتنەوەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چالاکیی تەبلیغییان کردوە.

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕات ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەقز بە چالاکیی بەربەرینی تەبلیغی بەرەو پێشوازیی  هاتنەوەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چوون‌و بەبڵاوکردنەوەی تراکت‌و وێنەی ڕێبەرانی شەهید، بە تایبەت پێشەوای سەرۆکۆمار لەگەڵ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان پەیمانی وەفایان نوێ کردۆتەوە.

ئەم شوێنانەی چالاکیی تەبلیغییان تێدا کراوە بریتین لە:

حەمالآوای خوارێ، مەدرەسەی مەردوخ، حەمالآوای سەروو عەباس ئاوا

کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات وێڕای ڕاگەیاندنی ئەو هەواڵە دەسخۆشیی لە بەڕێوەبەرانی ئەو چالاکییانە کردوە.

## بەرز راگرتنی ساڵیادی٢ی ڕێبەندان و دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە وڵاتێ ئاڵمان

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١ی فێوریەی ٢٠١٤ بەرامبەر بە ١٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٢ی هەتاوی، ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بەرز و پیرۆز نرخا و هەر بەو بۆنەوە کۆڕجێژنێک بە بەشداری بنەماڵە و و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و بەشێکی بەرچاو لە دۆستانی حیزب و کوردانی دانیشتوی وڵاتی ئاڵمان، بەڕێوە چوو. سەرەتا خولەکێک بێدەنگی بۆ رووحی پاکی شەهیدان دەسپێکی مەراسیمەکە بوو، ئینجا لەلایەن کاک هەمزە مەنگوڕ، ئەندامی کومیتەوە، پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات خوێندرایەوە. دواتر لەسەر هەل و مەرجی هەنووکەیی ئێران لە باری سیاسی و ئابووری و هەروەها هەلومەجی کەمینەکان و نەتەوە جیاوازەکان بە تایبەت گەلی کورد لەو وڵاتەدا، وتارێک لەلایەن کاک سولتان گولاوی، بەرپرسی کومیتەی حیزب لە وڵاتی ئاڵمان، پێشکەش کرا.

هەروەها لەلایەن حیزب و لایەنە سیاسیەکانی دۆستەوە، پەیامی پیرۆزبایی بەو بۆنەوە نێردرا. کۆتایی پرۆگرامەکانی ئەو جێژنە، بە ئاهەنگ و گۆرانی و هەڵپەڕکێ لەلایەن بەشدار بووانەوە تا دواکاتەکانی ڕۆژی شەممە بەردەوام بوو.

## دیدارێک لە نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانو حیزبی یەکیەتیی کورد لە سووریە



دوانیوەڕۆی پێنج شەممە ١٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٢(٣٠ی ژانویەی ٢٠١٤) هەیئەتێک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەردانی بارەگای حیزبی یەکیەتیی کورد لە سووریەی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی سەرکردایەتیی ئەو حیزبە بە سەرپەرستیی عەبدولباقی یوسف پێشوازیی لێکرا. لە دانیشتنێکی دۆستانە دا کە زیاتر لە سەعاتێکی خایاند، هەر دوو لایەن کۆمەڵێک باس و بابەتی پەیوەندیدار بە پرسی کورد لە ناوچەیان هێنایە گۆڕێ. بە تایبەتی هەر دوو لا بە بایەخەوە تاوتوێی ڕووداوەکانی ئێستای خۆراوای کوردستان و ئاڵوگۆرەکانی پەیوەندیدار بە وڵاتی سووریەیان کرد. هەر لەم پێوەندییە دا، هەڵوێست و ڕوانینی هێز و لایەنە کوردەکان و وڵاتانی ناوچە بۆ دانیشتنەکانی ژنێڤ و پێکهاتنی خۆبەڕێوەبەریی کانتونەکان لە خۆراوای کوردستان، تیشکیان خرایە سەر و دوو لایەنی ناوبراو سەرنجو تێبینییەکانیان لە سەر بارودۆخی سیاسیی خۆراوی کوردستان، ئاڵوگۆڕ کرد.

## هەولێر: دیدارێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی سووریە



ڕۆژی رابردوو هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە حەسەن قادرزادەو عومەر باڵەکی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و برایم زیوەیی ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی سووریەیان کردو لە لایەن کومیتەی هەریمی ئەنجوومەنی نیشتمانی پێشوازییان لێکرا.

لە دانیشتنێکی دۆستانەدا باس لە کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە ناوچەو بە تایبەتی هەر دوو لا بە بایەخەوە تاوتوێی ڕووداوەکانی ئێستای خۆراوای کوردستان و ئاڵوگۆرەکانی پیوەندیدار بە وڵاتی سووریە و جێگەو پێگەی لە نێو ئۆپۆزیسیونیاندا کرد. هەر لەم پێوەندییە دا، هەڵوێست و ڕوانینی هێز و لایەنە کوردەکان و وڵاتانی ناوچە بۆ دانیشتنەکانی ژنێڤی٢ و پێکهاتنی خۆبەڕێوەبەریی کانتونەکان لە خۆراوای کوردستان، تیشکیان خرایە سەرو دوو لایەنی ناوبراو سەرنج و تێبینییەکانیان لە سەر بارودۆخی سیاسیی خۆراوی کوردستان، ئاڵوگۆڕ کرد.

## بەڕێوەچوونی سمیناری دەرهاویشتەو کاریگەرییەکانی کۆماری کوردستان دوای ٦٨ ساڵ

**ڕێکخراوی سیاسیو کۆمەڵایەتیی « زێد» لە هەولێر بە بۆنەی شەستو هەشت ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان سمینارێکی پێک هێنا.**

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی هەینی، ٤ ی ڕێبەندان بەبەشداریی دەیان کەس لە مامۆستایانی زانکۆ، تویژەرانو چالاکانی سیاسیو مەدەنیی کوردی ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان لە هۆڵی کتێبخانەی پارکی سامی عەبدوڕەحمان لە شاری هەولێر بەڕێوە چوو، باسەکان لە چوار پانێل دا پێشکێش کران.

لە پانێلی یەکەمدا ڕەحیم سورخی کە باسەکەی «ڕۆژنامەوانیی سەردەمی کۆماری کوردستان» بوو، باسەکەی لە سێ ڕەهەندی پێوەندی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ڕۆژنامەی سەرانسەریی لە ئێران، پێوەندیی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستان بە باکوورو باشووری کوردستاندا پێشکێش کرد.

ڕەحیم سورخی بە ئاماژە بە تێکەڵاویی ڕووناکبیریی کۆمەڵایەتیی کورد لە سەردەمی پەهلەوی بە ڕووناکبیریی ئێران لە ڕێگەی نوخبەکانی کوردو، تیشک خستەسەر تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەنووسی لە سەردەمی ڕەزاخان کە سەرکوتو سانسۆر سەرەکیترین خەسڵەتی ئەو سەردەمە بوو، ئاماژەی بەوە کرد کە لەو سەردەمەدا ١٧ ڕۆژنامە بڵاو دەکرانەوە کە ١٦ ڕۆژنامەیان بە زمانی فارسیو یەکیان بە زمانی ئەرمەنی بوو، هەموو ئەوانەش لە پێناو یەکدەست کردنی کلتووری ئێرانیو بۆ فارساندنی کۆمەڵگا بوو.

ناوبراو دوایە پەڕژایە سەر ئەوەی کە لە سەردەمی حەمەڕەزاشادا کە بەهۆی ڕووداوەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی، لاوازیو ناسەقامگیریی سیاسی لە ناوەند، کرانەوەی سیاسی ڕوو دەداو ڕێگە بۆ سەرهەڵدانی حیزبو ڕێکخراوەکانو بەو پێیەش ئازادیی چاپەمەنیو زۆربوونی ڕۆژنامەکان خۆش دەکرێو لەو سەردەمدا کورد بە کۆمەڵەی ژ کافو بڵاوکراوەکانی ڕۆڵی خۆی دەبینیو ڕاگەیەنەکانی کوردی لەو سەردەمدا زیاتر گرینگی دەدەن بە لایەنی نەتەوەیی.

ڕەحیم سورخی لەو بەشەی باسەکەی دا پێوەندیی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لەو قۆناغەی بە ڕۆژنامەنووسیی سەرانسەریو هاوکات پێوەندیی بە ڕۆژنامەنووسیی باکوورەوە شی کردەوە هاتە سەر ڕۆژنامەی « کوردستان»و گوتی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەی «کورستان» ئەوە بوو کە گرینگیی بە خوێنەر داوەو لەگەڵ خوێنەری خۆی ڕاپرسی کردوەو، هەنگاو بە هەنگاو « زاراوە سازی»و « هاوتاسازی» کردوە.

سمایل بازیار، دووهەم کۆڕگێڕی ئەو پانێلە بوو کە باسەکەی لە ژێر ناوی «کۆماری کوردستان بەرهەمی گەشەسەندنی بیری ناسیۆنالیزمی کوردی»دا پێشکێش کرد.

سمایل بازیار لێکدانەوەیەکی نێوان دوو حکومەتی میللی ئازەربایجانو کۆماری کوردستان بەپێی بەڵگەکانی یەکیەتیی سۆڤییەتی کردو تیشکی خستە سەر ئەوەی کە دروستبوونی فیرقەی دێموکڕاتو حکومەتی میلیی ئازەربایجان ئیرادەی یەکیەتیی سۆڤییەت بوو، بەڵام لە کۆماری کوردستاندا پێکهێنانی حکومەت ئاواو بەو شێوەیە نیە، چونلی کۆماری کوردستانو حکومەتی ئازەربایجان لە ماهییەت دا جیاواز بوون، دیارە خاڵی وێکچوو، و هاوبەشیان بووە، بەڵام خاڵە جیاوازەکانی ئەو دوو حکومەتە زیاتر بووە.

سمایل بازیار ئاماژەی بە کاردانەوەی کورد بە سیاسەتی ئاسمیلەکردنی لەلایەن دەوڵەتی پەهلەوی کردو لە دایکبوونی کۆمەڵەی «ژکاف»ی، وەک وەڵامێکی شیاو بە سیاسەتی ئاسمیلەکردنی کوردو ئاڵوگۆرە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکانیانی ئێرانو جیهان دایەوەو تیسکی خستە سەر ئەوەی کە کۆماری کوردستان بەرهەمی ٤ ساڵ کاری کلتووریو نەتەوەییو فیکریی کۆمەلەی ژێکافە.

بازیار بە لێکدانەوەی هەموو ڕەهەندکانی پێکهێنەری کۆماری کوردستان تیشکی خستە سەر ئەوەی کە پێکهێنانی کۆماری ئازەربایجان بەو شێوەیە نەبوەو ئەو حکومەتە پێشتر هیچ باکگراوەندێکی ناسیۆنالیزمی نەبوە.

بازیار لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا جیاوازییە بنەڕەتییەکانی کۆماری کوردستانو کۆماری میلیی ئازەربایجانی خستە بەرباس لەو بەشەدا ئاماژەی بە جیاوازییەکان لە پێگەی سەرەکیی کۆماری کوردستانو کۆماری میللی ئازەربایجان لە جوغرافیای سیاسیو مرۆیی، سروشتو خەسلەتی حیزبەکانی پێکهێنەری ئەو دوو حکومەتەو ڕێبەرانیان، گوتاری زاڵی رادیکالیسمی چەپو دیسکۆرسی کۆمۆنیستی بە سەر حکومەتی میللی ئازەربایجانو گوتاری نەتەوەیی کۆماری کوردستان کردو دواتر پڕژایە سەر ئاستی خۆشەویستیی کۆماری کوردستان لە چاو کۆماری میللیی ئازەربایجان بەپێی بەڵگە مێژووییەکان، چ لە کاتی دەسەڵاتی ئەو دوو حکومەتەو چ لە شێوەی ڕووخانی ئەو دوو حکومەتەو، لە درێژەی باسەکەیدا لایەنەکانی دیکەی جیاوازیی ئەو دوو حکومەتەی شی کردەوە.

لە پانێلی دووهەمی ئەو سمینارەدا کاک زاگرۆس خوسرەوی لە باسەکەیدا خوێندنەوەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتی بۆ کۆماری کوردستان کرد.

زاگرۆس خوسرەوی لە باسەکەیدا لێکدانەوەی بارودۆخی پێش دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ئێرانو کوردستانی کردو بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستانی شی کردەوەو بەبەرزنرخاندنی بەڕێوەبەریی کۆماری کوردستان، ئەو باسەی خستەڕوو کە ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکانی کۆماری کوردستان بەرهەمی ساڵانی پێش خۆی بوو.

زاگرۆس خوسرەوی لە باسەکەیدا بەراوردی دوو دەسەڵاتی هاوکاتی کۆماری کوردستانو کۆماری ئازەربایجانی کردو بە ڕەدکردنەوەی ئەو ئیدیعایانەی دوژمنانی کورد لەبارەی بەسراوە نیشاندانی پێشوا قازی محەممەد بە ڕووسیەوە دەیهێننەوە، بە توێکاریی هەندێ بەڵگەی مێژوویی گوتی کە یەکیەتیی سۆڤییەت ناچار بە قبوڵکردنی پێشەوا وەک سەرۆک کۆماری کۆماری کوردستان بووە، ئەگینا ئەگەر بۆیان کرابا زۆریان پێ خۆش بوو کەسێکی نیزیک لە خۆیان ئەو ڕۆڵەی گێڕابا، بەڵام بۆیان جێبەجێ نەبوو.

عەلی ئیسماعیلنژاد، دووهەم کۆڕگێڕی دووهەم پانێلی ئەو سمینارە بوو کە لە باسەکەیدا لێکدانەوەی بۆ هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا کرد.

عەلی ئیسماعیلنژاد بە هێنانەوەی چەند فاکتی مێژوویی باسی لە پێگەو قورسایی هێزی پێشمەرگە لە پێکهاتەی کۆماری کوردستانی کردو باسی لە یاساکانی وەرگرتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانو ئەرکەکانی حکومەت لەبەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا کرد.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا باسی لە پێکهاتەی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا کرد کە خۆیان لە چەند کەرتی هێزەکانی سەر بە عەشیرەکانی کورد، ئەندامانی تازە پەیوەست بوو بە حیزبی دێموکراتو بارزانییەکاندا دەدیتەوەو، دواتر تیشکی خستەسەر چەندیو چۆنیی ڕاهێنانو پەروەردەی هێزی پێشمەرگە کوردستانو شەڕەکانی هێزی پێشمەرگە بۆ بەرگری لە کۆماری کوردستان.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا کورتە فیلمێکی دیکۆمێنتی لەسەر کۆماری کوردستان پیشان درا کە لەلایەن یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کوردەوە بەرهەم هاتبوو.

«بزووتنەوەی کورد ڕوانگەی نەتەوەیی لە پەراوێزی یادی کۆماردا»، ناونیشانی بابەتێکی دیکەی ئەو سمینارە بوو کە لەلایەن ئەحمەد عەزیزی پێشکێش کرا کە لە ڕێگەی سکایپەوە بەشداری ئەو سمینارەی کردبوو.

ئەحمەد عەزیزی بە باسێک لە شۆڕشە نەتەوەییەکانی پێش سەردەمی کۆماردا تیشکی خستە سەر ئەوەی هەموو ئەو شۆڕشانە لە سەر پرسی کوردبوون بووە، جا چ بە خۆڕسک بووبێ یان حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکرات لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە پشتی پڕۆژەو شۆڕشەکەدا بووبێ.

ئەحمەد عەزیزی لە باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە دامەزرانی کۆماری کوردستان پڕۆسەی سەرهەڵدانو جێخستنی بیری نەتەوەییو ناسیۆنالیسمی کوردی بووە، دواتر پڕژایە سەر زاڵبوونی هێژمونیی حیزبی بە سەر ڕەوتی ناسیۆنالیستیی کوردی لە درێژەی ژیانی خۆی لە ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان.

کۆڕگێڕ لە درێژەی باسەکەیدا گرینگیی بەوەدا کە لە ئێستادا سیمایەکی ئاڵۆز لە بزووتنەوەی کوردی بەدی دەکرێو بۆ شیکردنەوەی ئەو بابەتە چەند فاکتێکی لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە خۆراوای کوردستان، باشوورو باکووری کوردستان هێنایەوەو جەختی کردوە کە کورد لە ئێستادا کورد خاوەنی پڕۆژەیەکی تۆکمەی ناسیۆنالیستی نیەو زۆرتر بۆچوونی حیزبی باڵی بەسەر ئەو بابەتەدا کێشاوە.

لەو پانێلەی سمینارەکەدا سەلام ئیسماعیلپور، بە باسێک لە ژێرناوی « مافی نەتەوایەتی و یەکپارچەیی ئێران لە سیاسەتی زلهێزەکاندا» بەشدار بوو.



سەلام ئیسماعیلپور لە باسەکەیدا بە لێکدانەوەی ڕەفتاری شوینیستە فارسەکان چ ئەوانەی ئیستا لە بەڕێوەبردنی ئێراندا دەوریان هەیە، چ ئەوانەی لە بەرگی ئۆپۆزیسیۆندا کاری بۆ دەکەن، گوتی ئەوان بە بەرنامەی وردەوە کار بۆ دابەزاندنی هەستی متمانە بەخۆبوونی نەتەوەکانی دیکە دەکەنو بە هێنانەوەی چەند فاکت باسی لە دەستێوەردانو دەسرۆیشتوویی زلهێزە جیهانییەکانی وەک بریتانیاو سۆڤییەت لە بەڕێوەبردنی ئێرانو یەکپارچە هێشتنەوەی جوغرافیای سیاسیی ئێران لە سەردەمی قاجارەکان و پەهلویدا کرد.

« لە نێوان کۆگەرایيو تاکگەرایی، تایبەتمەندییەکانی دیسپۆڕای کورد» دوایین باسی ئەو سمینارە بوو کە لایەن دوکتور خالید خەیاتیو لە ڕێگەی سکایپەوە پێشکێش کرا.

دوکتور خالید خەیاتی بە ئاماژە بە جوغرافیای دیاسپۆڕای کوردو کۆچی کورد بۆ دەرەوەی وڵات، چ بۆ خوێندن، کار یان پەنابەرێتیی سیاسی، خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی بۆ پرسی کورد لە تاراوگە کردو باسی لە لێک بڵاویو دابڕانی تاکەکانی کورد کردو هاتە سەر باس کردن لە پێناسەو تایبەتمەندیی دیاسپۆڕای کورد.

لەو بەشەدا کۆڕگێڕ هاتەسەر باسکردنی هێشتنەوەی پێوەندیی دیاسپۆرای کورد بە نیشتمانو وڵاتی پێشوویانو هێشتنەوەی شوناسی کوردبوون کە نێو دیاسپۆڕای کورد بە بەڕێوەبردنی کۆڕو کۆبوونەوە نەتەوەییو نیشتمانییەکان.

دوکتور خالید خەیاتی لەبەشێکی دیکەی باسەکەیدا تیسکی خستە سەر واقعی داگەڕانی کۆگەرایی بەرەو. تاکگەرایی کوردەو لەو بەشەدا لێکدابڕانی حیزبە سیاسییەکانی کوردی بە خەسارێکی گەورە لە سەر ئەو پرسە زانیو لە دوایین بەشی باسەکەیدا ئاماژەی بە دەسکەوتەکانی دیاسپۆرای کورد لە دەرەوەی کوردستان کرد.

شایانی باسە لە هەر کام لەو پانێلانەدا ڕێگە بە بەشداران درابوو تا بە هێنانەبەر باسی تێبینیو ڕەخنەو پێشنیارەکانیان سمینارەکە دەوڵەمەند بکەن.

ئەو سمینارە دوای ٧ سەعات کارو چالاکی بە باسێکی کراوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

٥
کوردستان
ژمارە: ٦٢٥
١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٢
٤ی فێوریەی ٢٠١٤

**لە خوێنەرانەوە**

سەرنج بدەن!

« کوردستان» هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو راپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە بە راگەیەنەکانی حیزب دەکەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو دەکاتەوە. داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ راپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.

## ئێعدامی چەند پاشماوەی باندی هیوای تاب



ڕۆژی هەینی ٤ی ڕێبەندان کاربەدەستانی تاران بنەماڵەی ئەو شەش کەسیان لەگەڵ هیواتاب گیرابوون بانگ کرابوونە تارانو مولاقاتیان پێدابوونو ئاگاداریان کردبوونەوە کە کوڕەکانتان ئێعدام دەکەین کە ناوەکانیان بەو شێوەیەی خوارەوەیە:

١_ عەلی قادری خەڵکی ئاوایی نییەر نزیک ئاوایی نیگڵ کە ٢٨ ساڵ خزمەتی بەرێژیم کردوە.

٢_ بێهروز ساعەتپەنا خەڵکی ناوچەی سنە کە ٢٨ ساڵی خزمەت بە رێژیم کردوە.

دیارە ئەو دوو کەسە دوای گیرانیان بازنشەست کرابوون.

٣_ کەماڵ هوشەنگی کوڕی حەمەبەگ خەڵکی ئاوایی چیچەن کە ٢٥ ساڵی خزمەتی رێژیم کردوە.

٤_موسلیم رەشیدی کوڕی زاهیدە کەچەڵ خەڵکی ئاوایی دەگاگای ناوچەی شامیانی مەریوان.

٥_ مەوجود زەمانی خەڵکی ناوچەی سنە ٦_ بارزان زەمانی کوڕی میرزا ئاغاز خەڵکی ئاوایی دایەنای سنەو ئەو دوو کەسەی ئاخری پێشتر حوکمی زیندانیان بە هۆی تاوانکردن هەبووەو بوونەتە چەکداری رێژیمو زیندانییەکەیان پێبەخشراوە، بەڵام عاقیبەت تاوانی دیکەیان کردو سەبارەت بەم تاوانانەو پەردەپۆشکردنی زۆر تاوانی دیکە ئێعدام کران. بەڵام سێ کەسی دیکەش بە ناوەکانی ١- حەمەگەڵە، ٢- حەمید داباشی، ٣- هیوا چالەبە، ١٥ ساڵ حوکم دراون.

بەڵام بڕیاردەرانی ئەسڵی کە ئەو هەموو کەسە بەدەستی هیوای تابو دارودەستەکەی کراوە لە ئەسڵدا حاجی مەجید موقیمیان و ئەفشارو نورالهیو سەرهەنگ کازمیان بڕیاری تاوانەکانیان پێداونو خەڵکێکی زۆری بێتاوانی ناوچەکانیان کوشتنو تاڵانو بڕەوی زۆریان ئەنجام داوە. سەباتەر بەم تاوانە و پەردەپۆشکردنی دیکە ئێعدام کراون.

**پایز کارۆ _ مەریوان**

## با خۆفرۆشانی دیکە دەرسی عیبرەت لە چارەنووسی «بێهرووز ساعیدپەنا» وەرگرن



ئێعدامی بێهروز ساعد پەنا جێگری هیوا تاب لە مەنتەقەی کامیاران لە لایەن خودی رێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە رۆژی شەممە لە زیندانی ئێوین لە تاران بەڕێوەچوو. ناوبراو ماوەیەک بەرپرسی هێزێک بووە لە ئاوایی ساوای مەریوانو بۆ ماوەی یەک ساڵ بەرپرسی ئیتلاعاتی سپای پاسداران لە ئاوایی»نچێی» بووە کە دوو گوردانی سپای لێیە. دواتر چۆتەوە مەریوانو هەر لەگەڵ هیوای تاب بووە. کە ناردراوەتە ئاواییەکانی دەورووبەری سەوڵاوا، دراوەتە ناوچەی ژاوەرۆو تا کاتی گیرانی هەر لەو دەورووبەری ژاوەرۆو کامیاران بووەو کاتێک کە ئێعدام کرا هیچ کەس لەو ئاواییە کە ناوبراو لەوێ لە دایک بووە، لە ناشتنی تەرمەکەی بەشدار نەبوون جگە لە چەند کەس لە خزمو کەس و کاری خۆی.

## دیسان تاوانی هێزەکانی ڕێژیم لە دژی کاسبکاران لە ناوچەی سەردەشت



پێتان ڕادەگەیەنم کە دیسان هێزەکانی رێژیم دەستیان بە خوێنی گەشی رۆڵەکانمان لە سەردەشت خوێناوی کرد. لە شەوی ٢٥ لە سەر ٢٦ی بەفرانبار چەند لاوێکی کاسبکار کە لە بێژوێی ناوچەی ئالان خەریکی کاروانکردن بوون، لە نێوان گوندەکانی بێژوێ و رەزگە دەوکەونە بۆسەی هێزەکانی رێژیم و لە ئاکام دا دوو کەس لەو کاسبکارانە کە ئامۆزای یەکترن بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆ دەپێکرین کە یەکێکیان بە ناوی سامان دوای برینداربوونی لە لایەن ئەوانەوە دەگیرێ و دوای بێحورمەتی پێکردن بە برینداری لە دارێکی دەبەستنەوەو بە جێی دێڵن. سەر لە بەیانی لە حاڵێکدا لە کۆمادا بووە، لە لایەن شوانی ئاوایی دەدوزرێتەوە. لە پاش راگواستنی بۆ نەخوشخانەی سەردەشت بە خوشییەوە لە مردن رزگاری بووە. کەسێکی دیکەش بە ناوی «واحد توفیقی» (کوڕی ئەحمەدی حاجی عەولای گاکی) لە پاش بریندار بوونی، خوی حەشار دەدات بەڵام لە بەر کاری بوونی برینەکەی و هەوای سارد بە داخەوە گیانی لە دەست دەدا. لە شەوێوە تا رۆژی دوای کە خەڵک لە دوای گەڕانێکی زور و گوشاری هێزەکانی رێژیم لە پاشنیوەرۆی ٢٦ی بەفرانبار تەرمی بێگیانی دەدوزنە وە.

چەند سەریش وە لاخی ئە وانیش دەکوژرێن و بارەکانیان بە تاڵان دەبرێن

**لە هەردیی ڕێبوارەوە– سەردەشت**

## دەستبەسەرداگرتنی دیشی ماهوارە



سەرلەبەیانیی رۆژی ٩٢/١١/٩ سەعات ٧ هێزێکی زۆر پێکهاتوو لە کەلانتەری، ئەماکنو ئاگاهی بە مەبەستی کۆکردنەوەی دیشی ماهوارە ڕژانە نێو شارۆچکەی تروەڕێز (لە یەک کیلۆمیتریی شاری کامیاران)و بەبێئاگاداربوونی بنەماڵەکان دەچوونە سەربانەکانو دیشی ماهوارەیان فڕێ دەدایەخوارەوەو هەموویان دەهاویشتە نێو ماشێنەکانیان. ئەم وەزعە نزیک بە دوو سەعاتی خایاندو زۆرێک لە دیشی هاوڵاتیانیان لەگەڵ خۆیان برد. مانگێک یان دوو مانگ جارێک وەکوو تەرحێک دەڕژێنە نێو کۆڵانەکانی شارو گوندەکانی دەورووبەرو زۆرێک لە دیشی هاوڵاتیان لەگەڵ خۆیان دەبەن.

**سالار لە کامیاران**

دریژەی:

**هەواڵ و راپۆرت**

## بەڕێوەچوونی سمینارێک لە ژێرناوی « دادوەری لە کۆماری کوردستاندا»



کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە درێژەی کارو چالاکییەکانی حیزب بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان سمینارێکی بۆ عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ژێر ناوی « دادوەری لە کۆماری کوردستاندا» پێک هێنا.

لەو سمینارەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٩ ی ڕێبەندان بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوەچوو، عومەر باڵکی بە خستنەڕووی ئەو تێبینییەی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا لە زۆر ڕەهەندەوە ژیانو کارنامەو بەرنامەکانی کۆماری کوردستان لێک دراوەتەوە، بەڵام لایەنی دادوەری، پەسندکرانو جێبەجێکرانی قانوون وەک ڕێکخەری کۆمەڵگا کەمتر تیشکی خراوەتە سەر، باسەکەی پێشکێش کرد.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات لە سەرەتای باسەکەیدا پێناسەی تیوریی قانوونی وەک دەستنیشانکردنی پێوەندییەکانی تاکو کۆمەڵ لەگەڵ یەکترو لە هەمبەر دەسەڵاتی کردو بە پشتبەستن بە سەرچاوە نووسراوەکا جیاکاریو هەڵسەنگاندنی بۆ دەقە قانوونییەکان، بەخشنامەو ڕیوشوێنە ئیدارییە پەسندکراوەکان لە سەر دەمی کۆماری کوردستانی کرد.

پاشان بە وردی لێکدانەوەی بۆ کۆمەڵە قانوونێکی پەسەندکراوی سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆمەڵگاو جێگرکردنی ئەمنیەتو سەقامگیریی کۆمەڵایەتی کردو لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بە کۆمەڵێک بەخشنامەو قەراری ئیدارەو دامودەزگا بەڕێوەبەرییەکانی کۆمار بۆ ڕاپەڕاندنی کارو ژیانی ڕۆژانەو ئاسایی خەڵکی کرد.

شایانی باسە لە درێژەی کاری سمینارەکەدا کۆمەڵێک لە بەشداران سەرنجو تێبینییەکانیان لە سەر ئەو باسە هێنایە گۆڕێ کە دواتر پرسیارەکان لەلایەن کۆڕگێڕەوە، وەڵام درانەوە

## لە سمینارێک دا لە شاری سۆران، تیشک خرایە سەر مێژووی کۆماری کوردستان



دوانیوەڕۆی پێنچشەممە ٢٣ی ژانویە، لە شاری سۆران، بە ئامادەبوونی هەیئەتێک لە ئەندامانی ڕێبەریی و سیما ناسراوەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سمینارێک بۆ ڕێزگرتن لە٦٨ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە بەشداریی سەدان کەس لە هۆگرانی ڕێگا و ئامانجەکانی ئەم کۆمارە لە دەڤەری سۆران،بەڕێوە چوو. سمینارەکە کە کۆمیتەی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەڤەری سۆران پێکی هێنابوو، کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ لە هۆڵی ڕۆشنبیری و لاوان، بە دەقیقەیەک بێدەنگی و هەستانە سەرپێ بۆ ڕێزگرتن لە سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان وبە تایبەتی شەهیدانی کۆماری کوردستان، دەستی پێکرد.

لەم سمینارە دا، دوکتور سەعید شەمس، مامۆستای زانکۆی سۆران، باسێکی لە ژێر ناوی «مێژووی کۆماری کوردستان، وەک مێژووی هەنووکە« پێشکەش کرد. د.سەعید لە سەرەتای باسەکەی دا، ئاوڕی لە بزووتنەوە و ڕاپەڕینە نەتەوەییەکانی پێش دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دیموکراتی کوردستان و کۆماری کوردستان دایەوە و دوو ستراتێژیی نێو جووڵانەوەکانی کوردی ئاماژە پێکرد کە یەکیان ڕزگاریی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی و ئەوی دیکە ڕیفۆرم و بە دەستهێنانی مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریی عوسمانی دا، بوو.

مامۆستای زانکۆی سۆران، تەوەرێکی گرنگ لە باسەکەی بۆ کاکڵە و جەوهەری بیر و ئایدۆلۆژیای کۆمەڵەی ژێکاف و ڕەنگدانەوە ئەو بیر و ڕوانینانە لە سروشتی کۆماری کوردستان دا،تەرخان کرد.ژیاندنەوەی هیوا و هۆمێدی نەتەوەیی، کوردستانیبوون وهەنگاونان بە ئاراستەی ڕزگاریی نەتەوەیی لەو تایبەتمەندییانە بوون کە لە وتارەکانی پێشەوا و سیاسەت و هەڵوێستەکانی کۆماری کوردستاندا وبەڵگەنامەکانی ئەو سەردەمە دا، ڕەنگدانەوەیان هەبووە.

د.سەعید شەمس، پاشان چووە سەر خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی مێژوونووسان بۆ کۆماری کوردستان و وێڕای دەربڕینی سەرنج و تێبینییەکانی خۆی لە بارەی لانیکەم دوو تەیف لە مێژوو نووسان، سەربەخۆییخوازیی وەک ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی کۆمار پێناسە کرد. لەم پێوەندییەشدا وتی: «ئێمە دەبێ مێژووی خۆمان بە جۆرێک بخوێنینەوە کە بتوانین دەسمایەیەکی بە قازانجی ڕزگاریی نەتەوەکەی خۆمان لێدروست بکەین.» لە درێژەی باسەکەی دا د.سەعید شەمس باسی لەو دەسکەوتە گرنگانە کرد کە کۆماری کوردستان توانی لە ڕێگای دروستکردنی ئیرادەیەکی نەتەوەیی لە ماوەیەکی کورت دا بە دەستیان بێنێ. ئەو دەسکەوتانە هەربە تەنیا سیاسی نەبوون، پەروەردەیی بوون، کولتووری بوون و لە بواری دیکەش دا بوون. مامۆستای زانکۆی سۆران، هەر لەو بەشەی باسەکەی دا، وێڕای ئاماژە بە هۆیەکانی ڕووخانی کۆماری کوردستان، چووە سەر کاریگەرییە درێژخایەنەکانی دامەزران و کار و کردەوەکانی ئەو کۆمارە لە سەر بیری تاکی کورد. لەم بارەیەوە وتی: «کۆماری کوردستان بۆ کورد، ئەو دەور و ڕۆڵەی هەیە کە کۆمۆنی پاریس بۆ کۆمۆنیستەکانی هەیە.»

لە دوابەشی سمینارەکەدا، کۆمەڵێک لە بەشدارانی سمینار، تێبینی و سەرنجی خۆیان لە بارەی باسەکەی دوکتور سەعید شەمس خستە روو و ناوەرۆکی باسەکانیان دەوڵەمەندتر کرد.

پێویستە بگوترێ چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی دەڤەری سۆران بە ناردنی پەیام و بروسکە ، بە بۆنەی یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان و پیکهێنانی ئەم سمینارە، پیرۆزبایی و دەسخۆشییان بە حیزبی دیموکراتی کوردستان گوتبوو.

کوردستان
ژمارە: ٦٢٥
١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٢
٤ی فێوریەی٢٠١٤



**بەشێکی بەرچاو لە ئەدیبان، نووسەران، زمانەوانان، و تەنانەت ڕێبەرە سیاسییە ناودارەکانی کوردستان، هەر ئەوانە بوون کە لە کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستاندا بەشدار بوون یان دواتر لە ژێر کاریگەریی‌و هیوابەخشیی ئەو کۆمارە ساوایەدا، هزر و بیری کوردایەتییان گەشەی کردو ڕێچکەی ئارمان‌و ئایدیاکانی کۆماریان گرتەبەر**

**کەویار**

**لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا زۆر نەتەوە هەبوون بە هۆی ئەوە نەیانتوانیوە زمانی خۆیان بپارێزن لە ناوچوون و زۆر نەتەوەش بە هۆی ئەوەی توانیویانە زمانی خۆیان بپارێزن‌و پەرەی پێ بدەن هەر ئێستاش زیندوون‌و زۆریشن ئەوانەی دەوڵەتیان پێک هیناوەو زمانەکەی خۆیان کردۆتە زمانی رەسمی وڵاتو نەتەوەکانی دیکەشیان ناچار کردوە بەو زمانە بنووسن‌و قسە بکەن**

**عومەر باڵەکی**

# کاریگەریی دەروونی‌و زەینی کۆمار لەسەر کۆمەڵگاو تاکی کورد

**کەویار**

ڕووداوە مێژووییەکان لە گەڵ ئەوەی‌کە کاریگەرییان لە سەر ڕەوتە سیاسی‌و ئابوورییەکان هەیەو زۆر جاریش ئاراستەی ڕەوتە سیاسییەکان بەرەو ئاقارێکی دیکە دەگۆڕن، لە پرۆسەیەکی درێژخایەن‌دا شوێنەواری کاریگەر لە سەر کۆمەڵگاکان‌و باری سایکۆلۆژی تاکەکانی کۆمەڵگایش دادەنێن.

پێکهێنانی کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان لە شاری مهاباد لە گەڵ ئەوەی‌کە لە ڕووی سیاسی‌و دەسەڵاتداری‌و بەڕێوەبەرییەوە ناوچەیەکی کەمی لە کوردستان گرتەخۆ، بەڵام لە باری ڕەوانی‌و سایکۆلۆژییەوە توانی کەسایەتییەکی تایبەت بە کۆمەڵگای کوردستان‌و تاکی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان ببەخشێ.

پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورددا پێش ئەوەی تەنیا ڕووداوێکی مێژوویی لە هەرێمێکی چووکەدا بێ، ئاخێزگەو مەرجەعێکی پڕ لە مەعریفە بوو کە پێناس‌و شوناسێکی مودێرنی بە کۆمەڵگای کوردستان‌و تاکی کورد بەخشی‌و کەسایەتییەکی نوێی شوناسخوازی لە کۆمەڵگاو تاکەکانی‌دا چێ کرد، کە ئەو کاریگەرییە مەعریفی‌و زەینییە لەم سەردەمەش‌دا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بە بنج‌وبناوانی زەین‌و ڕەوانی تاکی کورددا ڕۆچووەو بۆتە مەڵەکەی زەینیی هەر تاکێکی نیشتمانپەروەرو وڵاتپارێز.

کۆمەڵگای کوردستان‌و تاکی کورد بە گەڕانەوە بۆ کۆماری کوردستان‌و پەیام و ڕەسالەتەکانی ئەو ڕووداوە مێژووییەو کارو دەسکەوتەکانی کۆمار، هەست دەکات کە خاوەنی هۆڤییەت‌و شوناسی تایبەت بە خۆیەتی‌و هەر ئەم توخمە جیاکەرەوەیە لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوە، هێندە کاریگەر بووە کە تاکی ئاگاو نیشتمانپەروەر چی‌دیکە خۆی بە کەم سەیر نەکات‌و لە هەوڵی یەکانگیرکردنی شوناسی کوردی‌و بردنەسەری خودئاگایی کۆمەڵگەکەی‌دا بێ.

دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان هەر کام بە جیا خانەیەک لە خانەکانی کەمایەسیی کۆمەڵگای کوردستان کە تا ئەوکات دەرفەتی خۆتیمارکردن‌وسارێژکردنەوەی پێنەدراوە، پڕدەکاتەوە وکەسێتییەکی نوێ‌و سەردەمیانە بە تاکی کورد لە باری شوناسخوازی و زەینییەتی ڕابوونی نەتەوەیی (بیداری ملی) دەبەخشێ‌و لە ئەنجام‌دا، باوەڕبەخۆبوون‌و خودئاگایی لە ناو کۆمەڵگەی کوردستان‌و تاکی هوشیاری کورددا دەگاتە چڵەپۆپەی خۆی‌و کوردایەتی‌و شوناسخوازی ڕێچکەی ڕەسەن‌و سەربەخۆی خۆی دەگریتەبەر.

هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا، شانازییەکە بۆ کۆمەڵگای کوردستان‌و نیشانەیەکی ڕوونیشە بۆ شوناسخوازی‌و ڕەسەنایەتیی ڕۆڵە بەئەمەگەکانی ئەو گەلە و هەر بەم پێیە ئەوان دەتوانن لە ژێر ئەو هێماو سەمبولە نەتەوەیی‌یەدا داکۆکی لە شوناس و چییەتی خۆیان بکەن‌و مان و مەوجوودیەتی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن.

پێکهێنانی سپای میللی‌و هێزی پێشمەرگە بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، باوەڕ بە «خۆپاراستن»ی لە تاکی کورد دا چێ‌کرد، کە تا ئێستاش لەوپەڕی بێ‌ئیمکاناتی‌دا هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە بە شێوەی خۆڕسک لە لایەن کۆمەڵگای کوردستانەوە وزە و هێزی پێ‌دەبەخشرێ، پێناسەی «بەرەنگاری»ی بە ڕەسالەتی خۆی بەخشیوە.

وەرێخستنی چاپخانەو و بڵاوکردنەوەی کتێب‌و پەرتووک‌و ڕۆژنامە بە زمانی کوردی دەسکەوتێکی دیکەی کۆماری کوردستانە کە بۆ یەکەمجار ئەوپەیامەی بە تاکی کوردو کۆمەڵگاکەی دا کە زمان یەکێک لە بنچینەکانی پرسی نەتەوەخوازی‌و لە فاکتەرە گرینگەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی کوردییە.

دامەزراندنی کۆماری کوردستان لەو سەردەمە پڕ لە بێ‌هیوایی‌و تاریکی‌یەدا، بەو واتایە بوو کە بزووتنەوەی مافخوازانەی بێ‌پشتیوانی کورد، لە کردەوە و زەینییەتی‌دا گیان و ڕووحی بە بەردا کرایەوە. کورد لە باری دەروونی و سایکۆلۆژییەوە ورەی وەبەر خۆی هاتەوە و هەستی ڕەسەنایەتی‌و شوناسخوازیی لە ناخیدا بنجی داکوتاو وەک نەتەوەیەکی بڕوابەخۆبوو و خودئاگا، حکوومەتی لە قاڵبی کۆماری‌دا ڕاگەیاند. زمان، شانۆ، خوێندن، گۆڤار و ڕۆژنامە، بنکە و بونیادە پیشەیی و دێمۆکراتیکەکان، بە خێراییەکی سەرسوڕهێنەر گەشەیان سەند و پەلوپۆیان هاویشت. تیشکی بەتین و تاوی ئەم هەنگاوە مەزنانەی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان‌و لە سەرووی هەمووی ئەوانەوە، نەمر قازی محەممەد، بەدڵنیایی‌یەوە بۆ هەموو سەردەمەکان وەکوو ئەستێرەیەکی پڕشنگدار بۆ هەتاهەتایە دەبریسکێتەوەو هەموو ڕۆڵە گەلپارێز و گیان لەسەر دەستەکانی وەکوو ئەزموونێکی سەرکەوتوو و جێی شانازی بۆ هەتاهەتایە پێوەی سەربەرزن.



بەشێکی بەرچاو لە ئەدیبان، نووسەران، زمانەوانان، و تەنانەت ڕێبەرە سیاسییە ناودارەکانی کوردستان، هەر ئەوانە بوون کە لە کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان‌دا بەشدار بوون یان دواتر لە ژێر کاریگەریی‌و هیوابەخشیی ئەو کۆمارە ساوایەدا، هزر و بیری کوردایەتییان گەشەی کردو ڕێچکەی ئارمان‌و ئایدیاکانی کۆماریان گرتەبەر. کەسانێک کە بیری نەتەوەخوازی و کوردایتیی خۆیان لە ئامانج‌و بیرو هزرەکانی کۆماری کوردستان وەرگرت‌و هەر لەژێر کاریگەریی دەسکەوت‌و ئارمانە بەنرخەکانی کۆماردا بوو کە دواتر بە هەوڵ‌و تێکۆشانی چڕو بەرچاویان بۆ خزمەت بە کوردو کوردستان‌و دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی کۆمار، بوونە جێگای شانازی نیشتمانپارڕێزان‌و بەدڵنیایی‌یەوە یادو ناویان لە مێژوودا بە بەرزی‌و بەڕێزی ماوەتەوە و دەمێنێتەوە.

پاش دامەزراندنی کۆمار، بۆ یەکەم جار ڕێکخراوەکانی تایبەت بە لاوان و ژنان دامەزران، زمانی کوردی بوو بە زمانی ڕەسمیی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و خوێندن بە زمانی کوردی بەرنامەی بۆ دارێژرا و هەر لەو سۆنگەیەوە خوێندن بۆ منداڵان ئیجباری کرا و هەوڵێکی چڕوپڕ بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری دەستی پێکرا و لەوەش گرینگتر لاوان بە مەبەستی خوێندن بۆ دەرەوە بەڕێ کران. کۆی ئەمانە نیشانەی گرینگی پێدانی ڕێبەرانی کورد بە پێویستیی پەروەردە بە زمانی زگماکی ڕۆڵەکانی کورد بووو ئەوان لەو ڕاستییە گەیشتبوون کە خوێندن بە زمانی زکماکی گاریگەریی ڕاستەوخۆی زۆری لەسەر گەشەکردنی بیرو پێشکەوتنی منداڵان لە قوتابخانەو کەسایەتیی نەتەوەیی‌یان‌دا هەیە؛ هەر بۆیە لەم پێوەندییەدا هەنگاوی بەرزیان هەڵێنا بۆ ئەوەی مناڵانی کورد لە هەمان سەرەتاوە بە ئەلفوبێی کوردی گۆش بکەن.

ئەوە شتێکی حاشاهەڵنەگرە زانست و لێکۆڵینەوەش سەلماندوویەتی کە ئەو منداڵانەی کە بە زمانی دایکی دەخوێنن لە بیرکردنەوەو دەربڕینی بۆچوونەکانیان‌دا سەرکەوتووترن. ئەو منداڵانەی کە ناچارن بە زمانێکی دیکە بخوێنن، لەڕاستی‌دا ناتوانن بە زمانی خۆیان بیربکەنەوە. بەڵکوو دەبێ بۆ وشەی بێگانە بگەڕێن تا لە پاڵ یەکتر ریزی بکەن‌و بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان ڕستەی پێ دروست بکەن. ئەمەش کاریگەریی نەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر ڕۆحییە و کەسایەتی منداڵان هەیە و لە داهاتوودا دەبێتە کۆسپی سەرڕێی پێشکەوتنیان لە خوێندن‌دا.

# خوێندن بە زمانی زگماکی‌و هەڵوێستەیەک



**عومەر باڵەکی**

لە ئێران‌دا کاتێک باس لە پێویستیی خوێندن بە زمانی زگماکی «دایک» دەکرێ دەسەڵاتداران لە تاران چ لە سەردەمی پاشایەتی‌و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی‌دا تەڕدەست ئەو باسە لە ڕێڕەوی ئەسڵی خۆی کە مافێکی بێ‌ئەملاو ئەولای مرۆڤە لادەدەن‌و بوختانی تاوانی بۆ هەڵدەبەستن‌و باس کردن لەو مەسەلەیە وەک پیلانگێڕی بۆ پارچە پارچە کردنی وڵاتو لاوازکردنی زمانی فارسی دادەنێن. ئایا دەسەڵاتداران بەڕاستی نازانن کە خوێندن‌و قسەکردن بە زمانی زگماکی «دایک» مافی سەرەتایی هەر مرۆڤێکەو ڕێگرتن‌و ئیزن نەدان بە تاکەکانی نەتەوەکانی دیکە ڕاستەوخۆ پێشێل‌کردنی ئاشکرای مافی مرۆڤەو دەچێتە خانەی تواندنەوەی نەتەوەیەک لە نەتەوەی باڵادەست‌دا.

هەروەکی ئیشارەی پێ‌کرا خوێندن‌و قسە کردن بە زمانی زگماکی مافی هەر تاکێکەو پێویستیی بە سەلماندن نیە چونکە منداڵ کە لە دایک دەبێ یەکەم دەنگ کە وەبەر گوێی دەکەوێ دەنگی دایکیەتی‌و لە هەموو حاڵەتێک‌دا تەنیا بە دەنگی دایکی ئارام دەبێتەوەو لە کاتی گەشەکردن‌و گەورەبوونیش‌دا تەنیا بەو زمانە دەتوانێ لەگەڵ دایک‌و باب‌و دەورووبەری خۆی پێوەندی دروست بکاو لە ڕێگەی ئەو زمانەوە دنیای دەورووبەری خۆی بناسێ‌و لە هەمان حاڵ‌دا بە هۆی زمانی زگماکی‌یەوە دەتوانێ بوونی خۆی لە کۆمەڵگەدا بسەلمێنێ.

لە بەڵگەو ئەسنادی نێونەتەوەیی‌ش‌دا خوێندن بە زمانی دایک گرینگی پێ دراوەو وەک مافێکی سروشتی‌و یاسایی دانی‌پێداهێندراوەو لێرەدا چەند نموونەیەک بە کورتی باس دەکەین:

مادەی٢٧ لە پەیماننامەی نێونەتەوەیی مافی مەدەنی‌و سیاسی بە ڕوونی باس لە مافی کەمینەکان دەکا بۆ کەڵک وەرگرتن لە زمانی زگماکی خۆیان‌و لە مادەی ١٤ی هەمان پەیماننامەدا ماف‌دەدا بەو کەسانە کە ناتوانن لە زمانی ڕەسمی دادگا تێ‌بگەن یا قسەی پێ‌بکەن دەبێ وەرگێڕیان هەبێ.

مادەی ٣٠ پەیماننامەی مافی منداڵان دەڵێ:» منداڵانی سەربە کەمایەتییە نەتەوەکان‌و مەزهەبییەکان مافی ئەوەیان هەیە چ بە تاک‌و چ بە کۆ کەڵک لە زمان‌و فەرهەنگ‌و مەزهەبی خۆیان وەربگرن».

بێجگە لەوانە لە مەنشووری زمانی دایک، بەیاننامەی جیهانیی مافی زمانی بەندەکانی ٣و٤ و بەیاننامەی مافی تاکەکانی سەر بە کەمینە نەتەوەکان، زمانی و مەزهەبی باسیان لەوە کردوە کە خوێندن بە زمانی زگماکی مافی هەر تاکێکی ئەوکۆمەڵگایەیە کە تێدا دەژی.

بێجگە لەوانە کە لایەنی نێونەتەوەییان هەیە پێویستە ئیشارە بە یاساکانی نێوخۆی ئێرانیش بکەین. ئێران کە وەک دەوڵەتێک ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە لە مادەی ٩ی قانوونی مەدەنی‌دا هاتووە کە ئێران لە بەرامبەر تەواوی ئەو پەیماننامە جیهانیانە کە ئیمزای کردوون‌و بەرپرسەو ئەوانە لە حوکمی قانوونی نێو خۆیی‌دان‌و لە ئەسڵی ١٥ی یاسای بنەڕەتی ئێرانیش‌دا ئەو مافە دراوە کە خوێندن بە زمانی زگماکی نەتەوەکانی ئێران لە ناوچەکانی خۆیان‌دا ئازادە لە گەڵ ئەوەدا کە ئەو ئەسڵە خۆی عەیب‌دارەو لە بواری دارشتنەوە کەم‌و کەسری هەیەو مەسئوولییەتی بەڕێوەچوونی ئەو کارەی بە بێ دەنگی هێشتۆتەوەو دیار نیە کێ بەر پرسیارە لە دارشتنی خوێندن بە زمانی زگماکی، بەڵام دیسان وەک ئەسڵێکی قانوونی ئەساسی، پێویستە دەوڵەت کاری بۆی بکاو ڕێوشوێنی پێویستی بۆ دەست‌نیشان بکاو پابەندیی خۆیان بە ئەسڵی ١٥ لە یاسای بنەڕەتی‌و مادەی٩ لە قانوونی مەدەنی ئێران‌دا بسەلمێنن. بەڵام دەبینین لە ماوەی ٣٤ساڵی ڕابردوودا دەوڵەت هیچ هەنگاوێکی لەوراستایەدا هەڵنەگرتووە لەگەڵ ئەوە دا لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە کاتی هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا هێندێک لە بەربژێرەکانی سەرکۆماری دروشمی خوێندن بە زمانی زگماکی کەمە نەتەوەکان هەڵدەگرن‌و کاتێک بە دەسەڵات دەگەن بە ناوی ئەوە کە لایەنێک یا چەند لایەن لە دەسەڵات بەرهەڵستکاری دەکەن چاوپۆشی لە وادەو بەڵێنیەکانی خۆیان دەکەن.

ئاغای ڕووحانی لە کاتی هەڵبژاردنەکان‌دا ئەو دروشمەی هەڵگرتبوو و بە هۆی ئەو دروشمەوە دەنگی زۆربەی کەمەنەتەوەکانی وەک «کوردو عەرەب‌و بەلووچ‌و تورک..» بە قازانجی ئەو ڕژانە نێو سندووقەکانی دەنگدانەوە. بەڵام ئێستا دەبینین هەر جارێ بە بیانوویەک ئەو مەسەلەیە پشتگوێ دەخرێ‌و لە نوێ‌ترین هەڵوێست‌دا فەرهەنگستانی زمانی فارسی بە توندی بەرەنگاری ئەو پێشنیارەی دەوڵەت دەبنەوە بێ ئەوە گوێ بدەن بە یاسای بنەڕەتی ئێران‌و قەول‌و بەڵێنیەکانی سەرکۆمار وەک سەرۆکی دوڵەت‌و کەسی دووهەم لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا بە پێی یاسا. بەڵام ڕەنگە وا نەبێ هەم دەزانن یاسای بنەڕەتی ئێران چی تێدا نووسراوەو بەڵێنی دەوڵەتی ئێران بە نیسبەت پەیمانە نێونەتەوەکان چیەو هەم قەول‌و بەڵێنیەکانی سەرکۆماریان لە کاتی هەڵبژاردن‌دا لە بیرە بەڵام ئەوە تایبەتمەندی دەوڵەتە سەرەڕۆو سەرکوتکەرەکانە کە هەر کاتێک باسی ئەوە بکرێ کە کەمەنەتەوەکان دەتوانن مافی خۆیندن بە زمانی دایکیان هەبێ تەحەمولی ناکەن چونکە ئەوان لە بیری تواندنەوەی نەتەوەیەک دان لە ڕیگای فەوتاندنی زمانەکەیان. دەسەڵاتدارن لەو مەسەلەیە بە ئاگان کە زمان یەکێک لە گرینگ‌ترین پایەکانی دروست کردنی فەرهەنگە و ئەگەر زمان بە ڕەسمی نەناسرێ‌و لە قوتابخانە نەخوێندرێ‌و لە بازاروئیداراتو ڕاگەیاندراوەکان و چاپەمەنی کاری پێ‌نەکرێ هویت و شوناسی ئەو نەتەوەیە نەپارێزراوە و ئەوە لە ڕاستی‌دا نیشانەی حاشا کردنە لە کەسایەتی نەتەوەیەکە. هەر وەک باس کرا زمان ڕۆڵی گرینگی هەیە لە پاراستنی فەرهەنگ‌و کلتووری هەر نەتەوەیەک و کەڵک‌وەرگرتن لە زمان تێگەیشتنی مرۆڤ دەوڵەمەند دەکاو ئەو تواناییەی پێ دەبەخشێ ڕۆڵی چالاک‌و ئەکتیڤی لە کۆمەڵگادا هەبێ، بەڵام قەدەغە کردنی خوێندن بە زمای زگماکی دەبێتە هۆی بێ‌بەشی کردنی نەتەوەیەک لە کلتورو فەرهەنگی خۆی‌و ڕێگای گەشەکردنی لە هەموو بوارێکەوە لێ‌دەگیرێ.

لە مێژووی مرۆڤایەتی‌دا زۆر نەتەوە هەبوون بە هۆی ئەوە نەیانتوانیوە زمانی خۆیان بپارێزن لە ناوچوون و زۆر نەتەوەش بە هۆی ئەوەی توانیویانە زمانی خۆیان بپارێزن‌و پەرەی پێ بدەن هەر ئێستاش زیندوون‌و زۆریشن ئەوانەی دەوڵەتیان پێک هیناوەو زمانەکەی خۆیان کردۆتە زمانی ڕەسمی وڵاتو نەتەوەکانی دیکەشیان ناچار کردوە بەو زمانە بنووسن‌و قسە بکەن بۆ نموونە: لە دوای هێرشی ئیسلام بۆ سەر ئێران بۆ ماوەی سێ چوار سەدە زمان‌و کلتووری عەرەب لە ئێران دا زاڵ بوو، بەڵام زمانی فارسی دوای ئەو ماوەیە کاتێک دەرکەوت ئەوەندەی کار بۆکرا هەتا بوو بە زمانی دەربارو تەنانەت پاشا غەیرە ئێرانی‌و غەیرە فارسەکانیش نەیانتوانی خۆ لە کاریگەری ئەو زمانە دەرباز بکەن‌و نەتەوەی فارسیش ئەو هەلەی قۆستەوەو بۆ سەقامگیری خۆی کەڵکی لێ وەگرت.

- کاتێک لە ساڵی ١٩٤٨ دەوڵەتی ئیسرائیل دامەزرا ڕاستە لە سەر بنەمای ئایین ئەو دەوڵەتە دروست بوو، بەڵام ئیسرائیلیەکان پێش ئەوە دەوڵەت پێک بێنن زمانی یەکگرتویان دروست کرد و خزمەتی گەشەکردنی کلتوورو فەرهەنگی خۆیان پێ کرد.

ئەو نموونانەی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە زمان چەندە گرینگەو تاک تاکی نەتەوەی کورد دەبێ لە هەوڵی ئەوە دابن کە بتواندرێ بە زمانی زگماکی خۆیان بخوێنین چونکە بەو ڕادەیەکە گرینگی بدرێ بە زمانی زگماکی‌و بەو ڕادەیەش زمان یارمەتیدەر دەبێ بۆ دروست بوونی هەستی نەتەوایەتی‌و وڵات خۆشەویستی‌و گەشە کردنی نەتەوەیی کورد.

لەو هەلومەرجەدا کە پرسی خوێندن بە زمانی زگماکی لە هەمووکاتێک زیاتر لە نێو دەسەڵاتدارانی ئێران مەترەحە پێویستە لە سەر ئەندامان پارلەمانەکان‌و نوسەران‌و ڕووناکبیران‌و مامۆستاایانی زانکۆو قوتابخانەکان‌و تاک‌تاکی کۆمەڵگایەکی گونجاو کە بۆیان دەکرێ فشار بخەنە سەرە دەوڵەتی ڕوحانی بۆ ئەوە لە قەول‌و بەڵێنەکانی پەژیوان نەبێتەوەو پاشەکشەیان لێ‌نەکاو خوێندن بە زمانی زگماکی بکرێ بە پرۆژەی خوێندنی دەوڵەت.

**ئۆباما قسە لەسەر پەیوەست بوونی سەرلەنوێی ئێران بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و لەنێوبردنی یەکێک لە گرنگترین قەیرانە ئەمنییەکانی ئەمڕۆی جیهان بەبێ مەترسیی شەڕ دەکا. پرسیاری گرنگ ئەوەیە لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا لە چ قۆناغێکدا کۆماری ئیسلامی ئێران ئیزنی داوە وڵاتی ئێران بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە پەیوەست بێ و ئەگەر مەسەلەی ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەبێ مەترسیی شەڕ چارەسەر بکرێ، ئایا کۆماری ئیسلامی بەپێی قسەکانی ئۆباما کە پشتیوانیی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکا، بەهیچ چەشنێک کێشەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی ئەمریکا یان کۆمەڵگەی جیهانیی دروست ناکا؟**

# لێکدانەوەیەک بۆ وتاری ساڵانەی ئۆباما
# لە گۆنگرەی ئەمریکا لەبارەی ئێران



ئارەش لورستانی
وەرگێڕان بۆ کوردی:
سیروان موساپوور

بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر سەبارەت بە وتارەکە، سەرەتا قسەکانی ئۆباما سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لێرەدا دادەنرێن و دواتر ڕا و بۆچوونەکانی خۆم دەخەمەڕوو بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ ئاسانتر لە گەڵ ناوەرۆکی شیکارییانەی وتارەکە پێوەندی دروست بکا. خاڵێکی گرنگی دیکە ئەوەیە بە ئانقەست وشە و دەسەواژە گرنگ و سەرەکییەکانی نێو وتارەکە کە بنەما و پێوانەی لێکدانەوەکەن، خەتیان بەژێردا کێشراوە تا خوێنەر بتوانێ باشتر لە مەبەستی نووسەر ئاگادار بێ.

باراک ئۆباما: «ئەمە ***دیپلۆماسییەتی*** ئەمریکایە کە ***بێجگە لە گوشار***، ڕێگەی لە بەرەوپێشچوونی بەرنامەی ناوەکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرتووە و بۆ یەکەم جار لە یەک دەیەی دوایی‌دا پاشەکشەی بە هێندێک لە بەشەکانی ئەو بەرنامەیە کردووە. لەحاڵێکدا ئێمە لێرە کۆ بووینەوە کۆماری ئیسلامی دەستی بە ***کۆکردنەوەی تۆێشووی ئۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئاستی سەروودا کردووە*** و سانتریفیوژی پێشکەوتووی نوێی وەڕێ نەخستووە. پشکنینە بێ‌پێشینەکان دەبنە هۆی ئەوەی هەموو ڕۆژێک پێداچوونەوە بە کارەکان‌دا بکرێ و دڵنیا بین ئێران خەریکی دروست کردنی بۆمب نیە. ئێمە لەگەڵ هاوپەیمانەکانمان خەریکی وتوێژێکین کە بزانین داخوا دەکرێ لەڕێگەی ***ئاشتیانە*** بە ئامانجەکەمان، کە پێشگرتن لە گەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە چەکی ئەتۆمیە، بگەین. ئەمە ئامانجێکە هەموومان تێیدا بەشدار و پشکدارین. ئەم وتوویژانە دژوارن و ***لەوانەیە تێیان‌دا سەرکەوتوو نەبین. ئێمە لە پشتیوانیی ئێران لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی*** وەک حیزبوڵڵا ئاگادارین کە هەڕەشە لە هاوپەیمانەکانمان

**ئۆباما پێداگریی لەسەر ئەوە دەکا تەواوی ئەم کردەوە و تێچووانە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بووە وشەیەک کە زۆربەی سیاسەتمەدار و سەرۆک کۆمارەکان کاتێک دەیانەوێ کارێکی سەروو یاسایی بکەن، کەڵکی لێ وەردەگرن. لە درێژەدا بۆهیوابەخشین و دڵنیاکردنەوە، بە کۆنگرە دەڵێ لە حاڵەتێکدا ڕێبەرانی ئێران کەڵک لەم دەرفەتە وەرنەگرن، خۆی وەک یەکەم کەس خوازیاری گۆمارۆی زیاتر بە دژی ئێران دەبێ،**

دەکەن. هەروەها ***بێ‌متمانەییەک*** کە لەنێو وڵاتی ئێمە دایە کە تەنیا بە ئاوات و ئارەزوو ناکرێ پاک بکرێتەوە بەڵام ئەم وتوویژانە لەسەر بنەمای متمانە نین. هەر ڕێککەوتنێکی درێژخایەن کە لەسەری هاوڕا بین دەبێ پشت ئەستوور بە کردەوەی شیاوی لێڕوانین و پێداچوونەوە بێ کە ئێمە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دڵنیا بکا کە ئێران بەڕاستی بەدوای دروستکردنی چەکی ئەتۆمییەوە نیە. ئەگەر جان ئێف کەنەدی و ڕۆناڵد ڕەیگان توانیان لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت وتوویژ بکەن کەواتە ئەمریکای بەهێز و دڵنیا لەخۆ دەتوانێ لەگەڵ ***دوژمنانی*** لاوازتری ئەمڕۆیی دابنیشێ. ئەو گەمارۆیانەی بەسەر ئێرانمان‌دا سەپاندن، دەبنە هۆی ئەوەی ئەم دەرفەتە بێتە کایەوە. بەڵام ڕێگە بدەن بە ڕاشکاوی بڵێم ئەگەر ئەم کۆنگرەیە ئێستا گەڵاڵەیەکی تەحریمی نوێ بۆ لای من بنێرێ کە ڕەوتی دانیشتنەکان بگۆڕێ، ئەمن ڤیتۆی دەکەم. ***لەڕێگەی ئاسایشی نەتەوەییمان‌دا*** دەبێ دەرفەتی سەرکەوتن بە دیپلۆماسیی بدەین.

ئەگەر ڕێبەرانی ئێران کەڵک لەم دەرفەتە وەرنەگرن ***ئەمن یەکەم کەس دەبم کە خوازیاری گەمارۆی زیاتر دەبم و تەواوی بژاردەکانی پێویست بەکار دێنم بۆ ئەوەی ئێران نەتوانێ چەکی ئەتۆمی دروست بکا***، بەڵام ئەگەر ڕێبەرانی ئێران سوود لەم دەرفەتە وەرگرن لەو حاڵەتەدا ئێران دەتوانێ هەنگاوێکی گرنگ بۆ پەیوەست بوون بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و ئێمە هەڵگرێ و ئێمەش یەکێک لە ***چالشە ئەمنییەتیە گەورەکانی سەردەمی خۆمان بێ مەترسیی شەڕ چارەسەر بکەین***».

زۆر لە شرۆڤەکارانی جیهان و سیاسەتمەداران و ڕاگەیاندنەکان لەسەر ئەم بڕوایەن وتارەکەی ئۆباما کە لەژێر نێوی «وتاری ساڵانەی سەرۆک کۆمار» پێشکەش کرا، لە بارودۆخی ئاسایی گرنگترین وتاری سەرۆک کۆمارە کە ڕێباز و پڕەنسیپەکانی یەک ساڵەی دەوڵەتی ئۆباما دیاری دەکات. لەم وتارە نزیک بە یەک کاتژمێرییەدا، باراک ئۆباما نزیکەی سێ خولەک و نیو لەبارەی هەڵوێستەکانی خۆی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران قسەی کرد. ئەگەر سەنج بدەینە تەواوی وتارەکەی ئۆباما، دەبینین هەڵوێستەکانی دەوڵەتی ئەمریکا لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا هەستیارترین بەشی ئاخاوتنەکەی ئۆباما لەخۆ دەگرێ کە تەنانەت لە هەندێک شوێن‌دا هەڕەشەکردنیشی تێدا بوو.

لە سەرەتای قسەکانی‌دا، ئۆباما لەبارەی هەڵوێستی دەوڵەتەکەی سەبارەت بە کۆماری ئیسلامیی ئێران قسە لەسەر دیپلۆماسیەتی ئەمریکا دەکا کە بێجگە لە فشار، ڕێگەی لە بەرەوپێشچوونی بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی گرتووە. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە ئەم دیپلۆماسییە ئەمریکاییەو گوشار لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکا بە کام ئاقار و بە چ ئامانجێک خراوەتەگەڕ کە ئەوەندەی سەرکەوتن بەدەست هێناوە کە بێجگە لەوەی توانیویەتی بەرنامەی ناوکیی ئێران ڕابگرێ. بە واتایەکی دیکە ئەو فشارەی بە هۆی دیپلۆماسیی ئەمرکایی پیادە کراوە، ئامانجێکی سەرەتایی هەبوو و ڕاگرتنی بەرنامەی ناوکی کۆماری ئیسلامی، لە شکڵ و فۆرم‌دا ئامانجی دووەمە کە وەدی هاتووە. بەڵام ئەم ئامانجە سەرەتا و یەکەمینە چیە؟ ئامانجێک کە لە سەرەتای گوشار و تەحریمەکانەوە تا ئێستا ئاماژەیەکی پێ‌نەکراوە بەڵکوو لە ڕاگەیاندنەکان‌دا تەواوی کردەوەکانی دەوڵەتی ئۆباما و دامەزراوە سیاسیی و یاساییەکان تەنیا وەک هەوڵدان بۆ ڕاگرتنی بەرنامەی نائاشتیانەی بەرنامەی ناوکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کۆمەڵگەی جیهانی ناسێنراوە.



خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئۆباما ئیددیعای ئەوە دەکا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی بە هەڵگرتنەوەی ئۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئاستی سەرەوەدا کردووە. پرسیار ئەوەیە لەسەر بنەمای چ پێوەرێک و بە پشت بە کامە بەڵگانە وەها ئیددیعایەک دەکرێ لەحاڵێک‌دا ئەو پشکنینە ورد و ڕێکوپێکانە کە دەسبەجێ دوای ئەمانە ئاماژەی دەکا تا ئێستا بە شێوازێکی دروست و سیستماتیک لەلایەن کارناسانی نێونەتەوەیی ئەنجام نەدراون و تەنانەت بە فەرزی ئەوەکە هەڵگرتنەوەی ئۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئاستێکی سەرووداا لەلایەن پشکنینە وردەکانەوە دروست بێ، پرسیاری دیکە ئەوەیە ئۆرانیۆمی پیتێنراوی ئاستی سەرووی کۆماری ئیسلامی لە ئیختیار کامە دامەزراوە یان ڕێکخراوی نێونەتەوەیی نراوە کە دەبێ بە بیستنی هیوادار و خۆشحاڵ بین؟

لە درێژەدا ئۆباما قسە لەسەر ئەم پشکنینە وردانە دەکا کە دڵنیایی پێویستیان پێک هێناوە کە «ئێران» بەدوای دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمییەوە نیە. دەربڕینی وشەی «ئێران» لەجێگەی « کۆماری ئیسلامیی ئێران «دەتوانێ بەهەڵە یان بەئەنقەست بێ. ئەگەر بەهەڵە گوترابێ لە سەرۆک کۆماری بەهێزترین وڵاتی دنیا چاوەڕوان ناکرێ نەزانانە تووشی وەها هەڵەیەک بێ و دەبێ لە داهاتوودا ڕاست بکرێتەوە. بەڵام ئەگەر بە ئانقەست یان بە بەرنامە ئەم وشەیە دەربڕیبێ، دوو حاڵەتی هەیە: یەکەم ئەوەکە دەوڵەتی ئەمریکا پێی وایە کۆماری ئیسلامیی ئێران و «ئێران» هەریەکن و حکوومەتێکی ڕەوا و پابەندی پڕنسیپە دێموکراتیکەکانە و خەڵکی ئێران دەبێ وڵامدەری شەڕفرۆشییەکانی کۆماری ئیسلامی بن. دووەم ئەوەکە لەبەرچاوگرتنی بنەما دێموکراتیکەکان بۆ دەوڵەتی ئەمریکا لەگەڵ هەبوونی ناڕەزایەتیی توندی خەڵکی ئێران لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران گرنگ نیە و ئەمریکا بێ‌بایەخدان بە بارودۆخی کۆمەڵگەی ئێران بۆ گەیشتن بە داخوازییەکانی کەڵک لە هەموو ئامرازێک وەدەگرێ. کەواتە کاتێک ئۆباما لە درێژەدا باس لە هەوڵی ئاشتییانە بۆ پێشگرتن لە گەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە چەکی ناوکی دەکا، دەبێ پرسیار بکرێ ئاشتییانە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران یان بۆ خەڵکی ئێران؟

لە بەردەوامیی ئەو خۆشبینی و سەرکەوتنە دیاریکراوانەدا، بە دەستەواژەی «لەوانەیە سەرکەوتنی بەدواوە نەبێ»، حاڵەتێکی نوێ دێنێتە کایەوە کە دەبێتە جۆرێک لە «سوپاپی دڵنیایی» بۆ شکست یان سەرنەکەوتن و، پاساو بۆ ئەو تێچووە ماددیی و دەروونییانە دێنێتەوە کە بە فیڕۆ چوون. ئەم دەستەواژەیە لەگەڵ دەستەواژەی دواتر «پشتیوانیی ئێران لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان» بەڵگەی زیاتر بۆ شکستی شیمانەیی یان دەرکەوتنی دەرەنجامی نادڵخواز بەدەستەوە دەدا. دیارە لە هەمان کاتیش‌دا کۆمەڵگەی ئەمریکا و کۆمەڵگەی جیهانی ڕووبەڕووی ترسێکی زیاتر کردۆتەوە و خوازیاری لەسەرخۆیی و تێچووی زیاتر دەبێ. بێجگە لەمەش بیسەری ئەو وتانە دەیەوێ وڵامی دوو بابەتی دیکەش وەربگرێتەوە: یەکێکیان ئەوەکە داخوا پشتیوانی لەلایەن ئێرانەوە دەکرێ یان کۆماری ئیسلامیی ئێران ، دووەم ئەوەکە لەبەرچی نەهێشتنی پشتیوانی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان کە بە ڕادەی بەرنامەی ناوکی گرنگیی هەیە، هیچ باس، گەمارۆ یان فشارێکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی بۆ جێبەجێ نەکراوە؟ ئایا کەڵک وەرگرتن لە وشەی «ئاشتیانە» کە پێشتر ئاماژەی پێ‌کراوە، بۆ کەسانێک کە پشتیوانی لە ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان دەکەن، دروستە و ئەمە لە سیاسەتی ئەمریکادا چۆن پێناسە دەکرێ؟ لە درێژەدا ئۆباما کەڵک لە وشەی «دوژمن» وەردەگرێ کە ئەم وشەیەش دەتوانێ ئاڵۆزیی زیاتر و ڕەخنەی زیاتر بخاتە سەر وتەکانی.

ئەو ڕاشکاوییەی کە ئۆباما لە درێژەی قسەکانی بەکاری دێنێ و باسی «ڤیتۆ»کردنی گەڵاڵەی گەمارۆ نوێیەکان دەکا، تەنانەت ئەگەر لەلایەن گۆنگرەشەوە پەسەند بکرێ، نیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کات و تێچوویەک کە دەوڵەتی ئەمریکا بۆ پێشگرتن لە دەستراگەیشتنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ پەرەپێدانی ئاستی بەرزی بەرنامەی ناوکی بەکاری هێناوە، زۆر قورس و زۆر بووە و نوێکردنەوەی سەرچاوە ئابووری، سیاسی و تەنانەت کاتی پێویست بۆ گەیشتنی دەوڵەتی ئەمریکا بە ئامانج، تووشی گرفتگەلی زیاتر دەبێ. ئۆباما پێداگریی لەسەر ئەوە دەکا تەواوی ئەم کردەوە و تێچووانە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا بووە. وشەیەک کە زۆربەی سیاسەتمەدار و سەرۆک کۆمارەکان کاتێک دەیانەوێ کارێکی سەروو یاسایی بکەن، کەڵکی لێ وەردەگرن. لە درێژەدا بۆهیوابەخشین و دڵنیاکردنەوە، بە کۆنگرە دەڵێ لە حاڵەتێکدا ڕێبەرانی ئێران کەڵک لەم دەرفەتە وەرنەگرن، خۆی وەک یەکەم کەس خوازیاری گۆمارۆی زیاتر بە دژی ئێران دەبێ، بەڵام کۆنگرەی ئەمریکا و هێندێک لە هاوپەیمانانی پێیان وایەئەگەر فشار و تەحریمی زیاتر نەکرێ و دانیشتنەکان دەرەنجامی باشیان نەبێ، لەو حاڵەتەدا دەبێ پرۆسەی تەحریمەکان دەست پێ‌بکاتەوە یان تەسلیمی ئیرادەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گەیشتنی بە بەرنامەی ناوکیی پێشکەوتوو بن.

لە کۆتایی‌دا ئۆباما قسە لەسەر

**ئۆباما ئیددیعای ئەوە دەکا کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستی بە هەڵگرتنەوەی ئۆرانیۆمی پیتێنراو لە ئاستی سەرەوەدا کردووە. پرسیار ئەوەیە لەسەر بنەمای چ پێوەرێک و بە پشت بە کامە بەڵگانە وەها ئیددیعایەک دەکرێ لەحاڵێکدا ئەو پشکنینە ورد و ڕێکوپێکانە کە دەسبەجێ دوای ئەمانە ئاماژەی دەکا تا ئێستا بە شێوازێکی دروست و سیستماتیک لەلایەن کارناسانی نێونەتەوەیی ئەنجام نەدراوتن**

پەیوەست بوونی سەرلەنوێی ئێران بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و لەنێوبردنی یەکێک لە گرنگترین قەیرانە ئەمنییەکانی ئەمڕۆی جیهان بەبێ مەترسیی شەڕ دەکا. پرسیاری گرنگ ئەوەیە لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا لە چ قۆناغێک‌دا کۆماری ئیسلامیی ئێران ئیزنی داوە وڵاتی ئێران بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییەوە پەیوەست بێ و ئەگەر مەسەلەی ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەبێ مەترسیی شەڕ چارەسەر بکرێ، ئایا کۆماری ئیسلامی بەپێی قسەکانی ئۆباما کە پشتیوانیی لە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکا، بەهیچ چەشنێک کێشەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی ئەمریکا یان کۆمەڵگەی جیهانیی دروست ناکا؟ لەوانەیە هێندێک کەس پێیان وابێ ئۆباما تەنیا بۆ مەسرەفی نێوخۆیی ئەو قسانەی کردووە، بەڵام نابێ لەبیر بکرێ ئامانج لە وتارە چ بووە و لە داهاتووی سیاسیی ئەمریکادا چ کاریگەریگەلێکی جیددیی دەبێ.

لە کۆتاییدا تەنیا ئاماژە بە ڕستەیەکی خومەینی، یەکەم ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەین کە دەیگوت: «ئەگەر پێویست بێ بۆ پاراستنی حکومەت واز لە ئەرک و کردەوە واجبەکانی ئیسلامییش دێنین». دروستترین و دڵنیاترین ڕێگەیەک کە کۆمەڵگەی ئێران و کۆمەڵگەی جیهانی بتوانن سیستمی کۆماری ئیسلامی بە ئاقاری شۆڕش یان ڕیفۆرم‌دا بگۆڕێ، میحوەربوونی ڕۆڵی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەموو کردەوەکان دایە، چونکە پێشێلکردنی ئاشکرا و شاراوەی مافی مرۆڤ لە ئێران لەلایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەوڵدان بۆ جێگیربوونی یاساو ڕێساکانی مافی مرۆڤ (پاشنە ئاشیل) حکومەتە کە لەگەڵ هۆوییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا لە دژایەتییەکی بنەڕەتی دایە.

**بە چاو خشاندنێک بەو ئامارانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کردن دەبینین کە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەندی وڵات خۆی دەنوێنێ، بە تایبەتی لە ناو نەتەوەی دەسەڵاتدار و ئەگەر بڕوانینە نەخشەی ئابووری و پیشەسازی ئێران، زۆربەی زۆری کارخانە و ناوچە پیشەسازییەکان و هەروەها شوێنەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و زانکۆکان لە ناوەندی دەسەڵات و لە ناوچە فارسنشینەکاندا هەڵکەوتوون**

# نەتەوە و نابەرابەری لە ئێراندا



ئاگری باڵەکی

پێش ئەوەی کە بێمە سەر بابەتی سەرەکی پێویستە کە ئاماژە بە دیاردەی ناوەندگەری لە ناوچەی فارسنشین و نەتەوەی دەسەڵاتدار لە ئێران و بەتایبەت لە تاران دا بکەم.

ئەو ئامارانەی کە پارێزگاری تاران لە گفتوگۆیەک دا خستنیە ڕوو ئەوەی نیشاندا کە حکوومەتی ئێران چەند دیکتاتۆرانە ناوچەکانی دیکەی ئێرانی لە بیر کردوە. ئەو گوتی: ٢٠٪ی حەشیمەتی ئێران لە تاران نیشتەجێن و بە پێی ئەو ئامارانەی کەهەن تاران تا ساڵی ١٤٠٠ ژمارەی دانیشتوانی لە ١٤ میلیۆن تێدەپەڕێ، ئەوە لە حاڵێک دایە کە ٣٥٪ لە پیشە سازی، ٨٠٪ لە کاری بانک و بیمە و هەروەها ٤٠٪ لە خوێندکارانی زانکۆ و ٢٠٪ لە قوتابیان و مامۆستایان و ٩٠٪ لە خوێندنی باڵا واتە سەروی لیسانس و ٨٣٪ لە خوێندکارانی دوکتۆرا و ٨٦٪ لە شارەزاییانی جۆراوجۆر لە تارانن.

بە چاو خشاندنێک بەو ئامارانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێ کردن دەبینین کە کۆبوونەوەی دەسەڵات لە ناوەندی وڵات خۆی دەنوێنێ، بە تایبەتی لە ناو نەتەوەی دەسەڵاتدار و ئەگەر بڕوانینە نەخشەی ئابووری و پیشەسازی ئێران، زۆربەی زۆری کارخانە و ناوچە پیشەسازییەکان و هەروەها شوێنەکانی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و زانکۆکان لە ناوەندی دەسەڵات و لە ناوچە فارسنشینەکاندا هەڵکەوتوون.

**نا بەرابەری نەتەوەیی لە ئێران**

کێشەی نەتەوەیی لە ئێراندا لە دوای شۆڕشی مەشروتەوە دەستی پێکرد، ئەو شۆڕشە دوو لایەنی گەورە دەگرێتەوە، یەکەمیان لایەنی نەتەوایەتی و دووهەمیان دیموکراسی بوونی ئەو شۆڕشە.

لایەنی نەتەوەیی بە مانای ئێرانی بوون نەک فارس بوون، چونکە دەوری ئازەری و بەختیارییەکان و ئەرمەنییەکان لە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشەدا ئینکار ناکرێ. بەڵام لایەنە توندڕەوە فارسەکان ئەو شۆڕشەیان بە شۆڕشی نەتەوەیی فارس دادەنا و ئەوەش وای کرد کە فارس و وڵاتانی گەورەی دنیا هاوکاری ئەو بیروڕایە بکەن. بۆیە فارسەکان توانیان مۆرەی هەڵبژێردراوی خۆیان بێننە سەر دەسەڵات کە ڕەزا شای پەهلەوی بوو، کە بە کودەتایەک و بە هاوکاری هێزە دەرەکییەکان توانی هێزی خۆی بسەپێنێ. لایەنەکەی دیکەی شۆڕش کە دێموکراسی بوو، تایبەتمەندییەکی تازەی دابوو بە شۆڕشەکە ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە فشاری کەمەنەتەوەکانی ئێران بۆ سەر حکوومەت زیاتر بکا و بەندێکی تایبەت بە ئەنجومەنی ولایەت و ئیالەتەکان لە ناو قانوونی مەشروتەدا بنووسرێ، بەڵام قەت نە لە سەردەمی قاجاری و نە لە سەردەمی ڕەزا شادا ئەو خاڵە جێ بە جێ نەکرا. لە ڕاستیدا ڕەزا شا لایەنی دیموکراتیکی ئەو شۆڕشەی وەلاناو لایەنی نەتەوەیی ئەو شۆڕشەی کە لە چەند نەتەوەیەک پێکهاتبوو بەناوی یەک زمان و یەک نەتەوە زەق کردەوە.

ئەو مەسەلەیە وای کرد حکوومەتی ڕەزاشا بە توندی سەرکوتی فەرهەنگی و سیاسی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بکا و ئەمەش دیدی نەتەوەکانی ئێرانی بۆ نەتەوەی فارس گۆڕی کە وەک نەتەوەی باڵادەست سەیربکرێ. ڕەزا شا لە جیاتی ئەوەی کە پێشکەوتن لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا وەربگرێ و لایەنە باشەکانی ئەو پێشکەوتنە بێنێتەوە بۆ ئێران و کەڵکی لێ وەربگرێ بۆ بوژاندنەوەی وڵات، بە مەبەستی پێشکەوتنی سەربازی لە بواری پیشەسازی چەکی لە وڵاتانی ڕۆژئاوا کڕی و بۆ سەرکوت کردنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کەڵکی لێ وەرگرت. لەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی ئەو نابەرانبەریانە هەر بەردەوام بوون، نەک هەر چارەسەر نەکران بەڵکو زیاتر پەرەی پێدرا و هەتا وای لێ هاتووە کە نەتەوەکان لە ئێران ڕووبەڕووی ترسی لەدەستدانی پێناسەی تایبەتی خۆیان بوونەوە. سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە نەتەوەکان بریتییە لە هەڵگرتنی چەند شوعارێکی ڕەنگاورەنگ وەک ئێران موڵکی هەموو ئێرانییەکە، کە لە ئەسڵ دا ئەوان فارس بەنەتەوەی ڕاستەقینەی خاکی ئێران دادەنێن و ڕیشەی نەتەوەکانی ئێران لە زمان و کولتووردا دەبەنەوە سەر فارس.

کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی ڕووی ناڕاستەقینەی خۆی بە غەیرە فارسەکان نیشان بدا، چەند

**لاوانی کورد زۆربەی مافی هاووڵاتی بوونی خۆیان لێزەوت کراوە و نەهێڵراوە کە تواناکانیان گەشە بکا. ئەو نابەرانبەرییە بەگشتی بۆ لاوان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەبووەو هەر لە منداڵییەوە دەست پێ دەکا. وەک ڕێگەنەدانی خوێندن بە زمانی دایک، ئەوە هەر لە سەرەتای ژیانی منداڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕوویەکی دیکەش دا و لە سەردەمی لاوەتی دا ناهێڵن لاوانی کورد لە قۆناغە بەرزەکانی خوێندن درێژە بە خوێندن بدەن**

بەندێکی تایبەت بە نەتەوە غەیرە فارسەکانی لە قانوونی ئەساسیدا گونجاندوە بۆ ئەوەی ئەوان بەشداری لە دەسەڵات دا بکەن، بەڵام ئەو بەندانەش وەک قانوونی مەشروتیەت جێبەجێ نەکران و تەنانەت بە پێچەوانەی ئەوبەندانەش کاریان کرد. «قانوونی ئەساسی کۆماری ئیسلامی بەندی ١٥، ١٩، ٤٨»

نەبوونی یەکسانی و ئاستی گەشەکردن لە نێوان نەتەوەی دەسەڵاتدار و نەتەوەکانی دیکەی ئێران وادەکا نابەرابەری نەتەوەیی کە ڕیشەکەی لە زوڵمی نەتەوەیی دا هەیە بێنێتە دی. بەڵام لەو ٦٠ ساڵەی ڕابردوودا شێوەی بیرکردنەوەی ئەو نەتەوانە کە لە ئێران دا زوڵمی نەتەوەییان لێکراوە لە گۆڕان دابووە. ئەو زوڵمەش شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئابووری، فەرهەنگی و دینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی. .. . گرتۆتەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە حکوومەتی ئێران لە ماوەی ٨٠ ساڵی ڕابردوودا حکوومەتی نەتەوەی فارس بووە و دارشتنی بەرنامە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە شێوەیەکی وا بووە کە نابەرابەری نەتەوەیی بەردەوام بەرهەم بێنێتەوە.

هێندێک کەس لەسەر مەسەلەی نەتەوەکان، دوو لایەنی قانوونی لە بەرچاو دەگرن، یەکێکیان مافی بەرابەری هاووڵاتی بوون و ئەوی دیکەش مافی نەتەوەکانی دیکەی وڵاتە.

بێ شک هەموو نەتەوەکانی ئێران، فارس، غەیرە فارس داواکاریان لە دەسەڵات ئەوەیەکە مافی نەتەوەیی خۆیان بپارێزێ و ئەومافەش دەبێ هەموو ئەو پێکهاتانەی ئەو کۆمەڵگا ٧٠میلیۆنە بگرێتەوە. مافی هاووڵاتی بوون، مافی تاکەکەسییە، بەڵام کوردو ئازەری و عەرەب و تورکەمەن و بلووچ بێجگە لە مافی هاولاتی بوون مافی نەتەوەیی (کۆمەڵی) خۆیان هەیە، کە پێی دەڵێن مافی نەتەوەیی. ئەو مافەش لە مەنشووری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان و هەموو ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ پێی لە سەر داگیراوە.

دەقی ئەو بڕیارەی کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە سەر مافی کەمە نەتەوەو کەمایەتییە دینیەکان دەرچووە دەڵێ: «هەموو وڵاتێک دەبێ لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆی لە بوونی هەموو کەمەنەتەوایەتییەکان و پێناسی نەتەوەیی و نژادی هەروەها کلتوور و ئایینی و زمانی ئەوان پشتیوانی و پارێزگاری لە مانەوەیان بکا ».

**- نا بەرابەری ئابووری**

ئەو بنەمایە نەتەوەی دەسەڵاتدار تەواوی ئابووری وڵاتی لە ئیختیاری ڕاپەراندنی کاروباری خۆی داناوە، ئەو شوێنانەی کە کەرەستەی خاویان لێ دەست دەکەوێ لەوناوچانە هەڵکەوتوون کە کەمەنەتەوەکانی تێدا هەیە، بە تەواوی لە لایەن سەرمایەدارەکانی فارسەوە دەستیان بەسەردا گیراوە، لە کانگاکانی ژێر زەویڕا بگرە تا شوێنەکانی گەشت و گوزار هەموو داهاتی ئەو شوێنانە دەچێتە گیرفانی چینی حاکم لە ئێران دا و ئەو چینە ئەوەندە چاوی بڕیوەتە دروست کردنی ئیمپراتۆری ئیسلامی ئەوەندەی بیری لە چارەسەری دەردی ناوخۆ و دانی مافی نەتەوەکان لە چوارچێوەی ئێراندا نەکردۆتەوە، ئەو سەرمایە و داهاتانەی کە لە ئێراندا دەست دەکەوێ، ڕێژەیەکی زۆری تەرخان دەکرێ بۆ هاوکاری گرووپە چەکدارەکان و توندرەوە تیرۆریستە ئیسلامییەکان. دەسەڵات زیاتر بیر لە زیاد کردنی دەسەڵات وپاراستنی دەکاتەوە تا پێشکەوتنی وڵات.

بە پێی قسەی هەندێ لە شارەزایان هۆی پاشکەوتوویی ناوچەکانی کوردنشین و بلوچنشین ئەوەیە کە ئەوناوچانە بەرهەمی ژێر زەوی و شوێنی دەست کەوتنی داهاتیان نیە، بەڵام ئەمە لایەنێکی کێشەکەیە، هەرچەندە ئەوناوچانە تا ئێستا لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە لە ڕووی جیۆلۆژییەوە بە تەواوی نەپشکندراون و پێویستە ئەو شوێنانە کاری لێ بکرێ و داهاتەکەی بە بێ جیاوازی دابەش بکرێ، بەڵام لە کۆماری ئیسلامی ئێران دا نەک ئەوە نەکراوە بەڵکو بە پێچەوانەش ئەنجام دراوە. ڕۆژنامەی «نوروز» لە ساڵی ١٣٨٠ ڕایگەیاند کە بەدرێژایی هەشت ساڵی دەسەڵاتی هاشمی ڕەفسنجانی ڕێژەی سەرمایەی بەکار هێنراو لە پارێزگای کرمان ٣٠٠ بەرابەر زیاتر بوو لە سەرمایەی بەکارهاتوو لە پارێزگاکانی ئازەر بایجانی ڕۆژ ئاوا و ڕۆژهەڵات و ئەردەبیل و زەنجان.

**- لاوان و نابەرابەری لە ئێران**

لاوانیش وەک هەموو چین و توێژەکانی نەتەوە ژێر دەستەکانی ئێران لە ژێر چەوساندنەوەی حاکمیەت دان. لەو نێوەدا لاوانی کورد زۆربەی مافی هاووڵاتی بوونی خۆیان لێزەوت کراوە و نەهێڵراوە کە تواناکانیان گەشە بکا. ئەو نابەرانبەرییە بەگشتی بۆ لاوان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا هەبووەو هەر لە منداڵیەوە دەست پێ دەکا. وەک ڕێگەنەدانی خوێندن بە زمانی دایک، ئەوە هەر لە سەرەتای ژیانی منداڵی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ڕوویەکی دیکەش دا و لە سەردەمی لاوەتی دا ناهێڵن لاوانی کورد لە قۆناغە بەرزەکانی خوێندن درێژە بە خوێندن بدەن. ئەوە سەرەرای ئەوەی کاتێک کە لاوی کورد دەنگی خۆی هەڵبریوە لە بەرامبەر ئەو نابەرابەرییانەی کە دەرهەقی خۆی و نەتەوەکەی دەکرێ، ئەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بە هەموو شێوەیەک سەرکوت کراوەو وڵامی توندی دراوەتەوە.

لاوی کورد لە ڕۆژهەڵات لە کاتی ئێستادا، جگە لەوەی وەک کوردێک دەچەوسێنرێتەوە، بەڵکو مافی لاوەتی خۆشی لێزەوت کراوە. نەبوونی ژینگەیەکی تەندروست و باش بۆ ژیانی لاوی کورد لە ڕۆژهەڵات وای کردوە کە لاوێک کە هێزەی پاڵنەری کۆمەڵگایە نازانێ چارەنووسی چیە و دەبێ چ بکا، کە زۆرجار لاو یان لە وڵات رادەکا، یان پەنا بۆ کاری نەخوازراو دەبا کە ئەمەش ئامانجی کۆماری ئیسلامییە.

هەربۆیە دەبێ هەموومان پێکەوە بیر لە نەتەوەکەمان بکەینەوە و بیر لە دوارۆژ و ستراتیژیەکی هاوبەش بکەینەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج.

سەرچاوە:

- ڕۆژنامەی پیام مردم
- هەفتەنامەی ڕۆژهەڵات
- ڕۆژنامەی نوروز
- ڕۆژنامەی کوردستان
- گۆڤاری لاوان
- ناوەندی ئاماری ئێران

درێژەی: هەواڵ و ڕاپۆرت

## یادی ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە وڵاتی فینلاند

کومیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە ڕێورەسمێکی لە شاری پایمیۆی وڵاتی فینلاند بەڕێوە برد. پەیامی کومیەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند لە لایەن کەریم ڕەسولی بەرپرسی کومیتەوە پێشکەش کرا. لەم ڕێورەسمەدا ، زۆرێک لە کوردانی دانیشتوی فینلاند و نوێنەرایەتی هێزو ڕێکخراوە سیاسیە کوردییەکانیش بە پەیام و بروسکەی پیرۆزبایی تێیدا بەشدار بوون. لە درێژەی کارەکانی جێژنی ٢ی ڕێبەنداندا، نوێنەرانی هەریەک لە هێزو ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان پیامی خۆیان بە بۆنەی ٦٨ ساڵەی دامەرزانی کۆماری کوردستانەوە پیشکەش کرد. پێشکەش کرد بریتی بوون لە: پارتی دێمۆکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، کومەلە نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، سازمانی دێمۆکراتیکی یارسان، یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان و کومەڵەی کوردی شاری تورکو. دواتر ئەندامانی یەکیەتیی لاوان



لەوڵاتی فینلاند ٢ سرودی نیشتمانیان پێشکێش کرد. لە بەشێکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا کیژی لاو ئەین ئەلیاسی گۆرانیەکی پێشکێش کرد. دوا برگەی ڕێورەسمی یادی ٦٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە کاری هونەری بە دەنگی هەریەک لە هونەرمەندان فەرهاد ئالانی و شورش بۆکانی و بە موزیک ژەنی ڕەهێل قادر و کۆری هەلپەرکێی بەشداران ڕازێندرایەوە.

## ڕاپۆرتی چەند کۆبوونەوەی فێرکاریی کومیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

بەشی پەروەردەو ڕاهێنانی کومیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو وڵاتە نۆروێژ سمینارێکی سیاسی بۆ مەریوان نەستانی لەژێر ناوی «لاوانی کورد لە دەرەوەی وڵات» پێک هێنا.

مەریوان نستانی لە باسەکەیدا تیشکی خستەسەر مێژوو و هۆکارەکای کۆچکردن، باس لە شوناسی کوردبوون و ئەرکەکانی لاوان لە دەرەوەی وڵات.

مەریوان نستانی لە باسەکەیدا بە خوێندنەوەیەک بۆ بارووٚدخی لاوانی کورد لە وڵاتانی دەرەوە باسی لە ئەرکەکانی ئێستای لاوانی کورد، بە تایبەتی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردو، تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە وێرای خۆپێگەیاندنی خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا، دەبێ بە جیدی لە خەمی پاراستنو هەروەها ناساندنی کولتووری نەتەوەیی خۆیان دابن و، هەوڵی زیاتر بدەن تاوەکوو کێشەی نەتەوەیی و سیاسیی کورد بە دونیای دەرەوە و کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بناسێنن.

هەر لە درێژەی ئەو چالاکییانەدا کومیتە ناوچەی ئۆستفۆلدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نۆروێژ کۆبوونەوەیەکی ئامووزشی بۆ ئەندامانی حیزب لەو ناوچەیە پێک هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای بەرزڕاگرتنی یادو بیرەوەریی دوو



هاورێی پێشمەرگەی کۆچکردوو، خوالێخۆشبوو محەمەممەد گازۆڵیو برایم کانیەزەردی، لە سەر ژیانو خەباتی ئەوان چەند قسەیەک لەلایەن غەفور واوەیی، پێشمەرگەی پێشووی حیزبەوە پێشکێشی بەشداربووان کراو دواتر سۆران شێرزاد، ئەندامی کومیتە باسێکی لە سەر پێرەوی نێوخۆیی حیزبو کۆمەڵێک چەمکی، وەک نەتەوە، دێموکڕاسی، سێکۆلاریزم و پلۆرالیزمی سیاسی کە لە پێرەوەی ناوخۆی حیزب دا هاتووە، بۆ بەشدار بووان دوا.

**ئەرکی هێزە سیاسییەکانی کوردیش ئەوەیە بە شێوەیەکی تۆکمەتر لە گەیاندنی دەنگو بەرجەستەکردنی کەسایەتی زیندانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی محەممەد سدیقی کەبوودوەند ڕوڵ بگێرن. هەوڵ دان بۆ ڕاکێشانی پشتگیرییەکی هەمەلایەنەتر بۆ وەرگرتنی خەڵاتی تاشتیی نوبێل لە لایەن بەرێز کەبوودوەند هەم هاوپێوەندی خەباتی مەدەنی‌و دیپلۆماسییە و هەم ڕەوایی جیهانی مەسەلەی کوردستانی ڕۆژهەڵات زیاتر دەکا.**

**ڕێبوار مەعروفزادە**

# حیزبە سێکۆلارەکانی کوردستان‌و ئایینەکان



**د. کامران ئەمین ئاوە**

> **ئەرکی حیزبێکی سێکولار یاخود چەپ نە تەنیا دوورکردنەوەی خۆ لە مەسایلی ئایینی بەڵکوو یاریدەدان بە ڕەوتی پەرەسەندنی زانستو ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگا، هەروەها جیاکردنەوەی ئایین‌و شەریعەت لە سیاسەت‌و دەوڵەت لە سیستێمی پەروەردەیە. حیزبێک کە لە بەرنامەکەی‌دا باس لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و سێکولار دەکا، بۆچی دەبێ وەکو حیزبێکی ئایینی لەگەڵ جێژنە ئایینی‌یەکان یاخود کارەساتە مەزهەبی‌یەکان هەڵسوکەوت بکا. ئەم حیزبانە باشترە ئەم کارانە بۆ عولەمای ئایینی، مزگەوت، کلیسا، جەم‌خانەو کەنیسەکان دانێن**

هەر کۆمەڵگایەک بە پێی بوونی بیروڕاو ئایینی جۆراوجۆر بە چەشنێک دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو فەرهەنگ و نەریتەی کە دیاریی ئەم باوەڕمەندیی‌یانەیە. بەهەر ڕادەیەک ئەم ئۆلیی‌و ئایینانە دوور لە توندوتیژیی‌و لە ژێرکاریگەریی دەستکەوتەکانی ماددیی‌و مەعنەویی هاوچەرخ بن هەر بەو نیسبەتە ژیانی مرۆڤ ئەورۆیی‌ترو جێگا بۆ توندوتیژی کەمترە. کوردستان نە تەنیا جێگای بوون‌و ژیانی کوردە موسلمانەکانی سوننی، شیعە، علی اللهی- یارسانیی، بەهایی‌و یەهودیی‌یە بەڵکوو شوێنی ژیانی ئاسوریی‌و ئەرمەنی‌یەکانیشە. هەر یەک لەم گرWوپانە بێ‌گومان جێژن‌و داب‌و نەریتی تایبەت بە خۆیان هەیە کە پێویستە ڕێزیان لێ‌بگیرێ‌و ئیزن بە هیچ چەشنە توندوتیژیی لەگەڵ ئەوان نەدرێ. لە چەند دەیەی ڕابردوودا بە پێی سەرهەڵدانی گرووپە دەمارگرژەکانی ئیسلامیی‌و یارمەتیی ماڵیی‌و مەعنەویی عەربستانی سەعودیی‌و ئێران بە چەشنێک ئیسلامی سیاسی بە ڕەنگو ڕوویەکی ڕادیکاڵ بۆتە هۆی کارەساتی گەورەو بچووک لە کوردستان‌دا. لەم ڕەوتەدا بە هۆی جۆراوجۆر حیزبە کوردستانی‌یەکان یان بایەخێکی وەهایان بەم هێزانە نەداوە یاخود بە چەشنێک بێ‌دەنگی‌یان گرتۆتە بەر. لە لایەکی‌دیکەوە ئەم حیزبانە کە خۆیان بە سێکولاریش دەزانن بە چەشنێک خۆیان تێکەڵاوی مەسەلە ئایینیی‌یەکان کردووە کە لەگەڵ چوارچێوەی بیرو بەرنامەی حیزبەکانیشیان نایەتەوە. بۆ وێنە بەپێی ئەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان موسلمانن، بە ناردنی پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی جێژنی قوربان‌و مەولوود و هتد ... بە چەشنێکی یەکلایانە تەنیا جێژنی موسلمانەکان زەق دەکەنەوەو تەنانەت بەرنامەی ڕادیۆو تلەویزیۆنیان بە خوێندنەوەی قورئان دەستپێ‌دەکا. جاروباریش ئاشەکە ئەوەند سوێرە کە سەرۆک کۆماری عێراق بە پێشینەی چەپەوە بەبۆنەی جێژنی قوربان پەیامی پیرۆزبایی بۆ تەواوی حیزب کوردستانی‌یەکان‌و یەک لەوان حیزبی شیوعی کوردستان دەنێرێ !!! . لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش، بڵێی ئەرکی حیزبێکی سێکولار بێ کە خۆی تێکەڵاوی مەسایلی ئایینی بکاو پاساوەکەی ڕێزگرتن لە کوردی موسلمان بێ؟ ئەگەر تەنانەت ئەمە بە کارێکی باشیش لەقەڵەم بدرێ، ئەی بۆچی بۆ ئایینەکانی دیکە ئەو ڕێزە داناندرێ؟ ئەگەر قەرار وابێ بە بۆنەی ئەم جێژنانە پیرۆزبایی لە تەواوی دین‌و ئایینەکان بکردرێ یان لە مانگی موحەرەم‌دا یادی حوسێن‌و ٧٢ کوژراوەی دەشتی کەربەلا زیندوکرێتەوە لێرەدا تەکلیفی یەزیدو مەعاویە یاخود عایشە کە بۆ بەشێکی زۆر لە کوردە سوننی‌یەکان جێی ڕێزن چی‌یە؟ بڵێی ئەمانە نەبێتە هۆی تێکەڵاوبوونی حیزبە کوردستانی‌یەکان لە کاروبارێک کە پێوەندی بە کاری ئەوانەوە نی‌یەو ئەگەر زەرەری نەبێ قازانجێکی تێدا نابێ؟ ئەرکی حیزبێکی سێکولار یاخود چەپ نە تەنیا دوورکردنەوەی خۆ لە مەسایلی ئایینی بەڵکوو یاریدەدان بە ڕەوتی پەرەسەندنی زانست‌و ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگا، هەروەها جیاکردنەوەی ئایین‌و شەریعەت لە سیاسەت‌و دەوڵەت لە سیستێمی پەروەردەیە. حیزبێک کە لە بەرنامەکەی‌دا باس لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و سێکولار دەکا، بۆچی دەبێ وەکو حێزبێکی ئایینی لەگەڵ جێژنە ئایینی‌یەکان یاخود کارەساتە مەزهەبی‌یەکان هەڵسوکەوت بکا. ئەم حیزبانە باشترە ئەم کارانە بۆ عولەمای ئایینی، مزگەوت، کلیسا، جەم‌خانەو کەنیسەکان دانێن‌و لاپەرەی گۆڤارەکانیان بە بابەتی زانستیی، کۆمەڵایەتیی – ئابووریی و بەکەڵک پڕ کەنەوە نەک پیرۆزبایی‌و سەرخۆشیی.

# باوکی مافی مروڤی کوردستان‌و ٢ی ڕێبەندان



**ڕێبوار مەعروفزادە**

محەممەد سەدیقی کەبوودوەند لە سالی ٢٠٠٥ ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستانی دامەزراندو لە ساڵی ٢٠٠٧وەش لە زیندان دایە. کەبوودوەند لە چەند ساڵی ڕابردوودا بە بۆنەی جیاواز نامەو پەیامی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کردوە. نێوئاخنی زۆربەی پەیامەکانی کەبوودوەند بانگهێشت بووە بۆ خەباتێکی ناتوندوتیژ، پاراستنی مافی مرۆڤ‌و بەڕێوەبردنی دێموکراسی بووە. لەو نێوەدا بە نیسبەت دوو پەیامی کەبوودوەند دەتوانین دەستەبەندییەکی جیاواز بکەین. کەبوودوەند لە ساڵی ٢٠١٢ بە نیسبەت تیرۆری دوکتور قاسملوو پەیامێکی بڵاو کردەوەو تێروریزمی دەوڵەتی مەحکووم کرد. بەرپرسی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ش بە بۆنەی ٦٨ ساڵەی کۆماری کوردستان پەیامێکی بڵاو کردەوەو لە پەیامەکەی خۆی‌دا لە مافی خۆبەڕێوەبەری خەڵکی کوردستان‌و سیستمێکی فێدراڵ داکۆکی کرد. تێرامان لە کاریگەری دانی ئەم چەشنە پەیامانە کە بە نیسبەت بابەتی سیاسی‌و نەتەوەیی لە لایەن چالاکێکی مەدەنی لە زیندانەوە دەرکراون پربایەخە.

### زیندان‌و خەبات

زیندان بریتییە لەو دیوارە بڵیندانەی کە بۆ ئەوە ئاوا بڵێند دروست کراون کە گاڵتە بە باڵای مرۆڤ بکەن، زیندان بریتییە لەو دابڕانە ناچارەی نێوان مرۆڤ‌و کۆمەڵگە، بریتییە لەو ژوورە تاریکانەی بۆ ئەوە ئاوا تاریک دروست کراون، دووری لە فەزای گشتی‌و دووری لە هەتاو و ڕەمزی ژیان بکەن بە نزیکییەکی ڕۆژانەو ترسناکی مرۆڤ لە بێ دەنگی‌و مردنی خۆی. زیندان کۆمەڵگەیەکی دەستکردە کە لەودا ناهاوسەنگییەکی ترسناک لە نێوان پێوەندیی مرۆڤ‌و دەسەڵات پێک دێ.

ئەگەر بیرەوەرییەکانی ژیانی کەسێکی ئاسایی کۆمەڵگە بخوێنینەوە لەو نووسراوەیەدا مەوداکانی منداڵی‌و پیری، شەوو ڕۆژ، پێکەنین‌و گریان، ژیان‌و مردن مەودایەکی ئاساییین، بەڵام لە نمایشی سەربردەی زیندانییەکان‌دا، لە هونەرو ئەدەبیاتی زیندان‌دا مەوداکانی نێوان پێکەنین، هەناسەهەڵمژین، برسێتی و هاوارو مردن بە تێکرا دەشێوین، تەنانەت زیندان مانای خودی مەوداش دەشێوێنێ. دواجار زیندانەکان بۆ ئەوە دروست کراون کە مەودای ژیان‌و مردنی مرۆڤ، واتە ئازادیی مرۆڤ، لە نێو ببەن‌و مرۆڤی مردوو و فەرمانبەر دروست بکەن.

ئەوەی دەسەڵاتی زیندان پێکدێنێ بریتییە لە تاریکی، زنجیر، ئەشکەنجەو ئێعدام، بەڵام هێزی خەباتکار لە خۆڕاگری، بوێری، مرۆڤدۆستی، دیالۆگو لە ڕاستی‌دا لە نامەکان‌و ئەدەبیاتی زیندانی ئەو دایە. ئەدەبیاتی زیندان بەرگری‌و داهێنانێکی گەورەی مرۆڤە لە مرۆڤبوونی خۆی. ئەدەبیاتی زیندان هونەری بەرهەمهێنانەوەی ڕەخنە، دیالۆگ، بوێری، ئازادی‌و دواجار هونەری بەرهەمهێنانەوەی مرۆڤایەتی مرۆڤە لە بەرامبەر دەسەڵاتی زیندان‌دا. لە ساڵانی ڕابردوودا دوو زیندانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانیوایانە ئەدەبیاتێکی کاریگەر لە نێو زیندان‌دا بەرهەم بێنن‌و فازێکی دیکە لە خەباتی نێو زیندان بێننە ئاراوە. یەکێک لەو دوو زیندانییە فەرزادی کەمانگەر ماموستای کورد بوو کە تا ئەو کاتەی لە سێدارە درا، نامەکان و ئەدەبیاتی ئەو دەنگی ئازادیخوازی‌و مرۆڤدۆستی خەڵکی کوردستان بوو.

زیندانییەکەی دیکە محەممەد سەدیقی کەبوودوەندە کە بۆیە دەستبەسەرو زیندانی کرا کە بێ دەنگ بکرێ‌و نەتوانێ «پەیامی خەڵک»ی کوردستان بڵاو بکاتەوە، بەڵام خۆڕاگری‌و بەردەوامی ئەو نیشانی‌دا کە ڕێژیم ناتوانێ بە زیندانی کردنی چالاکانی کورد کۆتایی بە مافخوازی سیاسی‌و مەدەنی خەڵکی کوردستان بێنێ. گرینگی نووسین‌و بڵاوکردنەوەی نامە لە نێو زیندانەوە بۆ دەرەوە لەوەدایە کە بە کردەوە نیشان دەدا زیندان نەتەنیا نەبۆتە هۆی پاسیڤبوون‌و دوورکەوتنەوەی چالاکانی مەدەنی‌و سیاسی، بەڵکوو ڕەواییەکی ئەخلاقی زیاتر دەبەخشێتە کارو بیروڕای ئەو زیندانیانە. لە شوێنێک ڕا دەبێ دەست بکەین بەوەی ئازادی ڕادەربرین بکەین بە بنەمایەک بۆ هەموو ئازادییەکانی دیکە. ئەو کاتە کە بێدەنگیمان هەڵبژارد، بنەمایەکمان دروست کردوە بو ئەوەی لە نێوو دەرەوەی زیندان‌دا هەموو مافەکانمان زەوت بکەن.


### کەبوودوەندو خەبات

لە دوای کۆتایی هاتنی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری، خەباتی مەدەنی‌و سیاسی وەک شێوازی باوی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێکەوتووە. دامەزرانی NGO کانیش ئامرازیان بۆ ئەو شێوازە لە خەبات دابین کردوە، بەڵام زور جار هەست بەوە کراوەو دەکرێ کە خەباتی مەدەنی‌و سیاسی ئاستی داواکارییەکان‌و خەباتی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابەزاندوە. چالاکانی مەدەنی‌و سیاسی خواست و پوتانسیەلی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بە پرژانە سەر پارچەکانی دیکەی کوردستان وڵام داوەتەوە.

بۆ نموونە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی هەڵەبجە لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاری‌دا لە کۆتاییەکانی دەیەی هەفتا دەبێتە هەوێن‌و بنەمایەک بو پێناسەکردنی «بزووتنەوەی خوێندکاری کوردی». خۆپێشاندان بە هۆی دەستبەسەرکردنی بەرێز ئوجەلان بریندارو کوشتەی لێ‌دەکەوێتەوە، مام جەلال دەبێتە سەرکوماری عێراق، خەڵکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شیرینی بڵاو دەکەنەوە، کوردی ڕۆژئاوای کوردستان تووشی ئاوارەیی دەبن، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەی خۆیان لە ژێر گوشای ئابووری دان هاوکاری کۆ دەکەنەوە و... بەوشێوانەو لەو ڕێگایانەوە کوردایەتی خۆیان بەرجەستە دەکەن‌و پوتانسیەلی کوردایەتی زۆرجار بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان خاڵی دەکرێ.

لە ڕاستی‌دا بوێر بوون و چالاکبوون لە سەر کۆمەلیک سووژە لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێناسەکردنەوەیان وەک کوردایەتی لە نەبوونی خودی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سووژە، خەبات لەمپەری گەورەیە لەبەردەم دروستبوونی کەسایەتی سیاسی–نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو پەیامانەی کەبوودوەند کە لە ٢٣ ساڵەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و لە ٦٨ ساڵەی کۆماری کوردستان بڵاوی‌کردنەوە شکاندنی بێدنگی لە ئاست کۆمەلێک ڕووداوی گرینگ لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەوە لە حالێک‌دایە بەرفراوانکردنی ئازادی ڕادەربڕینی سیاسی زورتر لە ڕێفورمخوزان و پارلمانتارانی کورد چاوەروان دەکرێ. ئەگەر چالاکانی سیاسی نێوخوی وڵات بیانهەوێ قورسایی‌و خوشەویستی پەیدا بکەن دەبێ لە سەر مەسەڵە هەستیارە مێژووییەکان‌و ستراتیژییەکانی هەنووکەی روژهەڵاتی کوردستان قسە بکەن‌و تێچووەکانی ئەو کارەش تەنانەت چوونە زیندانیش وەک بەشێک لە گەشەکردنی خۆیان‌و نەتەوەکەیان لە قەڵەم بدەن.

لەو نێوانەدا ئەرکی هێزە سیاسییەکانی کوردیش ئەوەیە بە شێوەیەکی تۆکمەتر لە گەیاندنی دەنگو بەرجەستەکردنی کەسایەتی زیندانیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تاییەتی محەممەد سدیقی کەبوودوەند رول بگێرن. هەوڵ دان بۆ ڕاکێشانی پشتگیرییەکی هەمەلایەنەتر بۆ وەرگرتنی خەڵاتی تاشتیی نوبێل لە لایەن بەرێز کەبوودوەند هەم هاوپێوەندی خەباتی مەدەنی‌و دیپلۆماسییە و هەم ڕەوایی جیهانی مەسەڵەی کوردستانی ڕۆژهەڵات زیاتر دەکا.



**ئێمە دەتوانین دیاری بکەین کە چ شتێک حکوومەتی چاک لە خراپ جیا دەکاتەوە: ئێمە دەتوانین کاریگەرییەکانی جۆرەها حکوومەت تاوتوێ بکەین و بەو ئاکامە بگەین کە دەبێ چ تایبەتمەندییەکی باش لە ئارادا بێ بۆ ئەوەی باشترین جۆری حکوومەت دروست بێ. بە واتایەکی دیکە شتێک بە ناوی زانستی سیاسی هەیە. لە وێنەکانی لۆرنتستی دەسەڵاتداری خۆپارێز کۆمەڵە تایبەتمەندییەک دەورەی داوە کە بەگوێرەی فەلسەفەی سیاسیی ئەو سەردەمە، وەک تایبەتمەندییە بەنرخەکانی حکوومەتی باش لە قەڵەم دراون**

# پێویستیی فەلسەفەی سیاسی لەچیدایە؟

**بەشی یەکەم**

**نووسەر: دەیڤید میلر**

**و: مادح ئەحمەدی**

ئەم باسە، باسێکی کورتە سەبارەت بە بابەتێکی گەورە، بەو بۆنەوە کە دەوترێ وێنایەکی روونترە لە هەزاران وشە، دەمەوێ بە چەند وتەیەک لەمەڕ وێنەکێشان دەست بە نووسینی ئەم باسە بکەم کە یارمەتیمان دەدا تێبگەین لەوەی فەلسەفەی سیاسیی بە گشتیی دەیەوێ لە سەر چ بابەتگەلێک بدوێ. ئەم وێنەیە «ئامبروجۆ لۆرنتستتی» لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٧ و ١٣٣٩ی زایینیی دا لە سەر سێ دیواری «سالا دی نووە»(ژووری ٩ کەسی) لە «پالاتسۆ پوبلیکۆ»ی سیەنا کێشاویە. وێنەکە وا لە قەڵەم دەدرێ کە تەعبیر لە حکوومەتی باش و خراپ دەکا. وێنە دیوارییەکانی لۆرنتستتی سەرەتا بە کێشانی ئەو تایبەتمەندییانەی کە دەبێ دەسەڵاتداران هەیانبێ و ئەو تایبەتمەندییانەی کە نابێ هەیانبێ، هەروەها دواتر بە نیشاندانی کاریگەریی حکوومەتی چاک و خراپ لە سەر ژیانی خەڵکی ئاسایی، ناوەرۆکی ئەم دوو جۆرە حکوومەتە دەکێشێ. کەوابوو لە حکوومەتێکی باشدا، حاکمی پایەبەرز بە عابایەکی شاهانەوە لەسەر تەخت دانیشتووە و بە وێنەگەلی ئازایەتی، دادپەروەری، دڵاوایی، ئاشتی، پاشەڕۆژبینی و میانەڕۆیی دەورە دراوە. لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا خەڵکێک راوەستاون کە پەتێکی بەرز هەموویان دەگرێتەوە و سەری پەتەکەش وەک نیشانەی دۆستایەتی و خۆشەویستی نێوان دەسەڵاتدار و خەڵک گرێ دراوە بە مەچەکی دەسەڵاتدارەوە. ئەگەر ئاوڕ لە لای راست بدەینەوە کاریگەری حکوومەتی باش سەرەتا لە ناوشاردا و دواتریش لە دەرەوەی شاردا دەبینین: شار رێکوپێک و دەوڵەمەند، کاسبکارەکان سەرقاڵی کاری خۆیانن، بازرگانەکان خەریکی کڕین و فرۆشتنن، خانەدانەکان سواری ئەسپە رازاوەکان و سەماکەرەکانیش دەستیان لە ناو دەستی یەکتردایە و هەڵدەپەڕن، لەوپەڕی دەروازەکەوە خاتوونێک جلوبەرگێکی جوانی لەبەردایە و بۆ ڕاو دەچێ ، لە سەر ڕێگاکەیدا بەرازێکی دابەستراوە رەوانەی بازاڕ دەکرێ و وەرزێڕەکانیش خەریکی چاندن و کارن. ئەگەر بینەرێک بەجوانی چاو لە وێنەکە نەکات و لە مەبەستی وێنەکێشەکەی نەگات، ئەو وێنەیەی کە نیشانەی تەناییە ئاڵایەکی بە دەستەوەیە کە لە سەریان نووسیوە:

مادام ئەم خەڵکە پارێزەری ئەم خاتوونە پایەبەرزە بن، هەمووان دەتوانن بە شێوەی ئازاد و بە بێ ترس بەم جادەگەلەدا سەفەر بکەن و بچێنن و دروێنە بکەن. چونکە ئەم خاتوونە پەستیی دەسەڵاتی بۆ ئێمە ئاشکرا کرد.

لایەکی دیکەی وێنە دیوارییەکانی لۆرنتستتی کە حکوومەتی خراپ وێنا دەکا، وەک ئەو لاکە نەپارێزراوە، بەڵام ئەوەندە دیارە کە پەیامەکەی دەڵێ: دەسەڵاتدارێکی ئەهریمەنی کۆمەڵێک پەستی وەک چاوچنۆکی و غەدر و فیز دەورەیان داوە، شارێک لە ژێر دەسەڵاتی پۆلیسیدا و زەوییە بێ کەڵکەکانی دەورووبەری شار سوپایەکی خەیاڵی لە ناویان بردوە. لێرەدا وێنەی ترس ئاڵایەکی هەڵکردوە کە لە سەری نووسراوە:

لەم شارەدا هەر کەس بە دوای بەرژەوەندی خۆیەوەیە و دادپەروەری دیلی دەستی زۆردارییە. ناو شار و دەرەوەی شار پڕە لە چەتە و ڕێگر و بەم پێیە کەسێک ناتوانێ بێ ترسی لە دەستدانی گیانی بچێتە ئەم جادەیەوە.

رەنگە بۆ ئەوەی تێبگەین کە فەلسەفەی سیاسیی چییە و بە کەڵکی چی دێ، ڕێگایەکی باشتر لە چاو لێکردن لە شاکارەکانی لۆرنتستتی هەبێ. دەتوانین بڵێین فەلسەفەی سیاسی لە ناوەرۆک و هۆ و بەرهۆکانی حکوومەتی چاک و خراپ دەکۆڵێتەوەو وێنەکانی لۆرنتستتی هەم بابەتی ئەم لێکۆڵینەوە لە خۆیدا بە کورتی دەردەبڕێ، هەم سێ بۆچوونی بنەڕەتی و ناوەندی فەلسەفەی سیاسی لە چوارچێوەیەکی دیتراودا کێشاوە. یەکەم ئەوە کە حکوومەتی باش و حکوومەتی خراپ زۆر بە قووڵی کاریگەرییان لە سەر ژیانی مرۆڤەکان هەیە. لۆرنتستتی پێمان دەڵێ کە دەسەڵاتدارێتیی دادپەروەریی و تایبەتمەندییە بەرزەکانی دیکە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی ئاسایی بتوانن کار بکەن، بازرگانی بکەن، بچن بۆ ڕاو، سەما بکەن و بەگشتیی سەرجەم ئەو کارانەی کە ژیان دەوڵەمەند دەکا، ئەنجام بدەن.

ئەمەش لە کاتێکدایە لەوبەرەوە دەبینین کە ستەمکاری، هەژاری و مەرگی لێدەکەوێتەوە. کەواتە بۆچوونی یەکەم ئەوەیە: حکوومەتی باش و خراپ، بێگومان کاریگەری لە سەرمان دەبێ. ئێمە ناتوانین کارمان بە سیاسەت نەبێ، پەنا بۆ ژیانی تایبەتی خۆمان بەرین و پێمان‌وابێ کە شێوەی ئەو حکوومەتەی کە لە سەرمانە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بەختەوەریی تایبەتیمان نابێ.



بۆچوونی دووهەم ئەوەیە کە دەڵێ ئەو فۆرمەی حکوومەت بە خۆیەوە دەگرێ لە پێشدا دیاری نەکراوە: ئێمە مافی هەڵبژاردنمان هەیە. پێش هەموو شتێک دەبێ بپرسین لە بنەڕەدا بۆ ئەم وێنەیە کێشراوە؟ ئەم وێنە دیوارییانەی لە سالا دی نووە ـ ژووری نۆکەسی ـ دا کێشرا بوو کە مەبەست لە نۆ کەسیش، ئەنجومەنێکی نۆ کەسی بوو کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی چواردەی زایینیی دەسەڵاتداری شار بوون و ئەندامان ئەو ئەنجومەنەش بە شێوەی خولیی(دەورەیی) لە نێوان بازرگانە دەوڵەمەندەکانی شاردا هەڵدەبژێران. کەواتە ئەو وێنە هەم وەبیری ئەو بازرگانانەی دەهێناوە کە ئەرکییان بەرامبەر بە خەڵکی سیەنا چییە و هەم رێز گرتنێک بوو لە پێکهاتەی کۆماریی حکوومەت کە لە سەردەمێکدا زۆربەی شارەکانی ئیتالیا تووشی پشێوی سیاسیی هاتبوون، لەو شارەدا حکوومەتی کۆماری جێگر بوو. وێنەی حکوومەتی خراپیش تەنیا نموونەیەکی داڕنراو(ئەبستراکت) نەبوو: ئەم وێنەیە ئەوەی وەبیر دەهێنایەوە کە ئەگەر دەسەڵاتدارانی شار ئەرکەکانیان بەرامبەر بە خەڵک جێبەجێ نەکەن، سەرەڕای ئەوەی خەڵک ئەرکی خۆیان، واتە چاودێری کردنی وردی نوێنەرەکانیان ئەنجام نەدەن، چ روو دەدات.

بۆچوونی سێیەم ئەوەیە کە ئێمە دەتوانین دیاری بکەین کە چ شتێک حکوومەتی چاک لە خراپ جیا دەکاتەوە: ئێمە دەتوانین کاریگەرییەکانی جۆرەها حکوومەت تاوتوێ بکەین و بەو ئاکامە بگەین کە دەبێ چ تایبەتمەندییەکی باش لە ئارادا بێ بۆ ئەوەی باشترین جۆری حکوومەت دروست بێ. بە واتایەکی دیکە شتێک بە ناوی زانستی سیاسی هەیە. لە وێنەکانی لۆرنتستتی دەسەڵاتداری خۆپارێز کۆمەڵە تایبەتمەندییەک دەورەی داوە کە بەگوێرەی فەلسەفەی سیاسیی ئەو سەردەمە، وەک تایبەتمەندییە بەنرخەکانی حکوومەتی باش لە قەڵەم دراون. بڕیار بوو ئەم وێنە دیوارییانە شتمان فێر بکەن: بڕیار بوو ئەو وێنانە هەم دەسەڵاتداران و هەم خەڵک فێری ئەوە بکەن کە چۆن دەتوانن ژیانێک دابین بکەن کە جێی ڕەزامەندی بێ. ئەمە پێشەکی پێمان دەڵێ بۆ دابینکردنی ژیانێکی جێی ڕەزامەندی دەتوانرێ زانستێک فێر بی و مەبەستی «لۆرنتستتی»یش بێگومان هەر ئەمە بووە.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم تایبەتمەندییانە، ئایا ئێمە دەبێ پەیامی ئەم وێنە دیوارییانە قبووڵ بکەین؟ لە راستیدا ئایا بانگەشە ناڕاشکاوانەکانی ئەو وێنانە راستییان لە جاڕەدا هەیە؟ لە ڕاستیدا ئایا ئەو جۆرە حکوومەتەی کە بە سەرمانەوە دەسەڵاتدارە کاریگەری لە سەر ژیانمان هەیە؟ ئایا ئێمە لەم بوارەدا مافی هەڵبژاردنمان هەیە، یان جۆری حکوومەتی ئێمە شتێکە کە دەستمان پێناگا و لە چوارچێوەی دەسەڵاتماندا نییە؟ و ئایا دەتوانین بزانین و دیاری بکەین کە چ تایبەتمەندیگەلێک جۆرێک لە حکوومەت لە چاو جۆرێکی دیکەی حکوومەت باشتر دەکا؟ ئەمانە ژمارەیەک پرسیاری گەورەن کە فەیلەسووفەکانی بواری سیاسەت هێناویاننە گۆڕێ؟ دیارە کۆمەڵە پرسیارێکی بچووک و گەورەی دیکەش هەن. بەڵام پێش ئەوەی هەوڵبدەم وڵامی ئەم پرسیارانە بدەمەوە، دەبێ کەمێک زیاتر شی بکەمەوە.

ئەمن لێرەدا کاتێک قسە لە سەر حکوومەت دەکەم مەبەستم بابەتێکی گشتیتر لەو حکوومەتەیە کە دەسەڵاتی بەدەستەوەیە: مەبەستی من لە حکوومەت تەنیا ئەو کەسانە نین کە تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتداریەتیی و حوکمڕانییان لە هەر کۆمەڵگایەکدا لە هەر کاتێکی دیاریکراودا هەیە. لەڕاستیدا مەبەستی من لە چاو دەوڵەت گشتیترە و مەبەستی من لە حکوومەت تەنیا دامەزراوە سیاسییەکانی وەک ئەنجومەنی وەزیران، پارلەمان، دادگاکان، پۆلیس، هێزە چەکدارەکان و شتی لەو بابەتە نییە کە دەسەڵات و حوکمڕانی لە ڕێگایانەوە جێبەجێ دەکرێ. مەبەستی من لە دەسەڵات سەرجەم ئەو ڕێسا، هێزە و ڕواڵەت و دامەزراوانەیە کە ئێمە لەژێر دەسەڵاتی ئەواندا لە کۆمەڵگادا پێکەوە دەژین. رەنگە بتوانین وای دابنێین کە ئەوەی مرۆڤەکان پێویستیان بە هاوکاریکردنی یەکترییە سەلمێنراوە، دەیانەوێ بزانن کە کێ دەتوانێ لەگەڵ کێ و چ کارێک بکا، کێ خاوەنی چییە لەم جیهانە ماددییەدا و ئەگەر کەسێک یاساکان پێشێل بکا چ روو دەدا و چەند شتی دیکەی لەو بابەتە. بەو حاڵەش دیسان ناتوانین بیسەلمێنین کە مرۆڤەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و گرفتانە بێ ئەملا و ئەولا دەبێ دەوڵەتیان هەبێ. یەکێک لە سەرەکیترین بابەتەکان لە فەلسەفەی سیاسیدا ئەوەیە کە لە بنەڕەدا ئێمە بۆ پێویستمان بە دەوڵەتە، یان ئەگەر بە شێوەیەکی گشتییتر بڵێین بۆ پێویستمان بە دەسەڵاتداریەتیی سیاسییە. ئێمە پێش هەموو شتێک دەبێ وڵامی ئەو بانگەشەی ئانارشیستەکان بدەینەوە کە دەڵێن کۆمەڵگاکان دەتوانن بە بێ دەوڵەت و بە بێ هیچ کێشەیەک خۆیان بەڕێوە ببەن. بەم پێیە من جارێ نامەوێ وڵامی یەکجارەکی بەو پرسیارە بدەمەوە کە ئایا «حکوومەتی باش» پێویستی بەوەیە دەوڵەتی هەبێ، یان پێویستی بەوەیە کە حکوومەتێکی لە فۆرمی نەریتیدا هەبێ. پرسیارێکی دیکەش ئەوەیە کە ئایا دەبێ یەک جۆر حکوومەت هەبێ یان چەند جۆر؟ واتە سیستمێکی یەکگرتوو بۆ هەموو مرۆڤەکان، یان سیستمگەلی جیاواز بۆ خەڵکانی جیاواز.

کاتێک لۆرنتستتی وێنە دیوارییەکانی دەکێشا، لە بنەڕەدا حکوومەتی باش و خراپی بە پێی تایبەتمەندییە مرۆییەکانی دوو جۆر دەسەڵاتدار و کاریگەریی ئەو تایبەتمەندییانە لە سەر ژیانی هاووڵاتییەکانیان پێناسە دەکرد. رەنگە پێناسە کردنی حکوومەتی باش و خراپ بەم شێوەیە، بە ئاماژە بەو ئامرازەی کە لۆرنتستتی بۆ گەیاندنی پەیام هەڵیبژاردبوو نەدەکرا خۆی لێببوێری. بەڵام بێجگە لەمە، ئەم پێناسەیە لەگەڵ فەزای فیکریی ئەو سەردەمەی ئەو دەگونجا. لەو سەردەمەدا حکوومەتی باش زیاتر لەگەڵ تایبەتمەندیی ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو ـ ئاوەزمەندی، ئازایەتی، دڵاوایی و... ـ پێوەندی هەبوو تا لەگەڵ سیستمی حکوومەتی. دیارە بێگومان باس و گەنگەشە لەمەڕ سیستمی حکوومەتی لە ئارادا بوو: بۆ وێنە لەمەڕ لە سەرتربوونی حکوومەتی پاشایەتی لە چاو حکوومەتی کۆماری یان پێچەوانەکەی. بەڵام ئەمڕۆ شوێنی سەرەکیی باسەکە گۆڕاوە: ئەمڕۆ نیگەرانیی ئێمە زیاتر دامەزراوەکانی حکوومەتی باش دەگرێتەوەو ئەوەندە ئەو کەسانەی کە ئەم حکوومەتانە بەڕێوە دەبەن ناگرێتەوە. بێگومان ئێمە لەم بوارەدا زۆر پێشکەوتووین، بەڵام من پەیڕەوی لە شێوە مۆدێرنەکەی دەکەم و لە بەشەکانی دواتردا لە قۆناغی یەکەمدا لەمبارەوە قسە دەکەم کە حکوومەتی باش دەبێ چ سیستمێکی هەبێ نەک لە سەر ئەوە کە چۆن دەسەڵاتدارەکانمان بکەینە دەسەڵاتداری خۆپارێز.

ئێستا دەگەڕێینەوە بۆ لای بۆچوونێکی شاراوە لە وێنەکانی لۆرنتستتی دا. لە نێوان ئەم سێ بۆچوونەدا، داکۆکیکردن لە یەکیان لەوانی دیکە ئاسانترە. ئەو بۆچوونەی کە پێی‌وایە حکوومەت بەڕاستی کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی ژیانی ئێمە هەیە. ئەگەر ئەم بۆچوونە لای هەندێ کەس روون نییە، رەنگە هۆکارەکەی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە لە سایەی دەسەڵاتێکی تا ڕادەیەک سەقامگیردا بژین کە ساڵ لە دوای ساڵ گۆڕانکاریی بنەڕەتی روو نادا. لە رۆژەکانی هەڵبژاردندا، حیزبێک جێگای حیزبێکی دیکە دەگرێتەوە، بەڵام ئەم گۆڕانکارییە کاریگەرییەکی لاوەکی لە سەر ژیانی زۆربەی خەڵک هەیە (ئەگەرچی سیاسەتوانەکان وادەنوێنن کە بەوشێوەیە نییە). بەڵام لەجێی ئەمە ژمارەیەک لەو ڕێژیمانەی کە لە سەدەی رابردوودا سەریان هەڵداوەو روخاون، وەبیر بێننەوە: ڕێژیمی نازییەکان لە ئەڵمانیا و ئەو شەش ملیۆن جوولەکەی کە کوشتیانن وەبیر بێننەوە، یان «چین»ی مائۆ و ئەو ٢٠ ملیۆن کەسە (یان تەنانەت زیاتر) وەبیر بێننەوە کە لە ئاکامی قاتوقڕیدا گیانیان لە دەست دا کە بەرهەمی «وەرسووڕانی گەورە» بوو. ئێستاش لەم سەردەمەدا ستانداردەکانی ژیانی هەموو خەڵک لە وڵاتانی دیکەدا بە نرخێکی بێوێنە بەرز بێتەوە. وادیارە مێژووی سەدەی بیستەم نۆژەنکردنەوەی مووبەمووی ئەو پارادۆکسانەیە کە لە وێنە دیوارییەکانی لۆرنتستتیدا کێشراون.

بەم حاڵەش دەبێ لە ناو ئەو سێ بۆچوونەی وێنە دیوارییەکاندا بە دوای دووەمین بۆچووندا بچین. تەنانەت ئەگەر پێشمانوابێ کە شێوە جیاوازەکانی حکوومەت راستەوخۆ هۆکاری خۆشبژیوی، یان هەژاری و ژیان و یان مەرگ بوون و هەن، دیسان تا چ رادەیەک دەتوانین کاریگەریمان لەسەر ئەو ڕێژیمانە هەبێ کە بەسەرمانەوە دەسەڵاتدارن؟ یان نەکا حکوومەتەکان تەنیا ژمارەیەک ئاڵقەی زنجیرێکن کە خودی ئەو ئاڵقانە لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵێک هۆ و بەرهۆی بنەڕەتیتردا، بە تەواوەتی لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئێمەدان؟ و ئەگەر وابێ، کەواتە فەلسەفەی سیاسی کە بانگەشەی ئەوە دەکا کە دەیەوێ لە هەڵبژاردنی باشترین شێوەی حکوومەتدا یارمەتیمان بدا، بە کەڵکی چی دێ؟

سەرچاوە:

**میلر، دیوید، فلسفەی سیاسی، مترجم: بهمن دارلشفایی، نشر ماهی،چاپ دوم، سال ١٣٩٠.**

ئەدەب و هونەر
کوردستان
ژمارە: ٦٢٥
١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٢
٤ی فێوریەی٢٠١٣

# گەشەی زمانی کوردی لە پارێزگای کرماشان‌وئیلام



عەلی لەیلاخ

یەکێک لە پیلانە سەرەکییەکانی نەیارانی کورد وکوردستان بەگشتی بۆ درێژەدان بە کۆنالیزمی سیاسی‌وفەرهەنگی خۆیان، پیلانی ئاسمیلە کردن و توانەوەی کوردە لە باری زمانی و فەرهەنگییەوە. مێژووی ئەم رەوتە ئەگەر لانیکەم لە ئێران لەدەورانی دەسەڵات داریەتی(صفوی)یەکانەوە لە چاوبگرین، کە یەکەم کۆچاندنی کوردان لەو دەورانە دەستی پێکردو بە سەدان بنەماڵەی کوردیان لە خاک‌و زێدی خۆیان هەڵکەندو رەوانەی خورهەڵاتی ئێران کران واتە خوراسانی ئێستا. هەروەها لەم دەورانەدا بوو کە مەزهەبی شیعە بە مەزهەبی رەسمی کۆمەڵگەی ئێران ناسراو، تائیستاش ئەم گوشارە ئایینی‌و سیاسییە لە ئێران هەر درێژەی هەیە.

یەک لەو ناوچانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بە هۆی سیاسەتی کۆنالیزمی شاراوە (استعمار مخفی) دەسەڵاتدارنی ئێران، زیاتر لە ناوچەکانی دیکە کەوتە بەر زیانی زمانی‌وفەرهەنگی، دووپارێزگای گرنگ‌وگەورەی کرماشان‌و ئیلام بوو، کە ئەویش هۆکاری خۆی هەیە لێرەدا بە کورتی ئاماژەی پێدەکەین.

حاکمییەتی سیاسی ئێران لەمێژە هەوڵیان داوە کە هۆویەت‌وپێناسەی نەتەوەیی کورد لەئیران تووشی قەیران بکەن و، لەو رێگەوە باشتر بتوانن بەسەریاندا حکوومەت بکەن‌و رێگە لە بەرز بوونی هەرچەشنە دەنگی مافخوازانەی گەلی کورد لە ئێران بگرن. دەیانزانی یەکەم هۆکاری سەرەکیی بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی پێکەوە گرێ بدات‌و ببێتە هۆی یەکیەتی‌و هاودەنگی بۆ ویست‌وداکۆکی لەسەر مافی نەتەوەیی ئەوان،فاکتەری زمان‌وفەرهەنگی هاوبەشە. ئەمە لەلایک‌و لە لایەکیتریش هەلومەرجی (ژئوپولوتیک)ی کرماشان‌و ئیلام چ لە باری ریژەی جەماوەرو چ لە باری ئابووری‌وفەرهەنگی بۆ حاکمییەتی تئوکرات‌و دیکتاتۆری ئێران جێگای هەرەشەو مەترسیی بووە، هەر بۆیە تەواوی هەوڵی خۆیان لە باری سیاسی‌وفەرهەنگی‌و ئایینیەوە خستووتە گەڕ کە بتوانن پێناسەی کوردستانی کرماشان‌و ئیلام بسڕنەوە، ئەم مکانیزمە سیاسییە دەتوانین بڵێین بە شێوەی رەسمی‌و ڕاشکاوانە لە سەردەمی بەسەر کار هاتنی «رەزاشای پەهلەوی» دەستی پێکرد.

رەزاشای پەهلەوی(١٣٢٣/١٢٥٦)دوای هاتنەسەرکاری بە مەبەستی بینا کردنی ئێرانی نوێ، دەستی دایە هێندێک ئاڵۆگۆری سیاسی‌وفەرهەنگی، بۆ نموونە دوای داخستنی رۆژنامەکانی سەربەخۆو هەروەها ئەحزابی سیاسی، دەهەویست وڵات بەشیوەی حیزبی فاشیستی «بنیتو مۆسۆلینی لە ئیتالیاو هەروەها «ئاتاتورک لە تورکیا، بە سڕینەوەی فەرهەنگ‌وکلتووری جیاجیا لە جوغرافیای ئێران، یەک فەرهەنگ‌و یەک زمان بکاتە زمان‌وفەرهەنگی رەسمی ئێران. ئەگەرچی تا ئەوکات ناوی ئێران بەم جۆرە کە ئێستا هەیە هێشتا نەهاتبووە نێو ئەدەبیاتی سیاسی جیهانەوە، بەڵکوو لە دوایین ساڵەکانی دەسەڵاتی (قاجار)ە، ناوی «پرشیا»یان بە سەرداناو هەتا لە ساڵی (١٣١٤) رەزا خان ناوی (ایران)ی لەسەردانا.

رەزا خان بۆ بەدی هێنانی ئێرانی یەک دەست‌و تازە پێگەیشتوو، بۆ بەهێز کردنی زمانی فارسی دەستی دایە سڕینەوەی زمان‌و زاراوەکانی دیکەی ئێران، بەتاییەت زمانی نەتەوەکانی دیکە وەکوو کورد و تورک‌و .... بۆ نموونە سووکایەتی کردن بە زمان‌وفەرهەنگی تورک‌و قەدەغە کردنی چاپەمەنی کوردی‌و تێکۆشان بۆ دوور خستنەوەی ناوچەکانی کرماشان‌و ئیلام لە فەرهەنگ‌و زمانی کوردی‌و پەرەپێدان بەم بیرۆکە کە هەموو نەتەوەکانی ئێران دەبێ لە خزمەتی ئێران دا بن‌و زمان‌وفەرهەنگی فارسی باڵاترین زمان‌وفەرهەنگە، هەروەها بە داسپاردنی قەڵەم بەدەستی «دربار»ی کە لەم بارە کتێب وتار بنووسن‌و ریشەی رەگەزیی کورد پاشکۆیەک لە رەگەزی فارس ناوزەد بکەن. ویستیان بە کەتمان کردنی مێژووی کورد، زەبر لە نەتەوەی کورد لە ئێران بدەن بەتاییەت دوو پارێزگەی دەوڵەمەندو لەمێژینەی کرماشان‌و ئیلام.

دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئەم پرۆسە بەشێوەیکی‌تر بەهێز کرا ئەویش کەڵک وەرگرتن لە فاکتەری ئایین‌ومەزەهەبی شیعە! ئەرگەرچی ناوچەی کرماشان جێگەی دەیان ئایین‌و ئایین‌زای جۆربەجۆرە بەڵام زۆرینەی خەڵکی کرماشان‌و ئیلام سەر بە مەزهەبی شیعەن. چەمکی مەزهەب‌وگەشەدان‌و پیلان داڕشتن بۆ سازکردنی ناکۆکی لە نێوان شێعەو سوننی‌و سازکردنی زاراوەیەکی ساختە بەناوی»فارسی کرماشانی» لەو هەوڵانە بوو کە رێگە لە کوردبوون‌و هەستی نەتەوایەتی ئەم ناوچە بگرن. چۆن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەچەشنی دەسەڵاتی «پەهلەوی» ئاگاداری ئەم مەسەلە بوو،کە ئەگەر سڕینەوەی فیزیکی کوردەکانی کرماشان ئیمکانی نیە، دەتوانن لە رێگەی زمان وفەرهەنگەوە بە تەواوی ئاسمیلەیان بکەن.

دەسەڵاتدارانی دژە کوردو نەتەوەکانی دیکە لە ئێران هەر لە بنەماڵەی پەهلەوی هەتا کۆماری ئیسلامی تاڕادەیەک دەتوانین بڵێین لە بارەوە سەرکەوتوو بوون، توانیویان بۆ ماوەیەک هەستی نەتەوەیی‌و زمان‌وفەرهەنگی کورد پەرواێز بخرێ، بەڵام چەمکی زمان‌و شوناسی نەتەوەیی لە هیچ شوێنێک لە دونیا بەئاسانی ناسرێتەوە هەر بۆیە دارە پیرەی ئەنجن ئەنجن کراوی زمانی کوردی بە هەوڵ‌و تێکۆشانی دەیان‌و سەدان نووسەرو قەڵەم بەدەستی دەروەست‌و دڵسۆز بەرە بەرە گەشایەوەو چرۆی تازەی دەرکرد، ئەم گەشانەوە بەتاییەت لەم ساڵانەی دایی‌دا لە ناوچەی کرماشان‌و ئیلام جوانترو باشتر دەرکەوت.

زاراوەی شیرین‌و دێرینی «کەلهوڕی»کە یەکێک لە زاراوە سەرەکییەکانی زمانی کوردییە و زۆرینەی خەڵکی کرماشان‌و ئیلام بەم زاراوە ئاخاڤتن دەکەن. هێندێک لە زماناسان ئەوەی کە پێی دەگوترێ فارسی قەدیم یان (فارسی پهلوی) بنچینەکەی لە زاراوەی کەلهووری دەزانن.

بەو هۆکارە سیاسی‌و حکومەتییەی کە باسمان کرد ئەگەرچی بۆ ساڵانی زۆر رێگر بوون لەسەر گەشەی ئەدەب‌وفەرهەنگی کوردی لەم بەشە لە کوردستان. بەڵام بە هۆی هەبوونی فۆلکلۆرێکی زێرین‌و دەوڵەمەند لە م ناوچانەو هەروەها سەرهەڵدانی شۆرشی زمانی‌وفەرهەنگی لە رۆژهەڵاتی کوردستان زۆری نەخایاند کە بە باشترین شێوە ئەم زاراوە لە قەبارەی ئەدەبیات و شێعروچیرۆک زیندوو کرایەوە و رۆژلەدوای رۆژ لە گەشەکردن دایەو بە کردەوە پیلانی دەیان‌وسەدان ساڵەی نەیارانی کورد شکستی هێناوە.

ئاسەواروچاپەمەنی کوردی بە دوو دەورە پۆلین بەندی کراوە؛

سالانی پیش لە دەهەی ۷۰

ساڵانی دوای دەهەی ۷۰ مەبەست (۱۳۷۰)

پێش لەدەیەی حەفتا، ئەگەرچی رێژەی ئەدەبی کوردی کرماشان و ئیلام لە ئاستێکی نزم دا بوو بەڵام ناکرێ هەوڵ‌و تێکۆشانی داهێنەرانی ئەم بزاڤە ئەدەبییە لەبەرچاو نەگیرێ. کەسانێک وەکوو(شاکەو خان مەنسوور)کە داهێنەرانی شێعری کوردی ئیلامن، (سەید ساڵح و سەید یاقوب ماهیدەشتی و نەقی خانی ئازادو «تەرکەمیر»و کەیخەسرەو پرواره و «شامی کرماشانی»و..

شاعیرانی ناسراوی دەورەی یەکەم کە بەکەڵک وەرگرتن لە ئەدەبی خۆماڵی(فۆلکلۆر) ئەدەبیاتی نووسراوەیی ناوچەی کەلهووریان زیندوو کردەوە کەسانێک وەکوو (تمکین، پەرتەوکرماشانی،فەرشید یوسفی، ئەحمەد عەزیزی، پەرویز بەنەفشی،کەرەم رەزا کەرەمی و دەیان کەسی دیکە کە ئەگەرچی ئەزموونی فارسی نووسینیان زیاترە، بەڵام لە کاتی خۆی خزمەتی زۆریان بە ئەدەبیاتی کوردی لەو بەشە لە کوردستان کرد.

بەڵام دەورەی دووهەم کە بە بزاڤی هزریی و نوێخوازی ئەدەبیاتی کەلهووری مەشهوورە دەتوانین بڵێن لە شاری گیلانی غەرب سەر بە پارێزگای کرماشان سەری هەڵدا. بە هەوڵ‌و تێکۆشانی شاعیران‌و نووسەرانی ئەنجومەنی قەڵەم‌وهەروەها ئەنجومەنی ئەدەبی سروە لە شاری ئیسلام ئاباد(شاباد). لەم دوو ئەنجومەنە شاعیرو نووسەرانێکی دڵسۆز و دەروەست وەکوو جەلیل ئاهەنگەرنیژاد، رەزا مەوزونی، سەعید عیبادەتیان، عەلی سەهامی، عەلیرەزا یاقووبی، مەهوەش سولیمانپوور..) بە شیوەی جیدی‌و ئەمرۆیی ئەدەبیات‌و شێعری کەلهووریان دەوڵەمەند کردەوە، ئێستاکە رێژەی چاپەمەنی کوردی لەو دووپارێزگە بە نیسبەت ناوچەکانی کوردستان دەتوانین بڵێین زیاتر و رەنگامەترە ئەمەش نیشانەی سەرکەوتنی بزاڤی زمان وفەرهەنگی کوردییە،کە سەلماندی لە هیچ بەربەست و پیلانی سیاسی سڵ ناکاتەوە. زمانی دایکی مافی رەوای هەر گەلێکەو نەتەوەی کوردیش لەم مافە نابێت بێ بەش بکرێت ئەگەرچی زۆر هەوڵی ئەوەیان دا کە لە ناوی بەرن، بەڵام بە تێکۆشان و ئیرادەی کۆمەڵگەی فەرهەنگی کوردستان ئەم هەوڵانە پووچەڵ کران و زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەتەنیا لە ناو نەچووە بەڵکوو سنوورەکانیشی بەزاند. بەڵام دەبێ هەردەم ئامادەی پاڕاستنی بین و بە پشت بەستن بەم خاڵە هاوبەش و بەهێزە، جیاوازی زارەکیی و جۆراوجۆری زمانی رێگەر نەبێ و بەڵکوو ببێتە گرێدەر بۆ هاوهەڵویستیان بەرانبەر بە هەرچەشنە پیلانی سیاسی‌وفەرهەنگی دژی کورد، وەکوو هەڵویستی ئەم دواییانەی فەرهەنگستانی زمانی فارسی لەسەر زمانی نەتەوەکانی دیکە لەئێران.

پەرتەوی کرماشانی دەڵێ؛
م کرماشانی و تو کورد بانە
لەیەک دووریمو ، دووری دەردمانە
م لە بان «پەراو»، تو «ئاربابا»
ئرای یەک ئاگرێ هەڵکەین شەوانە.

................

ژێدەر: نەرمە واران /جەلیل ئاهەنگەرنیژاد/ سایت بلوط../تاریخچەی پهلوی




هەڵچینی

# زمانی کاک ناسیاسەتی لای خۆمان



مستەفا شێخە

سیاسەت چەندی بۆ تێکەی دەیخوات. لە وڵاتانی دووردوور، مەبەستم لە دوور دوور، زۆر دوورە. یانی بە مەودایەکی ئەوەندە دوور کە مانا و مەفهوومەکان لێرەوە بۆ ئەوێ گۆڕانیان بەسەر دادێت. هەر گۆڕان نا، جاری وایە پێچەوانەی یەکتر دەبن و بە ڕیشی یەکتریش پێدەکەنن.

باسی سیاسەتم کرد. لەوێ، واتە لە وڵاتانی زۆر دوور، سیاسەت بۆی نییە بە قەرایی زارجووە بنێشتێک لە بەشی خۆی زیاتر بخوات. ئەوە لای خۆمانە سیاسەت چەندی بۆی تێبکەی دەیخوات. دەڵێن لەو شوێنە دوور دوورانە، سیاسەت ئەوەندە دەم‌لەپێش نیە و خۆی بە هەمووماڵێک داناکات و لە هەموو شوێنێک سینگی ڕەپێش ناخات و بە ریشی هەموو کەس پێناکەنێت. دەڵێن لەوێ سیاسەت تەنیا بۆی هەیە ئاموشۆی چەند کەسێک بکات و کەینە و بەینەی لەگەڵ چەند کەسێکی دەستنیشان کراوە.

بەڵام لای خۆمان ئەم سیاسەتە ئەوەندە خۆی بێتام کردووە، لەسەرمان بووە بە کەڵکەگا و یەخەی هەموو کەس دەگرێت. لە سەر فەرمانی تاکسی دادنیشێت و ڕوو بە دانیشتووانی نێو تاکسیەکە هەردوو لینگی بە ناو لینگی شۆفیردا شۆڕ دەکاتەوە. هێندێک جار پێش چاویشی دەگرێت و تووشی ڕووداوی ناخۆشی دەکات.

کاک نا سیاسەت، لە کۆڵ منداڵە گەداکانی سەر چوارڕێیانەکانیش نابێتەوە و وەک شۆڤار و دووزمان بەگژ یەکتریان دادەکات. سەریان لێ دەشێوێنێت. زۆر جار چرا سووری بەردەمیان سەوز دەبێت و ئەم منداڵە سواڵکەرانە هەروا شەڕیانە و فریا ناکەون بەڕیزی ماشێنە مۆدێل بەرزەکان‌دا دەستیان پان بکەنەوە. لێرەدایە رەنگە ئەم سیاسەتە چاو برسیەی لای خۆمان لەگەڵ شۆفیری ماشێنە مۆدێل بەرزەکانیش‌دا کەینە و بەینەی هەبێت و منداڵە سواڵکەرەکان بەگژ یەکتردا بکات و نەهێڵێت لەبەردەمیان دەست پان بکەنەوە و بە جلە شڕەکانیانەوە منداڵە کۆک و پۆشتەکانیان لەناو قایشی دڵنیایی ناو ماشێنە مودێل بەرزەکان‌دا بترسێنن.

دیسان بۆ ئەوەی بە زمانەوە پێوە نەبم، دەبێ داوای لێبووردن لە ئەو ژنە بەڕێزانە بکەم کە سیاسەت خەریکیانە. دەبێ بمبوورن گوتم کاک سیاست و نەمگوت سیاسەت خانم یان سیاسەت خان. دیارە یەکێک لە هۆکارەکان ئەوەیە هێشتا لە نێوان خانمی رۆژهەڵاتی و خانی باشووری کوردستان‌دا ساغ نەبوومەتەوە کامەیان هەڵبژێرم. بەین و بەینەڵڵا خۆم هەردوویانم بەدڵە، بەڵام لە زمانەوانان دەترسم. هۆکاری سەرەکی ناوهێنانی سیاسەت بە کاک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، لای خۆمان سیاسەت وێڕای تەیاربوون بە زانین و فرت و فێڵ و شتی دیکە، پێویستە شان و باهۆی بەهێزیشی هەبێت و دیارە پیاوانیش لە ژنان بە شان و باهۆترن و تاقەتیان زیاترە.

سیاسەت لەسەر چوار رێیانەکانی پایتەختی هەرێمی کوردستان، منداڵە سواڵکەرە کەرکووکی و عەفرینی و رۆژهەڵاتییەکان بە گژ یەک دادەکات و ناهێڵێ دەست لەبەر ماشێنە مۆدێل بەرزەکان پان بکەنەوە. بەوەشەوە ناوەستێت لەو لاوە باس و چەلەحانێی جەماعەتی ناو ماشینە درع و دژە گوللەکانیش گەرمتر دەکات. سیاست شۆفیری بەرپرسەکان لە هەموو کەس زیاتر بێزار دەکات. ئەم شۆفیرانە دەترسن بە هۆی ئەو فشارەی سیاسەت بۆ بەرپرسە سیاسییەکانی دێنێت، ناچار بن لە کاتی سووربوونی چرای سەر چوار ڕێیانەکان‌دا خۆیان نەوەستن و خوای نەخواستە تووشی ڕووداوی هاتووچۆی سیاسی ببن. ئەگەر لە ڕۆداوێکی لەمجۆرەدا کەسێکی بەرپرسی سیاسی گیان لە دەست بدات، ئەوە ناچار کەسانی سیاسی بە بەرپرس و شۆفیر تاکسیەکانیشەوە لە مزگەوت کۆ دەبنەوە و خەریکی درێژتر کردنی لینگی کەسە بەرپرسە مردووەکە دەبن. منداڵە سواڵکەرەکانیش ئەگەر سیاسەت لێیانگەڕێ و شوێنی پرسە پێبزانن لەبەر دەرگای ژووری پرسەکەدا، بە گەرم کردنی باس و چەلەحانێی سیاسییەوە خەریکی سواڵکردنی خۆیان دەبن.

لەم سەروبەندەدا ئەوانەی پێویستە لە هەموو کەس زیاتر وشیار بن و ئاگاداری خۆیان بن، شۆفیری بەرپرسە باڵا حیزبیەکانن. ئەم شۆفیرانە پێویستە لە هەڵبژاردنی گۆرانی بۆ ناو ئۆتومبێلەکانیان زۆر وشیار بن. هێندێک گۆرانی لە هەلومەرجی جیاوازدا دەبێ هوشیارانە بڵاو بکرێنەوە. دیارە گوێ دان بە دەنگی گۆرانیبێژانیش دەستی کاک ناسیاسەتی تێدایە. بۆ وێنە لەم سەروبەندەدا ئەم گۆرانیە بە تایبەت لە ناو ئۆتۆمبێل‌دا زۆر بەدڵی بەرپرسانی تێکۆشەری حیزبەکانی هیچکام لە پارچەکانی کوردستانی خۆمان نییە کە دەڵێ:

بەینۆ بەینۆ بەینۆ
هاوین کەپرێ دەکەینۆ
زستان تێکی دەدینۆ.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 625 4 feb 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

# بەرامبەر بێڕێزی بە زمانەکەتان بێدەنگ مەبن!



قادر وریا

گەورەترین بەڵێنی حەسەن ڕۆحانی بە نەتەوە نافارسەکانی ئێران، کەمکردنەوەی ئەو ستەمو هەڵاواردنە نەتەوەییانە بوو کە لە بوارەکانی زمانو کولتوور وئایین و بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانی خۆیان دا، لێیان دەکرێ. حەسەن ڕۆحانی، بە ئاگاداری لە ڕەگو ڕیشەی قووڵی ویستو داخوازە نەتەوەییەکان لە نێو نەتەوە نافارسەکانی ئێران‌داو، پشت ئەستوور بە دەستوور(یاسای بنەڕەتی)ی ئێران، کە دەلاقەیەکی بچووکی بۆ ئاوڕدانەوە لە «زبانهای محلی و قومیتهای ایران» (زمانە خۆجێیەکانو قەومیەتەکانی ئێران)! هێشتۆتەوە، لە کاتی ململانێی هەڵبژاردنی سەرکۆماری، کۆمەڵێک وادەو بەڵێنی بە داواکارانو تینوانی مافە نەتەوەییەکان دا.

بە سەرنجدان بە ناوەرۆکی کۆماری ئیسلامیو پێکهاتەو سروشتی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامی‌دا، کەس چاوەڕوانی موعجیزە لە سەرکۆماری نوێ نەبوو. بەڵام شیمانەی ئەوە دەکرا وەک وەفایەک بۆ ئەو دەنگە زۆرانەی کە ئەم سەرکۆمارە لە نێو نەتەوە نافارسەکان‌دا پێی دراو هەروەها بۆ ڕاکێشانی ڕەزامەندیو پشتیوانیی ئەوان، هەر لە ڕێگەی پەنابردن بۆ ئەو ئەسلو ماددانەی دەستووری وڵات، کە پێوەندییان بەو جۆرە مافانەوە هەیە، چاوخشاندنەوەیەک بە هەڵاواردنە نەتەوەییو زمانییەکان، ڕوو بدا. بەڵام ئەوەی لە دوای هاتنە سەرکاری ڕوحانی لەم پیوەندییە دا دیتوومانە، بە تایبەتی لێدوانی فەرهەنگستانی زمانی فارسی، دەری دەخا ئەم قوڕە، تۆزی لێ هەڵناستێو جلەوبەدەستانی ئەم ڕێژیمە نیازی ئەوەیان نییە ئاوڕ لە زمانو مافە نەتەوەییەکانی هاونیشتمانە نافارسەکانیان بدەنەوە و هەر لە سەر هەمان سیاسەتی پێشوویان دەڕۆن.

ناهومێدی لە وەدینەهاتنی چاوەڕوانییە پەنگخواردووەکانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران، وەدەنگهاتنی دەمارگرژانەی دەمراستەکانی فەرهەنگستانی زمانی فارسیو داکۆکییان لە زمانی فارسی لە سەر حیسابی قوربانیکردنی زمانی نەتەوە بندەستەکانی وڵات، ئەویش لە سەروبەندی نزیک بوونەوە لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک‌دا، دەبێ هاندەری هەموو داواکارانو داکۆکیکەرانی مافە نەتەوەییو ئینسانییەکانی نەتەوە نافارسەکانی ئێران لە دەرەوەو ژووری وڵات بێ بۆ هاتنەمەیدانو وەدەنگ هاتن. بۆ ئەوەی ئەمساڵ بە حەرەکەتیکی گشتیو سەرانسەری بە پێشوازی ٢١ی فێوریە، ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، بچین.

با نارەزایەتییەکانمان، هیزو تواناکانمان، پێشنیارو ئیدە و بیرۆکەکانمان، تێکەڵی یەک بکەین. با لە ئیستاوە، هەڵمەتێکی گشتگیر لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، میدیاکانی داکۆکیکارو پستیوانی ماف و ئازادییە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی نەتەوەکانی ئێران، چالاکانی کولتووریو مەدەنی و سیاسی، وەڕێ بخەین بۆ ئەوەی ئەمساڵ لە هەموو ساڵێک ڕاشکاوتر بە دەسەلاتدارانی ڕێژیمی هەڵاواردن و ستەم و سەرکوت بڵێن چی دیکە بێڕێزی بە زمانەکەمان و سەرکوتی مافە نەتەوەییەکانمان قبووڵ ناکەین.

.................................................................

# لە مەریوان ڕێز لە محەممەدعەلی محەممەدیان گیرا





لە ڕێورەسمێکی تایبەتدا کە لە گوندی «نێ» ی ناوچەی مەریوان، بەڕێوە چوو، ڕێز لە مامۆستای قوتابخانە، محەممەد عەلی محەممەدیان گیرا کە ماوەیەک لەوە پێش بۆ دڵنەوایی ماهان، یەکێک لە قوتابییەکانی کە نەخۆشە و مووی سەری نەماوە، سەری خۆی تاشی.

ئەو کارەی محەممەد عەلی محەممەدیان بۆ تاشینی سەری کە دوایە هاودڵیی قوتابییەکانی دیکەو سەرتاشینی هەموویانی بەدوادا هات، لە ئاستی دنیادا دەنگدانەوەی باشی بووەو هەموو لایەک بە بایەخەوە لەو هەوڵە ئینسانییەی محەممەد عەلی محەممەدیان ڕوانیوە، هەر لە درێژەی ئەو بە بایەخ زانینەدا ڕۆژی هەینی، ١١ی ڕێبەندان لە گوندی «نێ» ی ناوچەی مەریوانو بەبەشداریی بەرچاوی خەڵکی ئەو ئاواییەو لە ڕیورەسمک دا، ڕێز لە مامۆستا محەممەد عەلی محەممەدیان گیرا.

لەو ڕێورەسمەدا خەڵکی گوندی نێ بە پێشکەشکردنی چەپکە گوڵو لەوحی ڕێزلێنان سپاسو ئەمەکناسی خۆیان بۆ مامۆستا محەممەد عەلی محەممەدییان دەربڕی.

# ئەو کچەی بەهۆی هەڵەیەکی پزیشکییەوە چاوەکانی لەدەستدا




شۆخان ئەو کچە ٦ ساڵە کوردەی کە بە هۆی هەڵەیەکی پزیشکییەوە چاوەکانی لەدەستداو بێبەش کرا لە دنیای ڕەنگاورەنگی منداڵیی. ئێستا جگە لە تاریکستانێک هیچ ڕەنگێکی دیکەی لە ژیانی‌دا بۆ نەماوەتەوە.

شۆخان تەنیا ٤ ساڵ دنیای بەچاوەکانی گەشەکانی بینی. تەمەنی ٤ ساڵە بوو کە چاوەکانی لەدەست داو ڕەنگەئاڵاو واڵاکان لای ئەو کۆچیان کرد و بەشی ئەو لە جیاتی یاری و شادی و قوتابخانە، بوو بە هاتوچۆ لای دوکتورو ژێر تیغی عەمەلی جەرراحی و .....

عەباس براخاسی باوکی شۆخان خەڵکی دیواندەرە لە ڕۆژنامەی «قانون» ڕایگەیاندوە کە ساڵی ١٣٩٠ شۆخان سەرماخوردەگی گرت و بردمانە دەمانخانەی شاری دیواندەرە. دوکتور دوای پشکنین دەرزی ئامپسلینی بۆ نووسی. دەرمانەکەم هەر لە دەرمانخانەی نەخۆشخانەکە بۆ کڕی و هەر لەوێ دەرزییەکەیان لێ‌دا. دوای چەند ڕۆژ شۆخان هەموو جەستەی بلۆقی کرد و نینۆکەکانی هەڵوەرین.

ئێستا دوکتورەکانی کە کار لەسەر پەروەندەی ئەم منداڵە دەکەن دەڵێن بەرنامەیەکی درێژخایەنی ٥ ساڵەی دەوێ بۆ چارەسەری چاوەکانی، بەڵام بەوحالەش زۆر هیوادار نین بە چاکبوونەوەی . دوکتور و دەرمان بۆ چارەسەری چاوکانی شۆخان هەزینەیەکی ماددی زۆری دەوێ کە لە توانای بنەماڵەکەی‌دا نیە. دەوڵەتی ئێرانیش تائێستا هاوکارییەکانیان تەنیا لە قەوڵ و بڵێن‌دا بووە و هیچی دیکە.

# بەشداریی ٩ فلیمی کوردی لە فیستیڤاڵی فیلمی ترۆمسۆی نۆرویژ




فیستیڤاڵی فیلمی ترۆمسۆی نۆرویژ بەشێکی بۆ سینەمای کوردستان تەرخان کرد

نۆ فیلم لە دەرهێنانی سینەماکارانی کوردو بیانی لە بەشێکدا بە ناونیشانی «سینەمای کوردستان» لە میانەی بیستو چوارەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ترۆمسۆی نۆرویژدا پیشان دران.

بە ئامادەبوونی عەباس غەزالی، نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری سینەمایی و هەندێک لە سینەماکارانی کورد، نۆ فیلم لە دەرهێنانی سینەماکارانی کوردو بیانی لە بەشێکدا بە ناونیشانی «سینەمای کوردستان» لە میانەی بیستو چوارەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ترۆمسۆی نۆرویژدا پیشان دران.

فیلمی سینەمایی «یۆڵ» لە دەرهێنانی یەڵماز گۆنای، فیلمی سینەمایی «کاتێک بۆ مەستی ئەسپەکان» لە دەرهێنانی بەهمەن قوبادی، فیلمی سینەمایی «تاڵ، شیرین، وڵاتەکەم « لە دەرهێنانی هونەر سەلیم، فیلمی سینەمایی «پەڕینەوە لە غوبار» لە دەرهێنانی شەوکەت ئەمین کورکی، فیلمی دیکۆمێنتاری «دایکانی من» لە دەرهێنانی هاوبەشی ئیبراهیم سەعیدیو زەهاوی سنجاوی، فیلمی سینەمایی «جوانی تۆ هیچ بایەخێکی نیە» لە دەرهێنانی حوسێن تەباک و فیلمی سینەمایی «دوایین زستان» لە دەرهێنانی ساڵم سەڵەواتی بەشێک لەو فیلمانەن کە لەو فستیڤاڵەدا پیشان دراون.

هەروەها فیلمی سینەمایی «هەزار و یەک سێو» لە دەرهێنانی سینەماکاری کۆچکردووی کورد تەها کەریمی لە بەشی پێشبڕکێی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی ترۆمسۆدا پیشان دراو چوار قوتابی کورد لە ڤۆرکشۆپی فێرکاری ئەم فیستیڤاڵەدا بەشدارییان کردو خولێکی فیربوونی سینەمایان بە سەرکەوتوویی تەواو کرد.

شایانی باسە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «ترۆمسۆ» بە بەشداری بەرهەمی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان لە چەندین بەشی جۆراوجۆری وەک بەشی پێشبڕکێی سەرەکی، بەشی «ڕوانین بۆ ڕابردوو» تایبەت بە دیکۆمێنتسازی، بەشی «سینەمای کوردستان»، بەشی «زستانیی سینەما»، بەشی «هەڵبژاردەی ڕخنەگرانو بەشی ڤۆرکشۆپی فیرکاری هونەری سینەما لە شاری ترۆمسۆ لە وڵاتی نۆڕویژ بەڕێوەچوو.